# پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

---

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

**ناوی کتێب: چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی**
**بابەت: توێژینەوەی ئابوری**
**ناوی نووسەر: ئادیتیا ماتۆ ئارڤیند سوبرامانیان**
**وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر**
**هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: چاپخانەی دلێر**
**تیراژ: 1000 دانە**
**ساڵی چاپ: 2016**
**نرخ: 3000 دینار**
**شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1045)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (112)

# چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی

ئادیتیا ماتۆ
ئارڤیند سوبرامانیان

وەرگێڕانی
بابان ئەنوەر

# پێڕست


پوختە.................................................................................9
پێشەکی..............................................................................11
وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی.................................13
دەرکەوتنی بازرگانیی چینی ئێستاو.............................................17
هەژموونی داهاتوو.................................................................29
هەژموونی ئابوری لە داهاتوودا چی دەگەیەنێت؟.........................33
هەژموونی چاوەڕوانکراو..........................................................59
چەند سەرنجێکی کۆتایی.........................................................83
سەرچاوەکان.........................................................................90
پەراوێزەکان.........................................................................93

# پرۆژەی
# توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

روداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە رودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر.

له ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نـەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەکەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانـە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکـات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی

سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکی ماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بـەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرە نامیلکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کـوردە بەو روداوانــەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو ڕووداوەکان فۆڕمی گڵۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرە نامیلکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

**پوختە**

هەتاوەکو ئەم دواییەش هێشتا ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO) بریتییە لە چوارچێوەیەکی کارکردنی هەرەوەزیی چالاک؛ لەبەرئەوەی توانیویەتی بەردەوام لەگەڵ واقیعە ئابوورییە گۆڕاوەکاندا خۆی بگونجێنێت. ”ئەجێندای دەوحە” بۆ (گەشەپێدان) لادانێک بوو لەسەر ئەم ڕێڕەوە؛ لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی یەکێک لە گرنگترین وەرچەرخانەکانی سیستەمی بازرگانی و ئابووریی جیهان نەبوو، کە بریتییە لە هەڵکشان و دەرکەوتنی چین. سەرەڕای ئەوەی چین گرنگیدەدات بە بەردەوامبوونی کرانەوەی ئابووری، بەڵام دەستپێشخەرییەک پێویستە بۆئەوەی ئەجێندای دەوحە - بەدووبارە داڕشتنەوەوە- هەنگاوەکانی چین بۆ بەتەواوی هاتنەنێو سیستەمی بازرگانیی فرەلایەن تەواوبکات. پێویستە دەستپێشخەرییەکی لەمجۆرە لەسەر دوو پایە دامەزرابێت: یەکەم، ئەجێندایەکی راوێژکاریی نوێ کە ئەو پرسە سەرەکییانە لەخۆبگرێت کە جێیبایەخی چین و هاوبەشە بازرگانییەکانییەتی، پاشان دەستکراوەیی بێتەئاراوە لەو میکانیزمە ئاڵوگۆڕکارییە ئازادانەی کە لە ڕابردوودا ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی بەرەو سەرکەوتنی بەرچاو بردبوو. دووەم، سەپاندنی کۆتوبەندی نوێ بەسەر رێککەوتننامە دووقۆڵیی و هەرێمییەکاندا، ئەمەش بە ئامانجی پارێزگاریی لە پاڵنەرەکانی بەردەوامیی ئەم سیستەمە بازرگانییەی ئێستا، کە تاڕادەیەکی زۆر دوورە لە جیاکارییەوە.

## پێشەکی: کێشمەکێش

«خولی دەوحە« بۆ دانوستانە بازرگانییەکان لەچوارچێوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا گەیشتۆتە کۆتاییەکانی خۆی، لەئێستادا لەژێر ئامێری بووژانەوەی دەستکرددا دەژی، هەوڵەکانیش بۆ زیندووکردنەوەی ساردوسڕ و لاوازن. پێدەچێت چوارچێوەی کارکردن بۆ هاریکاریی بازرگانی فرەلایەن کە لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا دارێژراوەتەوە، ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەناوچوون بوبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، دوورنییە بەو ئەنجامە کۆتایی پێبێت.

یەکێک لەو لایەنە باشانەی سیستەمی بازرگانیی فرەلایەن –کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕێککەوتننامەی گات (GATT)، پاشان ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی- کە وەک پێویست قەدری نەزاندراوە، بریتییە لەوەی کە هەتاوەکو کاتێکی نزیکیش -جیا لە دامودەزگا نێودەوڵەتییەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکان- نمایندەی چوارچێوەیەکی کارکردنی چالاک دەکات بۆ هاریکاریی نێوان لایەنە گرنگەکان. ئەمەش لەڕاستیدا ڕەنگیداوەتەوە لە دروستکردنی بڕیار و ناوەڕۆکی دانوستانەکان و گونجاندی بەردەوامیان لەگەڵ گۆڕانی واقیعی ئابووریدا. لەبەر رۆشنایی ئەمەدا "ئەجێندای دەوحە" بریتییە لە لەڕێلادان، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی یەکێک لە گەورەترین وەرچەرخانە بنەڕەتییەکانی سیستەمی ئابووری و بازرگانیی جیهانی نییە، کە بریتییە لە دەرکەوتنی چین. ئەگەر کاردانەوە و وەڵامدانەوەی دەرکەوتنی چین سەرقاڵییەکی گرنگ بێت بۆ دانوستانە فرەلایەنەکان، دەکرێت چوارچێوە هاریکارییەکەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی ئەکتیڤ بکرێت.

بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی دەکات بۆ بارودۆخە گۆڕاوەکان لە گشت قۆناغێک لە قۆناغەکانی کارکردنی خۆیدا. هاوکات بەشی دووەم یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکان ڕووندەکاتەوە، ئاستەنگێک کە لەلایەن دانوستانەکانی دەوحەوە بەئاشکرا دانی پێدانەنرا، کە ئەویش بریتییە لەو ئاستەنگەی رووبەروی ئەندامانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بۆتەوە لە

گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێک دەربارەی سیاسەتە بازرگانییەکانی تایبەت بە چین، وەک نرخی دراوگۆڕینەوە، کە چاوەڕواندەکرێت ئەو بەربەستانە تیپەڕێنێت، بەڵام بەشێک نەبوو لە "ئەجێندای دەوحە". بەشی سێیەمیش تێڕوانینێکی تێروتەسەلە و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە دوورنییە پشکی چین لە بازرگانیی جیهانیدا لە ماوەی 20 ساڵدا ببێتە دووهێندەی پشکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنانەت لەگەڵ گریمانەکانی خۆگیریی (تحفظ) چین بەرامبەر گەشەکردن و پشتبەستنی بە بازرگانی. بەشی چوارەم ئەوە لەخۆدەگرێت کە چین بەرژەوەندی هەیە لە مانەوەی لەنێو سیستەمی بازرگانی کراوەی فرەلایەندا؛ پاشان ئاسەوارە دانراوەکان لەسەر هەوڵ و کۆششی چین ڕادەوەستن، هەروەک چۆن هێزە باڵادەستەکانی دیکە زۆرکات هەوڵدەدەن بەمەبەستی گۆڕینی هێزی خۆیان بۆ ئیمتیازاتی بازرگانی. بەشی پێنجەمیش باس لە چۆنیەتی ڕەنگڕێژکردنی هاریکاریی نێودەوڵەتیی دەکات بە لەبەرچاوگرتنی پێشبینییەکان بۆ هەژموونی چین. دەبینین ئیدی کاتی دەستپێشخەرییەکە سەبارەت بە دانوستانە بازرگانییە فرەلایەنەکان لەسەر بنەمای "ئەجێندای دەوحە"، لە هەمان کاتیشدا دووبارە پێناسەکردنەوە و داڕشتنەوەی، و کارکردن بۆ جێگیرکردنی دۆخی چین لە سیستەمی بازرگانیی فرەلایەندا. وەها دەستپێشخەرییەک لەسەر دوو پایە دادەمەزرێت: یەکەم، ئەجێندایەکی ڕاوێژکاریی نوێ کە ئەو پرسە سەرەکییانە لەخۆبگرێت کە جێبایەخی چین و هاوبەشە بازرگانییەکانییەتی، پاشان دەستکراوەیی بێتەئاراوە لەو میکانیزمە ئاڵوگۆڕکارییە ئازادانەی کە لە ڕابردوودا ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی بەرەو سەرکەوتنی بەرچاو بردبوو. هەروەها پێویستە کە چین بەشدارێکی چالاکی دەوڵەمەندکردنی ئەو ئەجێندایە بێت، نەوەک بەتەنها ئەجێنداکە لەسەر چین چڕبکرێتەوە. پایەی دووەم، سەپاندنی کۆتوبەندی نوێی پەیوەست بە ڕێککەوتننامە دووقۆڵیی و هەرێمییەکان، کە لەتوانایدایە ببێتە یارمەتیدەری بەردەوامبوونی پاڵنەرەکان -لەپێناو پارێزگاریکردن لە سیستەمێکی دوور لە جیاکاریی، کە لە ئێستادا لەسەر بازنەیەکی فراوان جێبەجێدەبێت.

## 1
## وەڵامدانەوەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە جێرهوتی مێژووییدا

بە روانین بۆ ڕابردوو، چوار قۆناغی گەشەسەندی ناوازە دەبینین لە وەڵامدانەوەکانی «گات» یاخود «رێکخراوی بازرگانیی جیهانی» بۆ بارودۆخە گۆڕاوەکان پاش دامەزراندنی لەساڵی 1945[1]، یەکەم، لەخۆگرتنی هەوڵە ئەوروپییەکان بەئامانجی تەواوکاریی (integration)، پاشان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هەستا بە پاڵپشتیی ئەمە، بەوپێیەی درکی بە پێویستییە سیاسییەکانی تەواوکاریی کردبوو لەنێو ئەوروپادا. بەڵام، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەستی بە کاریگەرییە تایبەتییەکانی تەواوکاریی ئەوروپا کرد، و لەپێناو کەمکردنەوە و سوککردنی ئەم کاریگەرییانە، خێرا پەنای بردەبەر دابەزاندن و کەمکردنەوەی رەسمە گومرگییەکانی (Tariffs) تایبەت بە "دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا (Most Favoured Nation tariff)" [ئەو دەوڵەتەی زیاتر چاودێریی دەکرێت، الدولة الأولى بالرعاية]، ئەمەش لە چوارچێوەی خولە جیاجیاکانی دانوستانەکانی بازرگانیی فرەلایەندا. سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (جۆن کەنەدی) لە نامەیەکی تایبەتیدا بۆ کۆنگرێس داوای پالپشتییان لێدەکات لەپێناو ئەو خولە ناوبراوە، شایەتی لەسەر ئەوە دەدات کە تەواوکاریی ئەوروپی لە سەرەوەی لیستی ئەو هۆکارانەدایە کە پاڵنەربوون بۆ دانوستانەکانی بازرگانیی فرەلایەن.

---

1- (GATT) کورتکراوەی ناوی رێکخراوی (هاوبەندیی گشتیی رەسمی گومرگ و بازرگانی)یە General Agreement on Tariffs and Trade، کە ماوەیەک پێش بەفەرمی دامەزراندنی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی لەنێوان نوێنەرانی زیاد لە 20 دوڵەتدا دامەزرا بە مەبەستی رێکخستنی کاروباری بازرگانیی و گومرگ لەنێوان وڵاتاندا، پاشان ئەم چوارچێوەیە فراوانتر بوو و نوینەرانی نزیکەی 100 وڵات بڕیاریان لەسەر دامەزراندنی ریکخراوی بازرگانی جیهانی دا. (و. کوردی).

دووەم، "خولی تۆکیۆ" لە دانوستانەکانی پەیوەست بە بازرگانی کە ساڵی 1973 دەستیپێکرد، هەوڵێک بوو بۆ دەستکاریکردن و چاوخشاندنەوە -لانی کەم- بە سێ پێشهاتی سەرەکیدا: داڕوخانی سیستەمی بریتۆن ودز (Bretton Woods) بۆ تێکڕای دراوگۆڕینەوەی جێگیر، هەروەها جوڵەی نرخی نەوت، لەگەڵ دەرکەوتنی ژاپۆن وەک هاوبەشێکی بازرگانیی سەرەکی. پێویستیی بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشەی کێبڕکێکارانەی ژاپۆن ڕەنگدانەوەکەی ئەوەبوو کە لە خولی دانوستانەکانی تۆکیۆدا فۆکوس خرایەسەر دانانی ڕێسای کۆمەک و ڕێوشوێنی پاراستنی لەناکاو (contingency protection)[2] لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی داهاتەکاندا.

لەگەڵ خێرابوونی پلانی گەشەپێدان و جیهانگیریی لەماوەی ساڵانی هەشتاکانەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ، ئیدی وڵاتە گەشەسەندووەکان (Developing country) "بچوکەکان" دەستیانکرد بە گەشەکردن، بەوجۆرە بوونە بازاڕێکی کێشکەر بۆ دەوڵەتە پیشەسازییە هەناردەکەرەکان. ئەم پێشهاتە کتوپڕە لە وەرچەرخانی ئابووریی زۆرێک لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا، وەهای کرد زەروریی چاوخشاندنەوە بەو باڵانسەی ڕابردوودا بێتەئاراوە، کە لەژێر سایەیدا وڵاتە گەشەسەندووەکان خرابوونە دەرەوەی پرۆسەی "گات".

سێیەم، لە "خولی ئۆرۆگوای"دا وڵاتانی گەشەسەندووی زیاتر هاتنە نێو ڕێکخراوەکەوە، لەبەرئەوەی بازاڕەکانی ئەم ڕێکخراوە گرنگییەکی پەیداکردبوو، پێویستبوو لەسەری گەلێک زیاتر لەو ئیلتیزامانە هەڵبگرێت کە لە ڕابردوودا وڵاتە پیشەسازییەکان هەڵیانگرتبوو. پاشانیش نزیکییەکی زیاتر هاتەئاراوە لەنێوان ئیلتیزاماتەکانی ئەندامان و لاوازیی ئەو پەیڕەوەی لە ڕابردوودا هەردوو ئاستەکەی لەخۆگرتبوو. ئەوەی ڕوویدا لە هەوڵەکاندا بە مەبەستی هێنانی وڵاتانی گەشەسەندووی زیاتر بۆناو ڕێکخراوەکە -لەمیانەی بەڵێننامەی تاکلایەنەوە- هاوکات بریتیبوو لە هێنانی ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە وڵاتە

2- **کۆمەک و دەستگیرۆیی بۆ نەهێشتنی زیادەبەرهەمیی لە بازاڕدا. (و. عەرەبی).**

بچوک و هەژارەکانیش بۆناو ڕێکخراوەکە، لە فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی "لادان لە بنەما دیموکراتییەکان" کە لە کۆتاییدا گفتوگۆی دەکەین.

کتوپڕ چەند نوێکردنەوەیەک بەسەر ئەجێندا و بازنەی دانوستانەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا هات. سەرەتاکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکان کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بینی کە تایبەتمەندییە ڕێژەییەکەی خۆی لە خاوەندارێتیی فکریی و کەرتی خزمەتگوزارییەکاندا کۆبۆتەوە، ئەمەش پاڵیپێوەنا بە ئاڕاستەی پەسەندکردنی ڕێسای نێودەوڵەتیی نوێ کە لەتوانایدابێت پارێزگاریی لە مافی خاوەندارێتیی فکریی بکات و بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بەڕووی ئەو بەرهەمانەدا بکاتەوە کە بەکارهێنانێکی چڕی خاوەندارێتیی فکری تێدایە (وەک پیشەسازیی دەرمان و پڕۆگرامین و فیلمەکان)، هەروەها خزمەرگوزارییە دارایی و بانکییەکان و خزمەتگوزاریی کۆمۆنیکەیشن.

بەڵام قۆناغی گەشەسەندنی سەرەکیی چوارەمی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی پەیوەستە بە چینەوە: سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەد، کاتێک بەڕوونی دیاربوو کە چین گوزارشتە لە هەلی گەیشتن بە بازاڕێکی زەبەلاح، ئیدی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ ئاسانکردن و کەمکردنەوەی بەربەستە بازرگانییەکانی بەردەم چین. ئەم دەستپێشخەرییە ئەو ڕاستییەی دووپاتکردەوە کە سەرکردایەتیی چینی، یان لانی کەم بەشێکیان لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆکی پێشووتری ئەنجومەنی دەوڵەت (چو رونگجی)، ویستیان ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی وەک ئامرازێک بۆ پاڵپشتیی لە چاکسازییە ناوخۆییەکانی خۆیان و چەسپاندنی هەنگاوەکانی ئەو وڵاتە لەنێو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا بەکاربهێنن. چینیش پەیوەستبوو بەو دەستپێشخەرییەوە، بەوپێیەی دەبێتەهۆی کەمکردنەوەیەکی زۆری بەربەستەکان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکاندا. چین هەر بە تەنها نەبوو، بەڵکو ژمارەیەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان هاتنە نێو ڕێکخراوەکەوە، وەک ڤێتنام، بەهەمان شێوە بەپێی کۆمەڵێک مەرجی توند.

بەم چەشتە سیستەمی بازرگانی، چینی دەرکەوتووی گرتەخۆی. ئایا بەهۆی چینی بەهەژموونەوە ئەم ڕێکخراوە چۆن دەگونجێت و فۆڕمدەگرێت؟ دەبینی سەرەڕای ئەوەی چین گەلێک هۆکاری بەهێزی هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە سیستەمی بازرگانی کراوە، بەڵام هێشتا کارێکی مسۆگەر و پەسەندکراو نییە. جیهان پێویستی بە بەستنەوەی چین هەیە بە سیستەمێکی فرەلایەنەوە، وەک زەمانەتێک دژی ئەگەرێکی لاواز کە چین هەوڵی ئەوە بدات هێزی خۆی بەرەو دەستکەوتی بازرگانی ئاڕاستەبکات.

# 2

## دەرکەوتنی بازرگانیی چین لە ئێستا و کاریگەرییەکانی

دەرکەوتن و ئامادەیی بازرگانیی چین دیاردەیەکی دوور نییە. لە بواری بازرگانی و پیشەسازییدا، لەمڕۆدا بە ئاشکرا چین بۆتە هاوردەکەرێکی گەورە بۆ گشت بازاڕە بنەڕەتییەکان، ئەم ئامادەییەشی لە ماوەی بەڕێوەچوونی دانوستانەکانی «خولی دەوحە«دا بەشێوەیەکی گەورە گەشەیکرد. دواتر 10 گەورەترین وڵاتی بازرگانیی جیهان دیاریدەکەین و بڕی هەرە بەهێزی دەرامەتی هەر یەکێکیان لە کەرتی بەپیشەسازیکردندا (Industrialisation) دەستنیشاندەکەین[1]. چارتی ژمارە (1) ئەنجامەکان دەردەخات. لەماوەی نێوان ساڵانی 2001 و 2009دا پشکی چین لە بازاڕە سەرەکییەکانی هاوردەکردندا دووهێندە زیادیکردووە، لە هەندێک بازاڕە هەرە گرنگەکانی هاوردەکردنی جیهاندا، پێنجیەکی کۆی هاوردە پیشەسازییەکان لەلایەن چینەوەیە، پشکی چین لە هاوردە پیشەسازییەکانی ژاپۆن بریتییە لە 35%، لە یەکێتیی ئەوروپا 30%، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کەمێک زیاترە لە 25%[2].


سەرەڕای ئەمەش، چین ڕووبەڕووی ناسەقامگیریی گەورە دەبێتەوە لە بازاڕە هاوبەشە بازرگانییە سەرەکییەکان لەو کەرتانەی کە بەهرەمەند بوون لەوپەڕی ئاستی پاراستن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش، 10 گەورەترین هاوبەشە بازرگانییەکە دیاریدەکەین، لەگەڵ ئەو 10 کەرتەی زۆرترین ئاستی پاراستنیان هەیە (لە «سیستەمی پۆلێنکردنی بەرهەمە ئەمریکییەکاندا HSUS“ بە ئاستی ژمارەی دەیەکان ناسراوە لە کۆکردنەوەی ساڵی 2009دا، لەسەر پڕەنسیپی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا، کە پەیوەستە بە ڕەسمی گومرگییەوە). هەروەها چارتی ژمارە (2) پشکی چین دەردەخات لەم کەرتانە لە گەورەترین 10 دەوڵەتی بازرگانییدا لەماوەی نێوان ساڵانی 2001 و 2009دا.

لێرەدا دوو خاڵ هەیە پێویستە تیشکیان بخرێتەسەر: یەکەم،

لەو کەرتانەی زۆرترین ئاستی پاراستنیان لەسەرە، پشکی چین لە هاوردەکانی ساڵی 2009دا، زۆر زیاتر بووە لە کۆی هاوردەکان (وەک لە چارتی ژمارە "1"دا دەرخراوە) و مەودای بەردەم هەموو هاوردەکەرەکانی دیکەی ئەم بازاڕانەی بەرتەسک کردۆتەوە[3]. بۆ نموونە پشکی چین لەم کەرتانەدا لە وڵاتی ژاپۆن دەگاتە نزیکەی 70%، لە کۆریاش دەگاتە زیاتر لە 60%، لە بەڕازیلیش نزیکەی 55%، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و یەکێتیی ئەورووپاش نزیکەی 50%. دووەم، تەنانەت لەم کەرتە پارێزگاری لێکراوانەشدا، پشکی چین بەشێوەیەکی گەورە زیادیکردووە لە ماوەی «خولی دەوحە«دا. لە زۆرێک لە وڵاتە هاوردەکەرەکانی (وەک بەڕازیل و یەکێتیی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) پشکی چین بۆ زیاتر لە دوو هێندە بەرزبۆتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە بریتییە لەو پشکی بازاڕەی چین توانیویەتی تەنانەت لە وڵاتانی وەک کەنەدا و مەکسیک و تورکیادا بەدەستیبهێنێت، کە لەگەڵ وڵاتە دراوسێ گەورەکانی ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی هەیە. پاشان ئازادکردنی بازرگانی لەژێر سایەی «ئەجێندای دەوحە«دا لەمڕۆدا –بەتایبەت لەو کەرتانەی ڕەنگوبۆیەکی سیاسییان پێوەیە و ڕەسمی گومرگیی بەرزیان لەسەرە- بەشێوەیەکی بەرچاو پەیوەستە بە کردنەوەی بازاڕی وڵاتانی دیکە بەڕووی هەناردەکراوە چینییەکاندا. بەکورتی، لەگەڵ بڕێک لە زیادەڕەویدا دەکرێت بڵێین ڕەسمی گومرگیی دەوڵەتانی یەکەم لە چاودێرییدا لە ڕاستیدا ڕەسمێکی چینییە، یان ڕاستتر بڵێین ڕەسمی چینی لە ڕاستیدا ڕەسمی «دەوڵەتێکی کەمترین پەسەندکراو»ە.

چارتی ژمارە (1)


پشکی هاوردە پیشەسازییەکانی چین لەنێو 10 دەوڵەتی زۆرترین هاوردەکەردا، 2001 و 2009




سەرچاوە: Mattoo, Ng and Subramanian (2011)

چارتی ژمارە (2)

پشکی چین لە هاوردەی ئەو 10 کەرتەی زۆرترین پاراستنیان لەسەرە، لە 10 دەوڵەتی زۆرترین هاوردەکەردا، ساڵانی 2009 و 2001




سەرچاوە: mattoo, Ng and Suhramanian - 2011

**دەرهاویشتەکان: فیلەکە لە «ژورە سەوزەکەدا»**

«ژورە سەوزەکە« بریتییە لە هۆڵی سەرەکیی دانوستانەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. لەوێ ترسێکی هاوبەشە هەیە - بەڵام ترسێکی رانەگەیاندراو- کە خۆی لە کێبڕکێی وڵاتی چینی بەهەژموون بە ئاڕاستەیەکی گەشەکردوودا دەبینێتەوە[4]. لەمڕۆدا وادیارە کە بەرەوپێشچوون لە «خولی دەوحە«دا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر زیاتر کرانەوەی بازاڕ ڕاوەستاوە، ئەویش لەڕووی خزمەتگوزارییەکان و کشتوکاڵەوە نا، بەڵکو لەڕووی پیشەسازییەوە (گەیشتنی بەرهەمە ناکشتوکاڵییەکان بۆ بازاڕەکان یاخو «NAMA“ بەپێی دەستەواژەکەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی). دانوستانەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێویست نەبووە جێی گرنگی، لەئێستاشدا وەک شتێکی زۆر ئاڵۆز و بێبەها لێیدەڕوانرێت، چونکە ڕێخۆشکەر نییە بۆ گەیشتن بە کراوەییەکی گەورەی بازاڕەکان لەم خولەدا. لە بواری کشتوکاڵدا، لەژێر سایەی بەرزبوونەوەی نرخی مادە خۆراکییەکاندا و پێشبینیی بەردەوامبوونی ئەو بەرزبوونەوەیە، ڕێوشوێنەکانی پاراستنی هاوردەکراوەکان کەمتر بوونیان هەیە. لەبری ئەوە هەڕەشەی کۆتوبەندەکانی سەر هەناردەکراوە کشتوکاڵییەکان زۆرترین مەترسییان هەیە، بەڵام چارەسەرەکەی لە ”ئەجێندای دەوحە“دا نییە، سەرەڕای هەوڵەکانی هەندێک لە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە. لەبەرئەوە ”خولی دەوحە“ لەمڕۆدا بەشێکی زۆری پەیوەستە بە دانوستانەکانی تایبەتە بە گەیشتن بە بازاڕەکان سەبارەت بە بەرهەمە پیشەسازییەکانەوە و بازرگانیی بەرهەمە پیشەسازییەکان. وەک پێشتر باسمانکرد، چین دوودڵییەکی زۆری هەیە، بەتایبەت لە گشت کەرتە پارێزگاری لێکراوەکاندا.

بەڵام باڵادەستیی و هەژموونی چین لای خۆیەوە پێویستە بەوجۆرە بمێنێتەوە ئەگەر پەیمانی بەسوودی چەندلایەنە نەبەسترێت. بازاڕی چینی -سەرەڕای ئیلتیزاماتە دوورمەوداکانی چین بە ئاڕاستەی هاتنەنێو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە- لە گەلێک بوارەوە

پارێزراو دەبێت (وەک پەینی کیمیایی، بارهەڵگرەکان، هەروەها هەندێک لە پێکهاتە پیشەسازییەکانی دیکە). سەرەڕای ئەوەش -وەک لابۆرد مارتین و ڤان مێنسبرۆژگی (Laborde Martine and Van Mennsbrugge 2011) روونیدەکەنەوە- لە میانەی ئەو ئازادکردنە بازرگانییەی لە دانوستانەکانی دەوحەدا لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی رێکخراوەکەوە پێشنیارکرابوون، بەهەمانشێوە دەوڵەتانی دیکەش رێژەی زیادبوونی هەناردەکراوەکانیان زیاددەکات. دەکرێت پێشنیارە پێشکەشکراوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بەو جۆرە لێکبدەینەوە کە هەنگاونانی دیکەیە بەرەو ئازادکردنی بازرگانی لە کەرتە دەستنیشانکراوەکاندا بۆ دەستکەوتی گەورەتر لە پەیوەست بە هەناردەکردنەوە.

چی شتێک میکانیزمی ئاڵوگۆڕکاریی پەکدەخات، یاخو ئەو مامەڵەیەی کە لە رابردوودا دانوستانەکانی رێکخراوەکەی بەرەو سەرکەوتن بردبوو؟ تائاستێکی زۆر هەژموونی بازرگانیی چینی بەهۆی ستراتیژیی گەشەی دروستی ئەو وڵاتەوە بەدەستهاتووە، کە بەشێوە گشتگیرەکەی ئابووریی بازاڕی لەخۆگرتووە، لەگەڵ پلەیەکی بەرزی نائاسایی لە کرانەوەی بازرگانیی (Subramania, 2011). لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکە ئەوەیە کە تێڕوانینێکی سیاسیی بەهێز هەیە پێیوایە کە سەرکەوتنی هەناردەکراوە چینییەکان بەدیدێت و بەردەوامدەبێت، ئەمەش بەهۆی نرخی دراوگۆڕینەوە بە کەمتر لە بەهای خۆی.

ئەوەی گریمانە نەکراوە و لەڕووی سیاسییەوە ناواقیعییە ئەوەیە کە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە هاوبەشە بازرگانییەکانی چین هەڵبستن بە زیاتر کردنەوەی بازاڕەکانیان بەڕووی چیندا کاتێک بەهۆی واقیعەکەوە بەوجۆرە لێی دەڕوانن کە (لەمیانەی نرخی دراوگۆڕینەوە بە کەمتر لە بەهای خۆی) سەپاندنی رەسمی گومرگیی لەسەر هاوردەکراوەکان و باربووی هەناردەکراوەکان، هەر بەتەنها لە کەرتە پیشەسازییە دەستنیشانکراوەکاندا نییە، بەڵکو لە گشت کەرتەکاندایە. هەتاوەکو ئێستاش ئارگومێنتەکان

لەسەر دابەزینی بەهای دراو و مەوداکەی، لەژێر مشتومڕدایە. لە رووپێوییەکدا کە کلاین و ویلیامسۆن (Cline and Williamsson 2008) ئەنجامیانداوە و گەلێک لەو لێکۆڵینەوانەی گرتۆتەخۆی کە دەربارەی شێوان و تێکچوونی "ڕەنمینبی RMB" (دراوی چینی) ئەنجامدراون، لەنێو 18 لێکۆڵینەوەدا 17 دانەیان گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە رەنمینبی گەلێک لە بەهای خۆی نزمتربۆتەوە، ناوەندە تێکڕای نزمبوونەوەی بەهاکەی دەگاتە 19% بۆ ماوەی نێوان ساڵانی 2000 و 2007 بەشێوەیەکی گشتی. کە بەشی هەرە بەرزی ئەو رێژەیە دەکەوێتە نێوان ساڵانی 2004 و 2007. لەلایەکی دیکەوە هەریەکە لە دوناوای، لیە و لی (Dunaway, Leigh and Li 2006) پێیانوایە کە گشت خەمڵاندنەکانی تایبەت بە دابەزینی بەهای رەنمینبی گەلێک هەستیارە بەهۆی لێکەوتەکانی پەیوەست بە نموونەکان و بەها گۆڕاوەکان parameters، لەبەرئەوە نابنە جێگەی پشتپێبەستن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ترسە بەردەوامە کە چین پشکێکی گەورەی بازاڕ بەدەستبهێنێت وەک گەورەترین ئەنجامی هەر داڕشتنەوەیەک لە بازرگانیدا لەبەر رۆشنایی "خولی دەوحە"دا، هەر بەتەنها لە بازاڕی تایبەت بە وڵاتەکاندا نا، بەڵکو لە "بازاڕە سێیەمینەکان[3]»دا، کە ئەگەری ئەوە هەیە هەریەک لەوانە هەست بە کاریگەرییەکانی نرخی دراوگۆڕینەوە بکەن.

یەکێك لە ئاماژەکانی ئەم ترسە ئەوەیە کە وڵاتە پیشەسازییەکان، بەتایبەت گەشەسەندووەکان، بەشێوەیەکی زۆر پەنادەبەنە بەر پاراستنی بەپەلە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێنراوەکان لە چینەوە

3- «الأسواق الثالثة third markets" بریتییە لە بازاڕی بازرگانی بە کاغەزە داراییەکانەوە لەو بازاڕانەی لەلایەن خانەکانی دەڵاڵییەوە رێکنەخراون، کە ئەم مامەڵانە زیاتر لەلایەن ئەو لایەنانەوە بەکاردێت کە ئەندام نین لە بۆرسە و بازاڕە داراییە رێکخراوەکاندا. مامەڵەکانی ئەم بازاڕانە تێچوونی مامەڵەکانیان کەمە، هاوکات خێراییەکی زۆر لە بەڕێوەچوونی مامەڵەکاندا. ئەمجۆرە لە بازرگانیی کاغەزە داراییەکان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەرکەوتوون.

(Bown, 2010). بۆ نموونە زیادبوونی ڕێژەی ئەو ئیجرائاتانەی کە وڵاتە گەشەسەندووەکان دژ بە چین دەیگرنەبەر بۆ نەهێشتنی زیادەبەرهەمیی بازاڕ (وەک بەشێک لە ڕێژەی کۆی ئیجرائاتەکان) لە 19%وە لەساڵی 2002 بۆ 34% لەساڵی 2009. هاوبەرامبەری ئەو ژمارانە لە وڵاتە پیشەسازییەکان بریتییە لە 11% و 27% یەک بەدوای یەک، بەڵام پەنابردن بۆ ئەم میکانیزمە گەلێک گرانتر دەبێت کاتێک چین لە ساڵی 2016دا دەگاتە پێگەی ئابووریی بازاڕ. سەرەڕای ئەوەش، دەستەبەرییە کاتییەکانی تایبەت بە بەرهەمە دیاریکراوەکان کە لە دەمی چوونی چین بۆ ناو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی گفتوگۆی لەسەرکرابوو، لە ساڵی 2013هەوە ماوەی بەسەرچووە. ئەمەش وڵاتان زیاتر دڕدۆنگ دەکات سەبارەت بە کێبڕکێ لەگەڵ چین.

ئێستاش با سەرنجێکی خێرا بخەینە سەر قەیرانە دیار و ئاشکراکەی بەڕازیل. بەهای دراوی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی گەورە (40%) لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمی ڕابردوودا هەڵکشا، لەکاتێکدا دراوی ڕکابەرەکانی لە ئاسیا، بەتایبەت چین، بەرزبوونەوەیان بەخۆوە نەبینی. بەڕازیل هەمیشە بێئومێدانە لەهەوڵدابوو بۆ بەکارهێنانی ڕێوشوێنەکانی سەرمایە بۆ ڕزگاربوون لە ئەم فشارانەی سەر دراوەکە. هێنراوەکانی لە چینەوە بەرزکردەوە، بەتایبەت لەو کەرتانەی زۆرترین پاراستنیان لەسەرە. ئابووریی سیاسیی دەبێتە شتێکی ناوازە -لەژێرسایەی ئەم دۆخەی ئێستادا- ئەگەر بەربەستە بازرگانییەکانی ئەم کەرتانە کەمبکاتەوە. بیرمان نەچێت کە ڕەسمی گومرگی بەڕازیل لەم کەرتانەدا دەگاتە نزیکەی 25% لە ئاستێکی ناوەندییدا، (بڕوانە چارتی ژمارە ”2“). لەبەرئەوە شتێکی سەیر نییە ئەگەر وەزیری دارایی بەڕازیل گویدۆ مانتیگا (Guido Mantega) لە یەنایەری 2011دا لە لێدوانێکدا بڵێت ”ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین خراپترین سەرپێچیکارانن لە مەسەلەی نرخی دراوگۆڕینەوەدا... لێرەوەیە کە جەنگی دراوەکان وەردەچەرخێن

بۆ جەنگی بازرگانی“[5]. لە ڕاستیدا بەڕازیل چەند پێشنیارێکی پێشکەش بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کردووە کە تێیدا ئەو هۆکارانەی روونکردۆتەوە کە بوونەتە پاڵنەری گرتنەبەری باجی پاراستنی لەناکاو دژ بە هاوردەکراوەکان لەو وڵاتانەی کە نرخی دراوگۆڕینەوەیان لەسەر بەهایەکی کەمتر لە بەهای راستەقینە دامەزراوە. لەم دواییانەدا حکومەتی ئەو وڵاتە هەستا بە هەڵگرتنی باجی سەپێنراو بەسەر هاوردەی ئۆتومبێل بەڕێژەی 30%، هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر لەسەر پارچە هاوردەکراوەکان، ئەمەش پاش ئەوە هات کە ڕێژەی هاوردەی ئۆتۆمبێلی چینی رووی لە بەرزبوونەوە کردبوو.


کێشەی شڵەژانە بازرگانییەکان، لە دۆخی وڵاتێکی وەک چیندا بە سیاسەت بارگاویی کراوە، بەتایبەت لە بواری پیشەسازییدا، هەربۆیە ئەم کێشەیە هەر لە بەرازیلدا کورت نابێتەوە. گشت هاوبەشە بازرگانییە سەرەکییەکانی چین –جگە لە کۆریای باشوور- تووشی فراوانبوونێکی گەورەی کەلێنی نێوان هەناردەکانیان بۆ چین و هاوردەکانیان لە هەمان وڵات بوونەتەوە. بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا سێ جار تەرازووی بازرگانییان تووشی کورهێنان بوو بە رادەیەک گەیشتۆتە 200 ملیار دۆلار، پاشانیش 250 ملیار دۆلار (بڕوانە چارتی ژمارە «3-ا»). هەروەک چۆن وڵاتانی دیکەی خاوەن بازاڕی دەرکەوتوو زیادبوونێکی لەڕادەبەدەری کورتهێنانی تەرازووی بازرگانییان لەگەڵ چین بەخۆوەبینیوە (بڕوانە چارتی ژمارە «3-ب»). وەزیری بازرگانیی هیندستان ئاناند شارما (Anand Sharma) دەڵێت ”کێشە لە تەرزاوی بازرگانیی لەگەڵ چیندا دوودڵکەرە. لەسەر بەرزتری ئاست گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کردووە کاتێک سەرۆک وەزیران [ی هیندستان] لە هانۆی چاوی بە سەرۆکی چین کەوت لە ئۆکتۆبەری 2010دا“. هەروەها وەزیری دارایی بەڕازیل دەڵێت: ”دەمانەوێت کاڵا دروستکراوەکامنان هەنارده بکەین [بۆ چین] و بڕێکی کەمتر کاڵا بخەینە بازاڕەوە”.

لەڕوانگەی ئابوورییەوە، تەرازووی بازرگانیی فرەلایەن گرنگترین شتە بۆ وڵاتان، هەر ئەوەشە دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر نرخی دراوگۆڕینەوە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بڕێکی گەورە لە زیادەی بازرگانیی جیهانیی چین، کە تاڕادەیەک روویکردۆتە سیاسەتی دراوی چینی، ئیدی کێشەی بازرگانیی دوولایەنەی چین بۆتە کێشەیەکی سیاسیی بۆ گەلێک لە وڵاتان.

لە رووی کردارەکییەوە، ئەو بناغەیەی ئاڵوگۆڕی ئیمتیازاتەکانی سیاسەتی تایبەت بە بازرگانیی لەسەر دامەزراوە لاوازدەبێت، لەبەرئەوەی بەوپێیە لە میکانیزمە واقیعییەکانی سایسەتی بازرگانی -نرخی دراوگۆڕینەوە- دەڕوانرێت کە ئەو ئیمتیازاتانە هەڵدەوەشێنێتەوە، لەهەمان کاتیشدا دەچێتەوە دەرەوەی بازنەی سیستەمەی فرەلایەن و دانوستانەکانی. هەروەها ئەوەی چین لە فۆڕمی سازشی بازرگانییدا پێشکەشیدەکات، بەوپێیە لێیدەڕوانرێت کە بەهۆی ئەو سیاسەتەی لە نرخی دراوگۆڕینەوەدا پەیڕەویکردووە لەدەستیدەدات. ئەم پەیوەندییەی نێوان نرخی درواگۆڕینەوە و ئازادکردنی ئاڵوگۆڕکارانەی بازرگانی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، کە پێدەچێت هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی ئێستا (Bergsten, xx).

چارتی ژمارە (3-ا)

تەرازووی بازرگانیی چین لە کاڵا دروستکراوەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا، لە ماوەی نێوان ساڵانی 2001 و 2009





سەرچاوە: Mattoo, Ng and Subramanian (2011)

چارتی (3-ب)

تەرازووی بازرگانیی چین لە کاڵا دروستکراوەکان لەگەڵ هاوبەشە بازرگانییە سەرەکییەکان، لە ماوەی نێوان ساڵانی 2001 و 2009

ملیار دۆلار




سەرچاوە: Mattoo, Ng and Subramanian (2011)

ئەنجامێکی سروشتیی ئەم شیکارییە ئەوەیە کە ئەگەر سیاسەتی دراوی چینی بەشێوەیەکی بەرجەستە گۆڕانی بەسەردا نەیەت، ئەگەر چەند ڕێوشوێنێکی باوەڕپێکراو نەنرێت سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم سیاسەتانە لە داهاتوودا، ئەوا ئەو تێڕوانینەی پێشتر رووونمانکردەوە بەردەوامیی دەبێت. ئاماژەگەلێک هەن سەبارەت بەوەی چین دەستیداوەتە پلانێکی دڵنیا، جا ئەگەر هێواشیش بێت لە پرۆسەی بەنێودەوڵەتیکردنی دراوەکەیدا، کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی نرخاندنی رەنمینبی بە کەمتر لە بەهای خۆی. سەرەڕای ئەوەی ئاسۆی بەنێودەوڵەتیکردنی رەنمینبی هێشتا روون نییە، چاوەڕێدەکرێت لە ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵی داهاتوودا روویدات.

# 3

## هەژموونی داهاتوو

وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (1)دا پیشاندراوە و پێشتریش گفتوگۆی لەسەرکراوە (Subramanian 2011)، چاوەڕوان دەکرێت لەماوەی 20 ساڵی داهاتوودا چین بگاتە باڵادەستیی ئابووری: هەروەها پێشبینیدەکرێت بە هاتنی ساڵی 2030، کۆی بەرهەمی ناوخۆیی راوەستاو لەسەر بازاڕ یەکسانبێتەوە لەگەڵ بەرهەمی بازاڕی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها کۆی بەرهەمی ناوخۆیی راوەستاو لەسەر یەکسانکردنەوەی هێزی کڕین بگاتە دووهێندەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، هەروەها دراویی چینی هەلی نویی بێتەپێش -بەوپێیە دراوێکی یەدەگە- کە رەنگە ببێتە هەڕەشە بۆسەر دۆلار، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر پێش دۆلاریش نەکەوێت. ئەم پێشبینییانە ئەوە لە چین ناخوازن کە بە تێکڕایەکی بەرز بەڕێژەی 11% گەشەبکات، کە لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا چین بەو رێژەیە گەشەیکردووە، بەڵکو هێندە بەسە کە لەماوەی دوو دەیەی داهاتوودا تەنها بەرێژەی ساڵانەی 7% گەشەبکات. هەروەک چۆن ئەم پێشبینییانە ئەوە ناکەنە مەرج بەسەر چینەوە کە پارێزگاریی لەو ئاڕاستەیەی ئێستای بکات لە کرانەوەدا (پێوانە بە رێژەی بازرگانی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی).

دەتوانین کۆمەک لە تیۆریی ئابووری و ئاماژە بەردەستەکان بکەین بۆ زانینی قەبارەی بازرگانیی چاوەڕوانکراو. رێک بەوجۆرەی کە لە فیزیادا هێزی نێوان دوو شت پشتدەبەستێت بە توانای بارستەیان و ماوەی نێوانیان، بەهەمان شێوە بازرگانیی نێوان دوو وڵات پشتدەبەستێت بە بارستە و قەبارەی هەردوولا (کۆی بەرهەمی ناوخۆیی) و گشت ئەو هۆکارانەی کار لە بازرگانیی دەکەن، لەنێویاندا تێچوونی گواستنەوە و ئاستەنگە سیاسییەکان.

بنەما تیۆرییەکەی ئەوەی کە بە ئەزموونی کێشکردن ناسراوە، خەریکە لەم چەند ساڵەی دواییدا جێگیردەبێت. بڕوانە: (Eaton and Kortum, 2002; Anderson and van Wincoop, 2003; Subramanian and Wei, 2007; Helpman, Meltiz and Rubinstein, 2008). پێچەوانەی "لێکنزیککردنەوەی ئابوری"، کە لەڕووی تیۆرییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بەڵام بەشێوەیەکی کاڵوکرچ و نەشاز نەبێت نەیتوانیوە درکی جیهانی واقیع بکات، سیاسەتی "کێشکردن" ئەوەی سەلماندووە -بەوپێیەی هۆکارێکی دیاریکراوە لە بازرگانیدا- کە بریتییە لە هێز و گونجاندن لە جیهانی راستەقینەدا.

لەڕوانگەیەکی شیکارییانەوە، پێویستە تێبینیی ئەوە بکەیەن کە ئەگەر زۆرە گۆڕانکارییەکان لە بازرگانییدا، دەرئەنجامێکی راستەوخۆی گۆڕانکارییە ئابورییەکان بێت لەژێر کاریگەرییەکانی "کێشکردن"دا[6]. خشتەی ژمارە (2) ئەنجامەکان روونەدەکاتەوە (بۆ دەوڵەتە هەڵبژاردەکان). ئەگەر سیاسەتەی کێشکردن ئەو هێزە پڕاکتیزە بکات کە لێی چاوەڕواندەکرێت، ئەوا کاریگەری و ئاسەوارەکانی گەلێک سەرسوڕهێن دەبن، بە چەشنێکی کاریگەرتر لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی. چین کە رێژەی 10%ی ئابوریی جیهانیی کاڵای پێکهێناوە لە ساڵی 2010دا، لە ساڵی 2030دا ئەو رێژەیە دەگاتە نزیکەی 15%. بازرگانییەکەشی دووهێندەی بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاددەکات، هەروەها چوارهێندەی بازرگانیی ئەڵمانیا زیاددەکات، کە ئەمەیان توشی پاشەکشێ بووە لە پشکی خۆی لە بازرگانیی جیهانییدا.

## خشتەی ژمارە (1)
## قورسایی ئابووریی لە هەردوو ساڵی 2010 و 2030:
## سیناریۆیەکی لێکنزیککاریی

| دەوڵەت/گروپ | 2010 | | | | 2030 | | | | 2030–2010 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی بەرهەمی ناوخۆیی تاک (هاوتا بە هێزی کڕین، بە دۆلاری ئەمریکی) | کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (بە نرخە جێگیرەکان، بە ملیار دۆلاری ئەمریکی) | ڕێژەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان، بە نرخە جێگیرەکان (%) | ڕێژەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان، لەسەر بنەمای هاوتابوون بە هێزی کڕین، (%) | ڕێژەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی تاک (هاوتا بە هێزی کڕین، بە دۆلاری ئەمریکی) | کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (بە نرخە جێگیرەکان، بە ملیار دۆلاری ئەمریکی) | ڕێژەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان، بە نرخە جێگیرەکان (%) | ڕێژەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان، لەسەر بنەمای هاوتابوون بە هێزی کڕین، (%) | دینامیکیی: ڕێژەی زیادبوونی پلەبەپلە لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بە نرخە جێگیرەکان، بە دۆلاری ئەمریکی | دینامیکیی: ڕێژەی زیادبوونی پلەبەپلە لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (هاوتا بە هێزی کڕین، بە دۆلاری کڕین) |
| و. ی. ئەمریکا | 47,284 | 14,658 | 23,5 | 16,8 | 66,519 | 24,019 | 17,2 | 11,8 | 12,1 | 8,0 |
| یەکێتیی ئەورپا 27_ | 32,615 | 16,282 | 26,1 | 18,7 | 47,683 | 24,195 | 17,3 | 11,9 | 10,2 | 6,8 |
| ژاپۆن | 42,820 | 5,459 | 8,7 | 6,3 | 62,374 | 7,352 | 5,3 | 3,6 | 2,4 | 1,6 |
| چین | 11,303 | 5,878 | 9,4 | 17,4 | 32,980 | 22,440 | 16,1 | 23,5 | 21,4 | 28,0 |
| هیندستان | 3,795 | 1,538 | 2,5 | 5,3 | 13,373 | 8,422 | 6,0 | 9,8 | 8,9 | 13,1 |
| کۆریا | 23,961 | 1,007 | 1,6 | 1,3 | 46,753 | 2,177 | 1,6 | 1,1 | 1,5 | 1,0 |
| ئەفریقیا | 2,633 | 1,437 | 2,3 | 2,8 | 7,425 | 8,075 | 5,8 | 5,0 | 8,6 | 6,7 |
| بەڕازیل | 16,684 | 2,090 | 3,3 | 3,7 | 30,874 | 4,624 | 3,3 | 3,3 | 3,3 | 2,9 |
| ئەندۆنیسیا | 7,890 | 707 | 1,1 | 2,1 | 23,022 | 2,917 | 2,1 | 3,1 | 2,9 | 3,8 |
| ڕوسیا | 23,803 | 1,465 | 2,3 | 3,8 | 35,782 | 2,058 | 1,5 | 2,3 | 0,8 | 1,1 |
| کۆی گشتی | 12,844 | 62,452 | 100,0 | 100,0 | 24,963 | 139,766 | 100,0 | 100,0 | 100,0 | 100,0 |
| بریکس BRICs | 9,112 | 10,972 | 17,6 | 30,2 | 24,063 | 37,544 | 26,9 | 38,7 | 34,4 | 45,1 |
| بیکس BIICs (بەڕازیل و هیندیستان و ئەندۆنیسیا و چین) | 8,325 | 10,213 | 16,4 | 28,5 | 23,539 | 38,402 | 27,5 | 39,6 | 36,5 | 47,8 |
| ئاسیا جگە لە ژاپۆن | 7,417 | 11,129 | 17,8 | 31,5 | 21,376 | 45,234 | 32,4 | 45,7 | 44,1 | 56,4 |
| وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و گەشەسەندوو | 7,906 | 21,355 | 34,2 | 52,5 | 19,369 | 74,060 | 53,0 | 67,4 | 68,2 | 78,6 |

سەرچاوە: Subramanian (2011)

یەکێک لە کاریگەرییە هەرە روون و دیارەکانی ئەزموونی کێشکردن بریتییە لەوەی کە بازرگانیی نێوان دوو وڵاتی چالاک بە خێراییەکی گەورە گەشەدەکات وەک لە بازرگانیی نێوان دوو دەوڵەتی کەمتر چالاک (ئەمەش بەهۆی سوودەکانی بازرگانییەوە کە بەهۆی ئەو

سیاسەتی کێشکردنەوە بەدەستدێت کە لە ناوخۆی دوو دەوڵەتەکەدا پەیڕەودەکرێت). پشکی بازرگانیی نێوانەیی (interface trade) ئەوروپا کە 29%ی بازرگانیی جیهانیی پێکدێنێت لە ساڵی 2008دا، لە ساڵی 2030دا دادەبەزێت بۆ نزیکەی 9%. بە پێچەوانەی ئەوەوە، بازرگانیی نێوانەیی نێوان وڵاتانی گروپی "برێکس" و بازرگانیی نێوانەیی نێوان وڵاتانی گروپی "بیکس" (لەنێویدا ئەندۆنیسیا لە شوێنی روسیا) بەشێوەیەکی زۆر گەورە بەرزدەبێتەوە؛ بازرگانیی نێوانەیی نێوان وڵاتانی ئاسیا کە لەمڕۆدا سێیەکی بازرگانیی نێوانەیی نێوان وڵاتانی ئەوروپا پێکدێنێت، پێش هاتنی ساڵی 2030 پێش بازرگانیی نێوانەیی ئەوروپا دەکەوێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، هەر بەتەنها سەنتەری کیشکردنی ئابووریی جیهانی روو لە ئاسیا ناکات، بەڵکو لەگەڵیدا ناوەندی بازرگانییکردن لەگەڵ چینیشدا روو لەهەمان کیشوەر دەکات و دەیکاتە خاڵێکیی میحوەریی، یاخود بە تەواوی دەیکاتە سەنتەر.

خشتەی ژمارە (2)

پشکی وڵاتان لە بازرگانیی جیهانییدا، سیناریۆی نزیکبوونەوە، 2010 و 2030

| دەوڵەت/گروپ | بازرگانی (ملیار دۆلار) | | گەشەکردن | پشک لە بازرگانیی جیهانییدا | | ڕێژەی بازرگانی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2010 | 2030 | 2010–2030 | 2010 | 2030 | 2010 | 2030 |
| و. ی. ئەمریکا | 3,224 | 5,827 | %3,0 | %10,6 | %7,3 | %22,0 | %24,3 |
| ژاپۆن | 1,460 | 2,586 | %2,9 | %4,8 | %3,2 | %26,8 | %35,2 |
| چین | 2,972 | 11,972 | %7,2 | %9,8 | %15,0 | %50,6 | %53,4 |
| هیندستان | 539 | 3,907 | %10,4 | %1,8 | %4,9 | %35,1 | %46,4 |
| کۆریا | 892 | 2,617 | %5,5 | %2,9 | %3,3 | %88,5 | %120,5 |
| بەڕازیل | 384 | 991 | %4,9 | %1,3 | %1,2 | %18,3 | %21,4 |
| ئەندەنوسیا | 136 | 993 | %10,5 | %0,4 | %1,2 | %19,2 | %34,0 |
| ڕوسیا | 648 | 890 | %1,6 | %2,1 | %1,1 | %44,3 | %43,3 |
| ئەڵمانیا | 2,318 | 2,918 | %1,2 | %7,6 | %3,7 | %89,7 | %76,0 |
| جیهان | 30,387 | 79,905 | %5,0 | %100,0 | %100.0 | %48,7 | %57,2 |

سەرچاوە: Subramanian (2011)

## 4

## هەژموونی ئابوری لە داهاتوودا چی دەگەیەنێت؟

دەستپێکی ئەم بەشە ئاماژەدانە بەوەی کە ئەگەرەکان لەبەرژەوەندی پارێزگارییکردنی چینە لە سیستەمی بازرگانی فرەلایەنی کراوە. پاشان هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە بەدەستهاتووەکان لەسەر ئەگەرێکی دیکەی لاواز، بەڵام هێشتا واقیعییە، ئەویش بریتییە لەوەی: کە چین لە هەوڵدا دەبێت، هەروەک هێزە باڵادەستەکانی دیکە، بۆ ئاڕاستەکردنی هێزی خۆی بۆ دەستکەوتە ئابورییەکان.

### بەرژەوەندیی خودیی وەک دەستپێکی کرانەوە

وڵاتی چینی باڵادەست لەڕووی ئابورییەوە، وەک زۆرێک لە هێزە پێشەنگەکانی دیکە، دەبێتە ئەو دەوڵەتەی کە لەڕوانگەی بەرژەوەندییە خودییەکانییەوە هەڵسەکەوت دەکات، لانی کەم پەیوەست بە پرسە سەرەکییەکانەوە. هیچ پێویست بەوەش نەکات کە چین وەک دەوڵەتێک هەوڵبدات بۆ پاشگەزبوونەوە لەو سیستەمە کرانەوە بازرگانیی و داراییەی لەپاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدوای خۆیەوە بەجێیهێشتووە. ئەو تێڕوانینەش کە دەڵێت تاڕەدەیەکی زۆر چین بەردەوام دەبێت لەم سیستەمەی ئێستای، پشت بەو راستییە دەبەستێت کە چین بەشێوەیەکی ناوازە کرانەوەی بەدەستهێناوە.

بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی چین، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وڵاتە گەورەکان لە وڵاتە بچوکەکان کەمتر خواستیان بۆ بازرگانی هەیە، دەبینین کە چین هاوردەکەرێک و هەڵسوڕێنەرێکی بازرگانیی ناوازەیە. هەروەها کرانەوەی چین، لەڕووی دەستکەوت و داهاتە بازرگانییەکانەوە زۆر زیاترە لە گشت ئاستێک کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی دوای جەنگەوە پێیگەیشتووە،

هەروەها هاوشێوەی ئەو ئاستەیە لە کرانەوە کە شانشینی یەکگرتوو لە لوتکەی ئیمپڕاتۆریی خۆیدا پێیگەیشتووە. بۆ کورتکردنەوەی ئەم ژمارانە، تێبینیدەکرێت کە ڕێژەی بازرگانی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەگمەن 15%ی تێپەڕاندووە لە ماوەی باڵادەستیی ئابووریی ئەمریکیدا، بەراورد بە ڕێژەی ئێستای چین کە دەگاتە 57% (بڕوانە خشتەی ژمارە «3»).

خشتەی ژمارە (3)

تایپەکانی بازرگانیی هێزە باڵادەستە ئابوورییەکان لە مێژوودا

| پێوەر | بازرگانیی ڕاستەقینە (ڕێژەیەک لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی) | ڕێژەی سەرڕێژیی لە بازرگانیدا (لەسەر بنەمای قەبارە گۆڕاو) | ڕێژەی سەرڕێژیی لە بازرگانیدا (لەسەر بنەمای قەبارە گۆڕاو و ئاستی داهات) | ڕێژەی سەرڕێژیی لە بازرگانیدا (لەسەر بنەمای قەبارە گۆڕاو و ئاستی داهات و ئابوورییە پشتبەستەکان بە نەوت) |
|---|---|---|---|---|
| | شانشینی یەکگرتوو: ساڵی 1870 (سەمپڵ= 26 دەوڵەت) | | | |
| هەناردەکراوەکان | 12,2 | 339,3 | 84,0 | بەردەست نییە |
| | ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ساڵی 1975 (سەمپڵ= 121 دەوڵەت) | | | |
| هەناردەکراوەکان | 6,7 | -16,5 | -49,8 | -48,3 |
| هاوردەکراوەکان | 6,5 | -38,7 | -39,6 | -47,5 |
| کۆی بازرگانی (هاوردەکراوەکان و هەناردەکراوەکان) | 13,3 | -29,7 | -45,3 | -47,5 |
| | چین: ساڵی 2008 (سەمپڵ= 136 دەوڵەت) | | | |
| هەناردەکراوەکان | 31,6 | 73,5 | 67,7 | 99,0 |
| هاوردەکراوەکان | 24,9 | 56,3 | 56,4 | 39,5 |
| کۆی بازرگانی (هەناردەکراوەکان و هاوردەکراوەکان) | 56,5 | 70,7 | 68,6 | 74,1 |

بەها سالبەکان ئاماژەن بۆ کورهێنانی تێکڕای ئاڵوگۆڕی بازرگانی. سەرڕێژیی/کورتهێنان لە تێکڕای ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا پێکدێت لە شیکردنەوەی دابەزینی پەیوەندیی نێوان ئاماژەی تێکڕای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی و ژمارەی دانیشتوان (لە ستوونی دووەمدا)، هەروەها دانیشتوان و بەرکەوتەی تاک لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (لە ستوونی سێیەمدا)، هەروەها دانیشتوان و بەرکەوتەی تاک لە کۆی بەرهەمی

ناوخۆیی و گۆڕاویی وێنەیی بەرهەمهێنەکانی پترۆڵ (لە ستوونی چوارەم)، و لەگشت ئەم جۆرە پەیوەندییە روو لە کەمییانەدا، کارگەی تایبەت بە گۆڕاویی وێنەکانی شانشینی یەکگرتوو (1870)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (1975)، چین (2008)، قەبارەی سەرڕێژیی/ کورتهێنان لە تێکڕای ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ هەریەکە لەو دەوڵەتە پەیوەندیدارانە دەردەخات. بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتە ئاماژەپێدراوەکان لە وێنە لۆگاریتمییەکەدا، سەرڕێژیی/کورتهێنان لە تێکڕای ئاڵوگۆڕی بازرگانی بریتییە لە بەرهەمێکی نەخوازراو بۆ کارگەکان، بەپێی گۆڕاوێکی وێنەیی کە یەک پەیوەندیی خستنەڕووی پێوەی هەیە.

پشتبەستنی چین بە بازرگانی، چاوەڕوان دەکرێت وەها لەو وڵاتە بکات پارێزگاری لە سیستەمی بازرگانی و دارایی کراوە بکات. نووسەران و شارەزایانی سیاسی لەو باوەڕەدان کە بازرگانی و ئاڵۆزبوونی بەرژەوەندییەکانی پەیوەست بەو بوارەوە، جێپێی چین قایم ناکەن دژ بە ململانێی ئابوری و سەربازی: ئەڵمانیاش پێش جەنگی جیهانیی یەکەم بە هەمانشێوە دەوڵەتێکی بازرگانیی بوو. بەڵام لێرەدا دوو جیاوازیی یەکلاکەرەوە هەن: یەکەم، چین بە جۆرێک پشت بە بازرگانی دەبەستێت کە بە هیچ جۆرێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تەنانەت ئەڵمانیاش لێی نزیکنەبوونەتەوە. دووەم، لەژێر سایەی نزمبوونەوەی ئاستی داهاتی تاک لە چیندا، بەرژەوەندیی چین لە کرانەوەدا پێدەچێت گەلێک لە رابردوو گەورەتر بێت، لەبەرئەوەی دەرکەوتنی ئەو گەشەسەندنەی کە شەرعیەتی حکومەتی وڵاتەکەی لەسەر دامەزراوە، پشتی بەستووە بە سیستەمی ئابوریی کراوە.

لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هەمان ئەم سیستەمەی لەخۆگرتبوو بە دەستپێک لە بەرژەوەندییەکی خودیی ڕۆشن. بەپێچەوانەی ئەمەوە، بەرژەوەندیی چین لەم سیستەمەدا دەشێت زیاتر وجودیی بێت بە لەبەرچاوگرتنی دابەزینی ئاستی داهات.

سەرەڕای ئەوەش، قوڵایی کامڵبوونی نێودەوڵەتیی چین پێدەچێت بەبێ هیچ کۆمەکێکی پاراستن گۆڕان بەخۆیەوە ببینێت. چەنین کۆمپانیای دەوڵەتە پیشەسازییەکان هەن کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چیندا پەرەپێداوە و هەستاون بە پەیمانبەست لە پرۆسەی کۆکردنەوە و کەرەستەی ناوەندیی و خزمەتگوزارییەکان. هەروەها خودی کۆمپانیا چینییەکانیش هاوبەندیی بەهێزیان پەرەپێداوە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی دروستکردن و بانکە بیانییەکان و بازرگانە بەشەکییەکان و کۆمپانیاکانی کۆمۆنیکەیشن و گواستنەوە، کە هاوکات لەسەرئاستی دەرەوەش بەشێوەیەکی رووڵەزیادبوو خەریکی وەبەرهێنانن. دەرئەنجامی ئەمەش، بزنسەکانی پەیوەست بە بەکاربەران و هاوردەکەرانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە چین، بەشێوەیەکی بەهێز پەیوەستە بە هاوپیشەکانیان لە وڵاتەکانی دیکە. هەر رێوشوێنێکی پاراستن دەکرێتە ببێتە هەڕەشە بۆسەر ئەم پەیوەندییانە و دواجار وێرانبوونی بازرگانیی چینی لێبکەوێتەوە. ئەم پشتپێبەستنە ئاڵوگۆڕکارییە دەبێتە پاڵپشتێک بۆ هێزی ئابوریی سیاسی کە دەتوانێت بەرهەڵستی فشارەکانی پاراستن بکات.

لێرەدا هۆکارێکی دیکە هەیە بەرەو ئەو باوەڕە ئاڕاستەدەبێت کە بەرژەوەندیی چین لە هەبوونی سیستەمێکی کراوەدا بەهێزدەبێت؛ لەڕاستیدا چین کار لەسەر بازاڕگەرمیی بۆ رەنمینبی دەکات و هەوڵ بۆ بەرزکردنەوە و دەرخستنی دەدات. دوایین پلانی پێنج ساڵەی چین جەخت لەوەدەکاتەوە هەوڵبدرێت بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی رەنمینبی و کارکردنی پلەبەپلەیی بۆ گەیشتن بە گۆڕینی ئەو دراوە بۆ دراوێکی نیودەوڵەتی. بەدرێژایی دووساڵی رابردوو، چین گەلێک پلانی جیاجیای گرتەبەر بۆ ناساندن و بەبازاڕکردنی بەکارهێنانی دراوەکەی لە مامەڵە بازرگانی و داراییە نێودەوڵەتییەکاندا. لە ئەنجامی ئەوەشدا، ئێستا چاوەڕێدەکرێت ئەو سەنەدانەی لە دەرەوە هەناردەدەکرێن و بە رەنمینبی پارەدارکراون بگاتە 180 بۆ 200 ملیار دۆلار، کە بەراورد بە قەبارەی چەند ساڵی کەمی رابردوو شایەنی باس نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەنێودەوڵەتیکردنی ڕەنمینبی دەرچەیەکی سیاسیی بۆ دروستکەرانی سیاسەت لەو وڵاتە دەکاتەوە لە ستراتیژییەکەیان «مێرکانتیالیزم»[4]. کاتێکیش بەرهەمی ئەو کاریگەرییانە دەردەکەون کە بەهۆی بەنێودەوڵەتیکردنی دراوەکەوە هاتونەتە ئاراوە، لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانی هەناردەکردنەوە بەرهەڵستی سەرهەڵدەدات، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتدارانی چین هەوڵی تێپەڕاندنی ئەمە دەدەن لەڕێگەی زەقکردنەوە و قەبەکردنی گرنگیی ئەو سودانەی لە گۆڕینی ڕەنمینبی بۆ دراوێکی یەدەگی نێودەوڵەتییەوە بەدەستدێن. لەوکاتەدا هاوکێشەکە بەوجۆرەیە کە زیانە ئابورییەکان (کە خۆیان دەبیننەوە لە پاشەکشەی هەناردەکراوەکان و ئەو زیانانەی لە نرخپێدانی دراوەوە دێنەئاراوە) ڕووبەڕودەبنەوە لەگەڵ دەستکەوتەکانی جێگە و پایەی نیشتیمانییانە، کە لە هاندانی بەرزکردنەوەی ڕەنمینبی بۆ پێگەی دراوێکی یەدەگەوە سەرچاوەدەگرن[7]. دەکرێت بەدەستهێنانی چەند دەستکەوتێکی ڕەمزیی و نیشتیمانیی، کۆتایی بە ناڕەزایەتیی ئەوانە بهێنێت کە گیرۆدەی زیانێکی زۆر بوون. پاشانیش «یەکەمێتیی ڕەنمینبی» دەبێتە دروشمی دروستکەرانی سیاسەتی چینی بۆ دەرچوون لە «مێرکانتیالیزم».

بەمجۆرە، کارێکی هاندەرە کە چین بە سیفەتێکی خولیی دەستبکات بە بەشداریکردن لە کاروبارەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، جا وەک تەماشاکەرێکی ناکۆکییەکان بێت، یان وەک بەدەنگەوەهاتوویەک بێت بۆیان. تاڕادەیەکی زۆریش قایل بێت بە گوێڕایەڵیی بۆ مەرجەکانی کاروبارەکانی یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی ناوچەکە. بۆ نموونە، لەنێو هەشت پرسدا کە

---

4- مێرکانتیالیزم یان ڕێبازی بازرگانی (Mercantilism): ڕێبازێکی ئابورییە، لە سالانی پێش شۆڕشی پیشەسازییدا لە ئەوروپا باڵادەست بوو، ئەم ڕێبازە راوەستاوە لەسەر دەستتێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوری بە ئامانجی زیادکردنی کەڵەکەکردنی سامانە داراییەکانی لە میانەی زیادکردنی یەدەگی زێڕەوە، ئەمەش بە کۆتکردن و سنووردارکردنی هاوردەکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو کاڵایانەی دەکرێت بنێردرێنە دەرەوە، هەروەها دامەزراندنی مۆنۆپۆلی بازرگانیی دەرەکی. (و. عەرەبی).

ویلایەتە یەگتووەکانی ئەمریکا خستونیەتەڕوو، سیانیان بە یاداشتی لێکتێگەیشتن چارەسەرکراون، دووانیان لە چاوەڕوانی دەرچوونی بڕیارێکدان، لە سیانی دیکەشدا چین راسپێردراوە بە پابەندیی بە بڕیارەکانی دەستەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان[8]. لەژێرسایەی بڕێکی زۆر لە چالاکیی ئابوریدا کە دەوڵەت کۆنترۆڵی کردوون یان ئاڕاستەیان دەکات، لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە پابەندبوونی راستگۆیانەی چین کاتێکی زۆر دەخایەنێت. بەڵام چەند ئاماژەیەک هەیە بەوەی کە چین ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێدەکات لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا و کارەکە بەهەند وەردەگرێت.

## گۆڕینی هێز بۆ دەستکەوتەکان

تەنانەت ئەگەر بەرژەوەندیی چین لەوەدا بێت کە پارێزگاریی لە سیستەمی بازرگانیی فرەلایەن بکات، بەڵام هێشتا بواری ململانێ و مشتومڕ لەئارادا دەبێت. تەنانەت خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاری بە سیستەمی بازرگانی دەکات لە بەرژەوەندیی خۆی؛ بۆ نموونە، لەمیانەی پارێزگارییکردنێکی ماوەدرێژ لە کۆتە بڕییەکانی پەیوەست بە پیشەسازییەکانی رستن و جلوبەرگ و باربووە شێوێنراوەکانی بازرگانی لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا، ئەو کارەی رێگەدەدات بە پەنابردنێکی تاڕادەیەک ئاسان بۆ پاراستنی بەپەلەی پیشەسازی، ئەوەیە کە هاوبەشە بازرگانییەکان پابەنددەکات بە سەپاندنی چەند کۆتوبەندێکی ئارەزومەندانە بەسەر هەناردەی ئۆتومبێل و ئاسندا. ئەوەی زیاتر بابەتێکی ناتەواو و کرچوکاڵە بریتییە لە تێپەڕاندنی ئەو رێسایانەی پەیوەستن بە پاراستنی خاوەندارێتیی فکرییەوە، سەرەڕای نارەزایەتیی توندی دەوڵەتە گەشەسەندووەکان.

بەمجۆرە، پێویستە بپرسین: ئایا سیستەمی بازرگانیی کراوەی ئێستا لەسەر ڕێساگەلێکی زامنکراو ڕاوەستاوە؟ ئەزموونەکانی مێژوو بەوجۆرە وەڵاممان دەدەنەوە کە نابێت دڵنیا بین. ناتوانین لەسەر ئەو باوەڕەبین کە بەریەککەوتنی بەرەژەوەندییەکان هێزی تەواویان

دەبێت بۆ درێژەدان بە دۆخی هەنوکەیی. هەروەک چۆن گرەنتییەکی مسۆگەر نییە کە لەخۆگرتنی ئایدۆلۆژیای ئێستای ئابوریی بازاڕ، بەوپێیەی بنەمایەکی باڵادەستە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابورییەکان، خۆڕاگردەبێت لەبەردەم بارگۆڕانەکانی «فاشیۆن»ی فکریدا، هەروەها لەبەردەم گوڵبژێری ئەو تەفسیراتانەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دروستکەرانی سیاسەت دەکەن، دواجاریش لەبەردەم ئەو قەیرانە داراییانەی بەبێ گومان دەبنە گێژەڵوکەیەک بۆ ئابوریی جیهانیی مۆدێرن. مەرج نییە بەرژەوەندییەکان و ئایدۆلۆژیاکان و دامودەزگاکان، لە ناوخۆ یان لە دەرەوە، بەس بن بۆ پارێزگاریی لە سیستەمی ئێستا. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە هەمیشە و هەردەم شتی چاوەڕواننەکراو و نالۆژیکیی بوونیان هەیە.

پاشانیش هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە کە چین هەوڵبدات بۆ دەمەزەردکردنەوەی هێزی خۆی بە چەند ڕێگەیەک، لەنێویاندا: پەیڕەوکردنی سیاسەتی پیشەسازی و پرۆتێکشیۆنیزم [protectionism سیاسەتی پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆیی] لەسەر ئاستی ناوخۆ، گەیشتن بە سەرچاوە و کەرەستەکان لە دەرەوە بەشێوەیەک تەنها خۆی دەستی پێیان بگات (حصري)، هەروەها بەدەستهێنانی هەلی ناوازە بۆ گەیشتن بە بازاڕەکان لەمیانەی چوونەنێو ریزبەندیی جیاکارییانە لەگەڵ هاوبەشە هەڵبژێردراوەکانیدا.

کارێکی زەرووری نییە کە هاندان و جوڵاندن بۆ پڕاکتیزەکردنی هێز لە پاڵنەرێکی پیسەوە بێت لەلایەن چینەوە، لەوانەیە زۆر بە ئاسانی لەو راستییەوە ئەوە هەڵێنجین کە زیادبوونی قەبارەکەی، هێزێکی بازاڕیی گەورەتری پێدەبەخشێت. پاشان بەرژەوەندیی ئابوریی خودیی پاڵ بە دەوڵەتەوە دەنێت بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ باشکردنی خۆشگوزەرانیی خۆی لەڕێگەی کاریگەریی دانان لەسەر مەرجە بازرگانییەکانی، هەروەها لەمیانەی "زیادکردنی نرخی هەناردەکراوەکانییەوە یان کەمکردنەوەی نرخی هاوردەکراوەکانی" (لەنێویاندا کەرەستەی خاو). لەڕاستیدا "ڕێککەوتننامەی گات ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی"

میکانیزمێکە بەدەست وڵاتە گەورەکانەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە پڕاکتیزەی هێزی بازاڕ بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕکاریی (Bagwell and Staiger, 2004). لەبەرئەوە داواکاریی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ خولێکی دانوستانە بازرگانییەکانی تایبەت بە چین، لە درککردنمانەوەیە بەوەی گرێبەستی پێشوو کە لە کاتی هاتنی چین بۆناو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی واژووکراوە، لەوانەیە گوزارشت لە هاوسەنگیی نەکات (لەڕوانگەی چینەوە). پاشان، پێدەچێت پێویستییەک هەبێت بۆ بەستنی گرێبەستێکی نوێ کە ڕەنگدانەوەی گرنگییە زۆر و بەرچاوەکانی چین بێت.

## 1.پابەندنەبوون بە بەڵێننامەکانەوە

هەربۆیە ترسی یەکەم ئەوەیە کە لەوانەیە چین وەفادار نەبێت بەو ئیلتیزاماتانەی پەیمانی لەسەر داون. چوار نموونە هەن کە زۆرجار لەم باسەدا دێنە پێشەوە: سیستەمی چین لە پارێزگاریی لە خاوەندارێتیی فکریی، سیاسەتی دراو، سیستەمی بازرگانیی خزمەتگوزارییەکان، ئەو کۆتوبەندانەی چین بەسەر هەناردەکراوەکاندا دەیسەپێنێت؛ یەکەمیان، لەوانەیە ببێتە هەڕەشەیەک بۆسەر شکاندنی دەقی یاسای ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، خاڵی دووەم دەبێتە هەڕەشە بۆسەر رۆحی یاسای ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، خاڵی سێیەم ڕووبەرێکی خۆڵەمێشیی لەنێوان ئەو دوو خاڵەدا داگیردکردووە، خاڵی چوارەمیش ناگونجێت لەگەڵ ئیلتیزاماتەکانی چین بۆ چونەنێو رێکخراوەکە[9]. لەهەموو حاڵەتێکدا، هەمیشە ناکۆکیی و جیاوازییەکان دەرئەنجامی نەگونجانی نێوان ئامانجە سیاسییە نیشتیمانییەکانی چینە لەگەڵ ئیلتیزامەتەکانی بەرامبەر رێکخراوی بازرگانیی جیهانی.

چین رووبەڕوی تەحەدایەکی تایبەتی دەبێتەوە لە گونجاندن لەنێوان ئیلتیزاماتەکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی سەبارەت بە پارێزگاریی لە مافی خاوەندارێتی فکری، لەگەڵ ئامانجەکەی بۆ باشکردنی رێڕەوی گەیشتن بە تەکنیکە پێشکەوتووەکان بۆ کۆمپانیا

نیشتیمانییەکانی. لێرەوە وادەردەکەوێت کە هەژموونی چین لانی کەم لە سەرەتادا پەیوەست نەبێت بە سەرداریی و پێشڕەویی لە بواری تەکنەلۆژیادا –وەک ئەوەی لەپێشوودا دۆخی بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو- بەڵکو پەیوەستە بە پاشکۆیەتیی تەکنەلۆژییەوە (اللحاق التکنولوجي). هەربۆیە ئەوەی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی مافی خاوەندارێتیی فکرییەوە، پێدەچێت رێگە بە چین بدات بۆ بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆژیا لەسەر بنەمای هەبوونی پاڵنەرەکان بۆ داهێنان هەتا ئەو رادەیەی دوودڵیی بێنێتە ئاراوە لەگەڵ پابەندبوونەکانی بە رێککەوتننامەی لایەنەکانی «مافی خاوەندارێتیی فکریی پەیوەست بە بازرگانییەوە (TRIPS)“. بۆ نموونە ”لیژنەی بازرگانیی نێودەوڵەتیی ئەمەریکی“ (U.S ITC 2011) لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەهەیەکی هەڵسەنگێنەرانەدا بۆ زیاتر لە 5 هەزار کۆمپانیا، زیانەکانی ئەو پیشەسازییە ئەمریکییانەی زۆرترین پارێزگاریی خاوەندارێتیی فکریی تێدا بەکارهاتووە، لە پێشێلکردنی مافی خاوەندارێتیی فکری لەلایەن چینەوە بە نزیکەی 48 ملیار دۆلار خەمڵاندووە لەساڵی 2009دا، هاوکات کۆمپانیا ئەمریکییەکان لەو ساڵەدا نزیکەی 5 ملیار دۆلاریان خەرجکردووە بۆ رووبەڕوبوونەوە و نەهێشتنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە. ئەم خەملاندنانە پرسیارگەلێک دەوروژێنن دەربارەی سوکایەتیکردنی چین بە رێساکانی رێککەوتنامەی مافی خاوەندارێتیی فکرییەوە پەیوەست بە بازرگانی لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، کە هەر بەتەنها وڵاتان بە بەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی پاراستنی مافی خاوەندارێتیی فکرییەوە بە ئاستێکی گونجاو لە یاساکانیدا ناچارناکات، بەڵکو ناچاری ئەوەشیان دەکات کە بەشێوەیەکی خێرا و چالاک ئەو یاسایانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بۆ نموونە سیاسەتی نرخی دراو گۆڕینەوەی چینی وەربگرە. لە دۆخی چیندا، دیار و ئاشکرایە لەسەر ئاستی بازنەیەکی فراون کە هاتنی بۆناو رێکخراوی بازرگانیی جیهانی، چینی بەرەو ئازادکردنێکی

ئاشکرای بازرگانی بردووە، پاشانیش ڕێگەی بۆ خۆشکردووە بەرەو کەمکردنەوەی توانای ئەو وڵاتە لە بەکارهێنانی سیاسەتە دەرەکییەکانی بۆ مەبەستی "مێرکانتیالیستی". سەرەڕای ئەوەی ستراتیژیی گەشەپێدانی چینی کە لەسەر هەناردەکراوەکان چڕبۆتەوە لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاوە دەستیپێکردووە، بەڵام زیادەهێنانی بۆ بودجە بەشێوەیەکی بەردەوام، کەوتە دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەمەوە. ئەوەش ڕێککەوتێک نییە کە دەرکەوتنی "مێرکانتیالیزم"ی چینی بکەوێتە دوای پەیوەندیکردنی ئەو وڵاتە بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە. لەژێرسایەی سەپاندنی کۆتوبەندەکانی سەر بەکارهێنانی ئامڕازەکانی سیاسەتی بازرگانی (لەنێویاندا باربووەکانی هەناردەکردن) بۆ درێژەدان بە هێزی زەبەلاحی هەناردەکردن، چین لەبری بەکارهێنانی ئامڕازی بازرگانی، وەرچەرخا بەرەو ئامڕازی سیاسەتی گشتی، کە مەبەست لە نرخی دراوگۆڕینەوەیە (Rodrik, 2009). بەڵام نرخەکانی دراوگۆڕینەوەی دیاریکراو بە کەمتر لە بەهای خۆی، هەر بەتەنها کار لەسە بەردەوامبوونی هەناردەکراوەکان ناکات، بەڵکو سود و زیادە دەخوڵقێنێت.

چین بەخێرایی بەڵێنگەلێکی گەورەی دا -تەنانەت بەخێراییەکی زیاد لەتوانا- بۆ ئازادکردنی خزمەتگوزارییەکانی لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنی بە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە. ئەو بەڵێن و ئیلتیزاماتانە گشت کەرتە جیاوازەکان دەگرێتەوە -لە ئابوورییەکدا کە پێشتر داخراوبوو بەڕووی بەشداریکردنی بیانیدا- هەر لە گواستنەوە و کۆمۆنیکەیشنەوە بۆ داراییەکان و فرۆشت بەشێوەیەکی بەشەکی. بۆ نموونە لە بواری بانکییدا، لەکاتی هاتنی چین بۆناو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا تاڕادەیەک بەشێوەیەکی تەواوەتیی بانکە بیانییەکان قەدەغەبوون، بەڵام لەماوەی 7 ساڵی دواتردا چین بەتەواوەتیی پابەندبوو بە هەڵگرتنی گشت کۆتەکان. کێشەکە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە ئەو ڕێوشوێنانەی کاریگەری دەخەنەسەر چوونەنێو بازاڕی خزمەتگوزارییەکانەوە، وەک پێویستییەکان و

ئیجرائاتەکان بۆ وەدەستهێنانی داشکاندن، ڕێگەدەدات بە بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی نرخپێدانی (السلطة التقديرية) سیستماتیزەی بەرفراوان. بەم دواییانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەوتە گومانەوە لەو ڕێوشوێنانەی چین کە کاردەکەنە سەر مافە بازرگانییەکان، دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هەندێک چاپکراوی دیاریکراو، و بەرهەمەکانی کات بەسەربردن بیستراو-بینراو. لیژنەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بۆی دەرکەوت کە ئەم ڕێوشوێنانە ناگونجێن لەگەڵ ئیلتیزاماتەکانی چین لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا. لە حاڵەتەکانی دیکەشدا، کارێکی گران دەبێت بتوانین ڕێوشوێنەکانی پاراستن و ڕێوشوێنە ڕێپێدراوەکان لێکجودابکەینەوە. بۆ نموونە، کاتێک چین لەبری جێبەجێکردنی ئاستی هەرەنزمی پێویستییەکانی سەرمایە، بڕیاردەدات بە سەپاندنی ئاستی هەرەنزمی پێویستییەکانی سەرمایەی کارکەر بۆ هەر لقێک لە لقەکانی ئەو بانکە بیانییانەی لە چین بوونیان هەیە، توانستی سەرمایە دەگێڕێتەوە بۆ بوونی کۆی بازرگانیی بانکی بیانی لە چیندا (کە بۆ نموونە هەمان ئەو شتەیە ئەوروپییەکان داوای دەکەن) -ئەوا گرانە بزانرێت کە ئامانج لەوە مسۆگەرکردنی جێگیریی داراییە، یان ئاستەنگێکە لەبەردەم کێبڕکێی بیانیدا. دوودڵیی گەورە ئەوەیە کە ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی پەیوەست بە خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێویست پێشکەوتوو و گونجاو نین بۆ ڕێگریکردن لە پاشەکشەی کردارەکیی ئەو ئیلتیزاماتە خواستراوانە.

لیژنەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی چەند بڕیارێکی دژ بە کۆتوبەندەکانی چین دەرکرد کە بۆ هەناردەکردن سەپاندوونی. ئەم ناکۆکییە پەیوەستە بە کۆتی سەر هەندێک لە کەرەستەی خاو، لەنێویاندا فۆڕمە جیاوازەکانی مادەی "بۆکسایت" و "خەڵوزی کوک" و "فلۆرسبار" و "مەگنیسیۆم و زینک". وەک زانراوە چین بەرهەمهێنی سەرەکیی گشت ئەو مادە خاوانەیە کە لە بەرهەمهێنانی مادەی ڕۆژانە و بەرهەمە تەکنەلۆژییەکاندا بەکاردێن. لیژنەکەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی دەریخست کە ڕەسمی هەناردەکردن لە چین یەکنایەتەوە

لەگەڵ ئەو ئیلتیزاماتانەی کە چین لە پرۆتۆکۆڵی هاتنەنێو ڕێکخراوەکەدا پەسەندیکردبوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی گشت ڕەسمەکانی هەناردەکردن، و جێبەجێنەکردنی پشکی هەناردەکراوەکان. هەروەک چۆن لیژنەکە گەیشتە ئەنجامێک کە ئەو پشکەکانی هەناردەکردن کە چین دەیانسەپێنێت بەسەر هەندێک لە مادە خاوەکاندا، لەگەڵ ڕێساکانی ڕێکخراوەکەدا کۆک نیین. لای خۆیەوە چین بەشێوەیەکی تایبەت بەرگریی لە هەندێک لەو ڕەسمانە و پشکەکانی هەناردەکردن دەکات، و دەڵێت کە پاساوی خۆی هەیە بۆ ئەوە، لەبەرئەوەی دەبێتەهۆی پارێزگاریکردن لەو سامانە سروشتییانەی ئەگەری لەناوچوونیان هەیە بۆ هەندێک لە کەرەستە خاوەکان. بەڵام چین نەیتوانی ئەوە ڕوونبکاتەوە کە سەپاندنی ئەم کۆتوبەندانە هاوتەبایە لەگەڵ ئەو کۆتوبەندانەی لەسەر بەرهەمهێنان و بەکاربردنی ناوخۆیی کەرەستەی خاو دایناوە بۆ پارێزگاریکردن لەو کەرەستە خاوانە[01].

زۆرجار ئیکۆنۆمیستەکان وێنەی یۆلیوس[5] دەهێننەوە کە خۆی بەستۆتەوە بە کۆڵەکەی کەشتییەکەوە بۆ ڕوونکردنەوەی بەهای پەیماننامە پەیوەستەکییەکان. بەوجۆرە هەندێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی هەست بەوە دەکەن کە ئەزموونی چین زیاتر لە چالاکییەکانی پینلۆپ (Penelope) دەچێت، واتە ژنەکەی یۆلیوس کە گشت ئەوەی لە ڕۆژدا بەدەستیدەهێنا، لە شەودا بۆ دوورخستنەوەی ئەوانە بەفیڕۆی دەدا کە یۆلیۆسیان بانگدەکرد. چین بە چونی بۆناو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە ڕووی بازرگانییەوە ئازادبووە، بەڵام هەندێک وەهای دەبینن کە پاشەکشەی لە بەشێک لەو ئازادییە کردووە لە میانەی نرخپێدانی دراوی چینییەوە بە کەمتر لە بەهای خۆی، هەروەها لاوازکردنی سەپاندنی یاساکانی پەیوەست

5- عولیس، یان ئۆلیوس، یان ئۆدیسیوس Ulysses، یەکێکە لە پاڵەوانەکانی میسۆلۆژیای گریکیی، لە ئۆدیسەدا هاتووە کە ئۆلیسیوس داوای لە دەریاوانەکەی کردووە کە بە کۆڵەکەی کەشتییەکەوە (چارۆکە هەڵگرەکە) بیبەستێتەوە بۆئەوەی نەکەوێتە داوی مەکر و تەڵەکەبازیی پەرییەکانی دەریا کاتێک گوێی لێیان دەبێت کە گۆرانی دەچڕن. (و. عەرەبی).

بە پاراستنی مافی خاوەندارێتیی فکری، لەگەڵ بەکارهێنانی دەسەڵاتی نرخپێدانی ڕێکخەر بەشیوەیەکی پارێزگارانە.


### 2.بەردەوامیی داخستنی بازاڕەکان

سەرچاوەی دووەمی کێشەکان لەو بوارانەدایە کە ئێستا لە وڵاتی چین نەکەوتونەتە ژێر سایەی ئیلتیزاماتەکان و ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە. سێ نموونەی گرنگ هەن، کە چەند خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو دەگرنەوە کە چین پەیمانی نەداوە پەیوەست بێت بە ئازادکردنیانەوە، کە لەنێویاندا ئەو کرپارە حکومیانە هەن کە هێشتا پەیمانیان نەداوە بە پەیڕەوکردنی هیچ ڕێسایەکی نێودەوڵەتی، هەروەها تابلۆ هونەرییەکان، کە ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی ڕێگەدەدەن بە مومارەسەی دەسەڵاتە نیشتیمانییە نرخپێدەرە گەورەکان. لەم بوارانەدا، پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئایا چین ڕێڕەوی کرانەوەی گەورەتر هەڵدەبژێرێت -جا بەشێوەیەکی تاکلایەنە بێت یان لە چوارچێوەی ئازادکردنێکی ئاڵوگۆڕکارییانەدا- یان بەردەوام دەبێت لە پارێزگاریکردن لە کۆتوبەندە دیاریکراوەکان لەسەر بەشداریکردنی بیانی؟

چین پلانی داناوە بۆ هەنگاونانی گەورە بەئاڕاستەی لابردنی ئاستەنگەکانی تایبەت بە سیاسەتەکان لە چوارچێوەی چوونی بۆناو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. بەڵام سەرەڕای ئەوەی لە بابەتی بازرگانیدا بەشێوەیەکی گەورە کرانەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان دەپارێزێت لە کێبڕکێی بیانی. بەپێی بۆرشەر و گۆتیز و ماتۆ (Borchert, Gootiz and Mattoo 2011) بێت، سیاسەتەکانی کەرتی خزمەتگوزارییەکانی چین زۆر زیاتر کۆتوبەندیان لەسەرە لە ناوەندە تێکڕای کۆتوبەندی وڵاتانی خاوەن داهاتی نزم و ناوەند، بێگومان چەندین هێندەش زیاتر لە وڵاتانی خاوەن داهاتی بەرز لە گشت کەرتەکاندا جگە لە کەرتی گواستنەوە (بڕوانە چارتی ژمارە ”4“).

چارتی ژمارە (4)

سیاسەتەکانی کەرتی خزمەتگوزارییەکان لە چین لە روانگەیەکی نێودەوڵەتییەوە




تێبینی: دەوڵەتی خاوەن داهاتی نزم/ ناوەند= 74 دەوڵەت (جگە لە چین)

دەوڵەتی خاوەن داهاتی بەرز= 28 دەوڵەتی خاوەن داهاتی بەرز

سەرچاوە:

Borchert, Gootiiz and Mattoo, «Policy Barriers To International Trade in servies: New Empirical Evidence», World Bank forthcoming.

کڕیارە گشتییەکان لە چین زیاتر لە 20%ی ئابوری پێکدەهێنن (Anderson, et al 2011)، لێکۆڵینەوەیەکی نوێی ژووری بازرگانی لە یەکێتیی ئەوروپا تایبەت بە کۆمپانیا سەرمایەگوزارییە بیانییەکان کە لە بازاڕی کڕیارە گشتییەکانی چیندا لە کێبڕکێدان، ئەوەی دەرخستووە کە ئەو چوارچێوە سیستماتیکەی بڕیار لەسەر ئەم بڕە زەبەلاح و زۆرە لە چالاکیی ئابووریی دەدات، بەشبەش و ناڕێکوپێکە، هەروەها جێبەجێکردنەکەشی بەشێوەیەکی ناچوونیەکە. لەنێو ئەو کێشمەکێشمە گشتییانەی کۆمپانیاکانی یەکێتیی ئەوروپا رووبەڕوی دەبنەوە لە کێبڕکێیکردن لەسەر گرێبەستە گشتییەکان بریتین لە: (گرانیی وەدەستهێنانی داتا و زانیاریی ورد لە کاتێکی گونجاودا؛ پەیوەست بە پڕۆژەکانی داهاتوو، هەروەها نەبوونی پێوەری هەڵسەنگاندنی گشتگیر بۆ پڕۆژەکان، لامەرکەزیی لە خستنەڕووی کەمکردنەوەکان، کە دەبێتەهۆی تێچوونێکی زیاتر، شەفافیەتێکی کەمتر، و پاداشتی ناپاک و گەندەڵی گرێبەستی کڕیارەکان، کاروباری تانەدانی ناقایلکەر). هەروەها راپۆرتەکە سیاسەتی بازرگانیی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی تایبەت بە چینی خستۆتەڕوو کە تێیدا هاتووە "چین رووبەڕوی بارگرانیی دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی رێبازێکی رێکوپێک و شەفاف لە بواری کڕیارەکاندا لە گشت کەرتە حکومییەکاندا"[11].

شایەنی باسە کە چین هێشتا نەبۆتە ئەندام لە رێککەوتننامەی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی تایبەت بە کڕیارە حکومییەکان. ئەم رێککەوتننامەی کڕیارە حکومییانە گوزارشتە لە رێککەوتننامەیەکی فرەلایەن کە تەنها کۆمەڵێکی لاوەکیی لە کۆی ئەندامانی رێکخراوەکە دەگرێتەخۆی. چین هەنگاوی بەرەوپێشەوەنا بۆ چوونەنێو رێککەوتننامەکە، لە کاتێکدا ئەندرسۆن (Anderson 2008) ئاماژە بەوەدەکات هەوڵەکانی هاتنەنێو رێککەوتننامەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچن، بەڵام ئەگەر پڕۆسەکە ئاڵۆز و پڕ لە گرێوگۆڵ بێت، ئەوا پێدەچێت دانوستانەکان ئاسان نەبن.

## 3.بەکارهێنانی هەژموون بۆ وەدەستهێنانی دەستپێگەیشتنی جیاکارانە بە بازاڕە بیانییەکان

لەڕووی مێژووییەوە، هەمیشە هێزی سیاسی گۆڕدراوە بە دەستکەوتی بازرگانی لە وێنەی دەستپێگەیشتنی (access) جیاکارانە بۆ گەیشتن بە بازاڕەکان و دەرامەتەکان. ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: تا چ ڕادەیەک هێشتا ئەم مەترسییە گرنگییەکی ئەوتۆی ماوە؟ پێدەچێت ئەم مەترسییە لە ئێستادا –تاڕادەیەک- دەرکەوتنێکی کەمتری هەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی لە سیاسەتەکان و دامودەزگاکان و بازاڕەکاندا روویداوە. لەمڕۆدا ئاستی پاراستن دابەزیوە، ئیدی بۆتە سەپاندنێکی یاسایی لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا. بەوجۆرەش دەستپێگەیشتنە تایبەتمەندەکان بۆ بازاڕەکان گرنگییەکی کەمتریان هەیە وەک لە رابردوو، لەو کاتانەی کە ئاستی پاراستن بەرز بوو، یان دەتوانرا بەرزبکرێتەوە دژ بە دەوڵەتێک لە لایەنی سێیەم. بۆ نموونە ئاستی مامەڵە تایبەتمەندە[6] ئیمپریالیستییەکان ساڵی 1936 لەنێوان 6% و 12%دا یاریدەکات، لە دەیەی رابردوودا بە دووهێندەی ئاستی خۆی خەملێندرا (McDougall and Hutt, 1954). وەک لە پاشتردا گفتوگۆی دەکەین، زۆرینەی مامەڵە تایبەتمەندەرێگەپێدراوەکان لە جێبەجێڕهوتی ڕێککەوتننامە هەرێمییەکاندا گەلێک کەمترن لەمڕۆدا، بەوپێیەی باجی گومرگیی سەپێندراو گەلێک کەمترە، هەروەها ئاڕاستەگەلێک هەن بۆ دوورخستەوەی بوارەکانی پاراستنی بەرز لە ڕێککەوتننامەکان. لەگەڵئەوەشدا، ناتوانین بڕێکی کەم لە پەراوێزی مامەڵەی تایبەتمەندا وەک کارێکی قبوڵکراو وەربگرین؛ لەبەرئەوەی

6- المعاملات التفضيلية، اتفاقات تجارة تفضيلية، preferential trade agreement، مامەڵە یاخود ڕێککەوتننامەی تایبەتمەند لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتردا دەبەسترێت، بە ئامانجی لابردنی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی کە بزاوتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی پەکدەخەن. وەک رەسمە گومرگییە سەپێنراوەکان، کۆتوبەندی سەر هەناردەکراوەکان و هاوردەکراوەکان. دەکرێت لەم ڕێگەیەوە ناوچەی بازرگانیی تایبەتمەند یان نایاب دابمەزرێت.

ڕیکخستنی فرەلایەن لە بوارەکانی وەک بازرگانیی خزمەتگوزارییەکان و کڕیارە حکومییەکاندا ناتەواوە، کەلێنێکی گەورە هەیە بۆئەوەی دەسەڵاتی نرخپێدان بەکاربهێنێت لە پاداشتی گرێبەستەکاندا.

پەیوەست بە رێککەوتننامە تایبەتمەندەکانی ئێستاوە، ئەوەی هەیە گەلەکۆمەکێیەکە دژ بە چین زیاتر لەوەی چین هەڵەیەک دژ بەوانی دیکە بکات. ژمارەی ئەمجۆرە رێککەوتننامانە بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی 70 دانە لە ساڵی 1990هوە بۆ نزیکەی 300 دانە لەئێستادا. گشت وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا جگە مەنگۆلیا لانی کەم ریککەوتننامەیەکیان بەستووە، هەندێک وڵاتانی وەک وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و چیلی و مەکسیک زیاتر لە 20 رێککەوتننامەیان بەستووە. هەندێک لە وڵاتە بازرگانییە زەبەلاحەکان هەستاون بە بەستنی رێککەوتننامە لەگەڵ یەکتریدا، یاخود نزیکن لەوەی بیبەستن، وەک یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ بازاڕی هاوبەشی باشور، ژاپۆن لەگەڵ بازاڕی هاوبەشی باشور، یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ هندستان، هندستان لەگەڵ ژاپۆن. لەهەمانکاتدا، خودی چین هەستاوە بە بەستنی چەند رێککەوتننامەیەک لەگەڵ تەنها ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان، بەشێوەیەکی تایبەتیش وڵاتانی هاوبەندیی ئاسیان و پیرۆ و چیلی و نیوزلاند. بەڵام روانینێکی نزیکتر ئەوە ئاشکرادەکات کە زۆرێک لەم رێککەوتننامانە کاریگەرییەکی دیاریکراویان هەیە لە گەیشتن بە بازرگانیی تایبەتمەند (WTO, 2011) ئەوەی لە راستیدا رەنگیداوەتەوە ئەوەیە کە تەنها 16%ی بازرگانیی کاڵا بەشێوەیەکی کردارەکی لەسەر بنەمای مامەڵەی تایبەتمەند ئەنجامدراون. هۆکارەکانی ئەم ئاستە لاوازە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زیاتر لە نیوەی بازرگانی ملکەچی رەسمێکی گومرگیی دەبێت کە دەگاتە ئاستی سفر بۆ دەوڵەتی یەکەم لە چاودێریدا، کە هیچ بوارێکی بۆ تایبەتمەندییەکان نەهێشتۆتەوە، هەروەها زۆرێک لەو بەرهەمانەی رەسمێکی گومرگیی بەرزیان لەسەرە (بۆ نموونە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان) لە رێککەوتننامە تایبەتمەندەکان دووردەخرێنەوە، بەوجۆرەش هەتاوەکو ئێستاش بازرگانی لەسەر سیستەمی رەسمی

گومرگیی دامەزراوە بۆ دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا.

تەنانەت لە جیهانی ئەم تایبەتمەندییە دیاریکراوانەدا، چین بە ئیمتیازاتی کەمتر لە دەوڵەتانی دیکە بەهرەمەند بووە. تەنها 6%ی هەناردەکراوەکانی لە مامەڵەی تایبەتمەند بەهرەمەند دەبێت، کە بە روونی دیارە ئەوەش رێژەیەکی نزمە لەچاو تێکڕای جیهانییدا، بەهەمانشێوە نزمە بەراورد بە وڵاتە بازرگانییە گەورەکانی دیکە، وەک یەکێتیی ئەوروپا (13%)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (22%)، هندستان (26%)، بەرازیل (15%) (بڕوانە لە خشتەی ژمارە «4»). کارەکە تەنها لەوەدا کورتنابێتەوە کە بەشێوەیەکی رێژەیی بەشێکی کەمی هەناردەکراوەکانی چین بەهرەمەند دەبن لە مامەڵەی تایبەتمەند، بەڵکو تەنانەت هەناردەکراوە ناتایبەتمەندەکانیشی (غیر تفضيلي) بەهەمانشێوە کەمترین بەختیان هەیە. سەبارەت بە زۆربەی وڵاتان، کەمتر لە 10%ی هەناردەکراوە ناتایبەتمەندەکانیان دەچنە ژێرباری رەسمە گومرگییەکانەوە، واتە زیاتر لە 5%، بەڵام لای چین (هەروەها ژاپۆن و بازرگانیی دەرەکیی یەکێتیی ئەوروپا) رێژەکە دووهێندەی ئەو رێژەیەیە (WTO, 2011).

## خشتەی ژمارە (4)
## بازرگانیی تایبەتمەند، لە وڵاتە هەناردەکەرەکاندا، 21 دەوڵەتی گەورەی هەناردەکەر

| هەناردەکەر | بەشی بازرگانی بە پەراوێزی تایبەتمەند و تاریفەی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا (وەک ڕێژەیەکی سەدی لە کۆی بازرگانییدا) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەناردە تایبەتمەندەکان | | | هەناردە ناتایبەتمەندەکان | | | ڕەسمی گومرگی سفر بۆ دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا |
| | کۆ | پەراوێزی تایبەتمەندی زیاتر لە 5% | پەراوێزی تایبەتمەندی کەمتر لە 5% | کۆ | تاریفەی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا زیاتر لە 5% | تاریفەی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا کەمتر لە 5% | کۆ |
| کۆی گشتی | 16.3 | 5.7 | 10.5 | 30.2 | 11.3 | 18.9 | 52.3 |
| چین | 5.5 | 0.6 | 4.8 | 38.4 | 19 | 19.3 | 55.4 |
| یە. ئەوروپا بەشێوەیەکی فراوان | 13.1 | 5.2 | 8 | 42.1 | 18.4 | 23.7 | 43.1 |
| و. ی. ئەمریکا | 21.7 | 19.5 | 2.2 | 30.2 | 10.4 | 19.8 | 46.5 |
| ژاپۆن | 0.5 | 0.3 | 0.2 | 57.7 | 24.7 | 32.8 | 39.6 |
| کەنەدا | 45.7 | 7 | 38.7 | 7.5 | 2.8 | 4.7 | 46.4 |
| کۆریای باشوور | 7.7 | 0.1 | 7.7 | 39.5 | 12.9 | 26.5 | 51 |
| یەکێتیی ڕوسیا | 5.7 | 0.1 | 5.6 | 16.5 | 4.1 | 12.4 | 77.6 |
| مەکسیک | 63.9 | 13.2 | 50.7 | 1.8 | 0.8 | 1 | 34 |
| مالیزیا | 14 | 2.7 | 11.3 | 14.1 | 5.3 | 8.9 | 70.2 |
| سوسیرا | 34.1 | 6.6 | 27.6 | 14.9 | 9.7 | 5.3 | 48.9 |
| ئوستralیا | 2.9 | 0.1 | 2.7 | 21.1 | 8 | 13.1 | 75.4 |
| سەنگافورە | 18.9 | 6.2 | 12.6 | 13.3 | 2.8 | 10.5 | 66.4 |
| تایلەند | 26.8 | 6.9 | 20 | 15.1 | 8.4 | 6.7 | 54.1 |
| هیندستان | 25.9 | 2.6 | 23.3 | 24.7 | 9.9 | 14.8 | 48.3 |
| بەڕازیل | 15.3 | 4.3 | 11 | 26.4 | 8.5 | 17.9 | 56.9 |
| نەرویج | 18.1 | 8.2 | 9.9 | 8.7 | 3 | 5.8 | 72.9 |
| ئەندۆنیسیا | 20.6 | 4.3 | 16.2 | 15.6 | 8 | 7.7 | 61.3 |
| تورکیا | 64.8 | 38.6 | 26.2 | 16.9 | 5 | 11.8 | 17.6 |
| ئەفریقیا باشوور | 21.5 | 3.4 | 18 | 15.1 | 5.8 | 9.3 | 62.4 |
| فلیپین | 11.6 | 2.9 | 8.8 | 7.6 | 4.2 | 3.4 | 78.9 |
| چیلی | 27.3 | 11.5 | 15.9 | 7 | 2 | 5.1 | 63.5 |

سەرچاوە: پشتبەستراوە بە .(2011) WTO

لەئێستادا زۆرینەی ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکان -لەنێویاندا هەندێک لە ڕێککەوتننامەکانی چین- ڕەهەندێکی خزمەتگوزارییان هەیە. وەک فینک و مۆلینویڤۆ (Fink and Molinuevo 2008)، هەروەها مارچیتی و ڕۆی (Marchetti and Roy) ڕوونیانکردۆتەوە ئەم ڕێککەوتننامانە ئیلتیزاماتی فراوانتر و قوڵتر لەخۆدەگرن وەک لەوانەی وڵاتان بەستبوویان بەپێی ڕێککەوتننامەی گشتیی بازرگانییکردن بە خزمەتگوزارییەکانەوە (گاتس). بە دەربڕینێکی دیکە، چەند کەرتێکی زیاتری لە وڵاتاندا گرتەخۆی، هەروەها لەڕووی یاساییەوە پەیوەست بوو بە کرانەوەی زیاتر لە ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکاندا، وەک ئەوەی لە ڕێککەوتننامە فرەلایەنەکاندا هەبوو. بەڵام زۆرینەی ئەم ئیلتیزاماتانە لە دەوری سیاسەتە جێبەجێکراوەکان دەسوڕێنەوە، تەنها ژمارەیەکی کەمیان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئازادکردنی بازرگانی. بۆ نموونە هیندستان پەیمانیدا بە ڕێگەدان بە بەرزترین ڕێژە لە خاوەندارێتیی بیانی لە بواری پەیوەندییە بنەڕەتییەکاندا، ئەمەش بەپێی ڕێککەوتننامەی گشتیی بازرگانییکردن بە خزمەتگوزارییەکانەوە، لە هەندێک لە ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکاندا ڕێژەکە دەگاتە 49%، بەڵام لەڕووی کردارەکییەوە ڕێگە بە 74%یش دەدرێت. تەنانەت لە چەند کەیسێکی ناوازەدا ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکان بوونەتە هۆکاری هێنانەئارای بازرگانیی ئازاد، وەک ئەوەی لە کۆستاریکا ڕوویدا، کاتێک ئەو وڵاتە هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی مۆنۆپۆڵی خۆی لەسەر پەیوەندییە تەلدار و بێتەلەکان، واتە هەستاوە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی نوێ لانی کەم لەسەر بنەمای پرەنسیپێکی ناجیاکاریی. پاشان لەمڕۆدا تێچووی دوورخستنەوە لە ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکانی خزمەتگوزارییەکان، بەمانای گەیشتن نییە بە بازرگانییەکی خراپتر، بەڵکو گەیشتنە بە جێیەکی کەمتر ئاسایش و پارێزراو؛ لەبەرئەوەی ئەم ڕێککەوتننامانە هەر بەتەنها ئازادییەکی زیاتر دابین ناکەن، بەڵکو ئیلتیزاماتی فراوانتر و قوڵتر لەخۆدەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەیە ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم ئارگومێنتە لە بەهای کاریگەرییە جیاکارییەکانی رێککەوتننامە تایبەتمەندەکان کەمبکەینەوە. لە کەرتی کشتوکاڵ و هەندێک لە کەرتە پیشەسازییەکاندا، وەک چنین، هێشتا رەسمێکی گومرگیی بەرز هەیە. لە کەرتی خزمەتگوزارییەکاندا، هەر پتەوکردنێکی رێککەوتننامە تایبەتمەندەکان لە داهاتوودا، دەشێت ببێتە جیاکارییەکی گەورە دژ بە کۆمپانیا بیانییەکان؛ لەبەرئەوەی ئاستی پاراستن لە دەوڵەتی یەکەم لە چاودێریدا بەرزە، هەروەها بوارێکی گەورە هەیە بۆ پەسەندکردنێکی تایبەتمەندی پێوەر و پێویستییەکانی داشکاندن و سازکردن. هەروەها دەکرێت چەند کاریگەرییەکی دوورخستنەوەی بەهێزی لێبکەوێتەوە لە پێکەوەلکاندنێکی قوڵ لەگەڵ رەهەندەکانی دیکەدا: رێککەوتننامە تایبەتمەندەکان بەشێوەیکی تارادەیەک زۆر چەند دەقێک لەخۆدەگرن دەربارەی پاراستنی سەرمایەگوزاریی و وەبەرهێنان، و مافی خاوەندارێتیی فکریی و کڕیارە حکومییەکان و سیساسەتەکانی کێبڕکێ و ئاستەنگە هونەرییەکانی بەردەم بازرگانی. پێدەچێت ڕەسمی گومرگیی جیاکاریی گرنگییەکی کەمتری هەبێت لە دانپێدانانێکی ئارەزوومەندانە بە پێوەرەکانی پارێزراویی بەرهەمهێن، یاخود دەستپێگەیشتنێکی ئارەزوومەندانە بە بازاڕی کڕیارە حکومییەکان.

بەکورتی، هەتاوەکو ئێستا رێککەوتننامە تایبەتمەندەکان کاریگەرییەکی جیاکارییانەی دیاریکراویان هەبووە، بەوجۆرەش وڵاتە دورخراوەکانی وەکو چین، ئەو بێبەشبوونە کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ دروستنەکردون، بەڵام ئەگەر دانوستان لەسەر رێککەوتننامەی زیاتر بکرێت لە داهاتوودا، لەوانەیە کاریگەرییە سلبییەکان لەسەر وڵاتە دورخراوەکان زیاتربێت.

**4.بەکارهێنانی هەژموون بۆ وەدەستهێنانی دەستپێگەیشتنی جیاکارانە بە دەرامەتە سروشتییەکان**

ئەوەی هەتاوەکو ئێستا چین ئاشکرایکردووە دەریدەخات

کە ئەو خواستەی هەیەتی بۆ وەدەستهێنانی دەستپێگەیشتنی تایبەت بە دەرامەتە سروشتییەکان، زۆر زیاترە لە هەوڵەکانی بۆ دەستپێگەیشتنی تایبەت بە بازاڕەکان. لەبەرئەوە زۆربەی بازاڕەکانی هەناردەی چین، بازاڕی وڵاتە پیشەسازییە گەورە و کراوەکانە. بەپێچەوانەی ئەوەوە، دەرامەتە سروشتییەکان لە وڵاتە گەشەسەندووە بچوکەکاندا، مەیدانێکی گونجاوترە بۆ نفوزی چین. بەڵام لەژێر سایەی سروشتی هەمەڕەنگ و کێبڕکێیانەی زۆرێک لە بازاڕەکانی دەرامەتە سروشتییەکان، هیچ مەترسییەکی جدییان پیشاننەداوە بۆسەر «ئاستەنگدانانی ستوونی»[7]، بەو مانایەی کە هەڵسوکەوتەکانی چین وڵاتانی دیکە بێبەشدەکات لە دەستپێگەیشتنێکی کێبڕکێکارانە بە دەرامەتە سروشتییەکان.

دوودڵیی چین دەربارەی دەرامەتەکان، لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە هاوردەکەرێکی گەورەیە و رێخۆشکەرە بۆ چڕبوونەوەی هاوردەکەرەکان لە چەند دەوڵەتێکی کەمدا. پشتبەستنی چین بە دەرامەتە سروشتییەکان لەسەر گشت ئاستەکان روون و ئاشکرایە. بۆ نموونە، وەک لە خشتەی ژمارە (5)دا خراوەتەڕوو، چین 65%ی هاوردەی جیهانیی خاوی ئاسن دەنوێنێت و 80%ی هاوردەکراوەکانیشی تەنها لە 3 وڵاتەوەیە کە بریتین لە ئوستڕالیا و بەرازیل و هندستان. سەبارەت بە مادە خۆراکییەکانیش، تائێستا هێنراوەکانی ئەم قۆناغە -جگە لە سۆیا- رێژەیەکی بچوک پێکدەهێنن لە کۆی بەکاربردن، بەڵام سنووردارییی خاک و ئاو پێکەوە لەگەڵ کەمیی خواست، پێدەچێت لە کۆتاییدا ئەم

---

7- Vertical foreclosure جۆرە کارێکی دژە کێبڕکێیە، کۆمپانیایەکی دیاریکراو هەڵدەستێت بە کڕینی کۆمپانیایەکی هاوردەکەر، کە پرکەرەوەی کەرەستەی خاو بێت بۆ هەریەک لەم کۆمپانیا دیاریکراوە و کۆمپانیاکانی دیکە. پاشان کۆمپانیا دیاریکراوەکە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هاوردەکەرەکەدا بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی داشکاندن لە نرخدا کاتێک کە کەرەستەی خاو دەکڕێت، هەروەها لەلایەکی دیکەوە هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی بڕی خستنەڕووی ئەو کەرەستەیە و بەرزکردنەوەی نرخەکەی کاتێک کێبڕکێکارەکانی هەڵدەستن بە کڕینی ئەو کەرەستە خاوە. (و. عەرەبی).

وڵاتە ناچار بکات کە پشت بە هاوردەکراوەکان ببەستێت[21].

بەدەنگەوەهاتنیشی بۆ ئەم دۆخە لە فۆڕمی وەبەرهێنان لە دەرەوەدا، هەروەها لە هەوڵ و تەقەلاکاندا بۆ زامنکردنی گەیشتنێکی دوورمەودا بە دەرامەتەکان دەردەکەوێت. وەک چارتی ژمارە (5) دەریخستووە، ڕێژەیەکی گەورە لە لێشاوی وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆی چینی -کە لەساڵی 2009دا گەیشتە %70- بۆ دەرامەتە سروشتییەکان تەرخانکراوە. لەکاتێکدا پشکی چین لە لێشاوی وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆ لە دەرامەتە سروشتییەکاندا بەپێی پێویست بەرز نییە بۆ پاساودانەوەی مەترسییەکانی مۆنۆپۆڵ، لە ساڵانی نێوان 2003 و 2010دا ڕێژەکە لە %7ەوە بەرزبووەوە بۆ %14. لەلایەکی دیکەوە وەبەرهێننای بیانیی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە چین نائاساییە؛ لەم ساڵانەی دواییدا، نزیکەی %80ی لێشاوی وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆی چین لەو کۆمپانیایانەوە بووە کە موڵکی حکومەت بوون یان حکومەت کۆنترۆڵی کردوون، هەر ئەمەشە مەترسییەکان دەوروژێنێت لای هەندێک لەو دەوڵەتانەی دەبنە وەرگری ئەو وەبەرهێنانانە (rosen and Hanemann, 2009).

ئایا پشتپێبەستنی چاوەڕوانکراوی ئەم بەدەنگەوەهاتنە لەلایەن چینەوە سەچاوەی دوودڵیی و نائارامییە بۆ وڵاتانی دیکە؟ ئەمە پەیوەستە بە ڕادەی چڕبوونەوەی بازاڕەکان سەبارەت بە دەرامەتە سروشتییەکان. هەتاوەکو بازاڕەکان بە کێبڕکێییانە بمێننەوە، هەتاوەکو هەناردەکردن هەمەڕەنگ بێت، ئەو هەنگاوانەی چین لەم بارەیەوە دەیاننێت کاریگەرییەکی دیاریکراویان دەبێت لە وڵاتەکانی دیکەدا. بۆ نموونە لە کەرتی وزەی سەرەکی، دەبینین جۆرەکانی وزە زیاتر بەردەستبوون و هەمەڕەنگییان بەخۆوە بینیوە، هەروەک چۆن لەنێو کەرتە دیاریکراوەکاندا -بۆ نموونە نەوت و گازی سروشتی- گەلێک سەرچاوەی دیکە هەن بۆ پاڵپشتیی و جێگرتنەوە.

خشتەی ژمارە (5)

هێنراوە سەرەکییەکانی چین لە بەرهەمەکانی دەرامەتە سروشتییەکان (جگە لە کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیی و سوتەمەنی) و بەرکەوتەیان، ساڵی 2009

سەرچاوە: داتابەیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرژمێریی

| سیستەمی پۆلێنکاریی بەرهەمە ئەمریکییەکان HSUS(–4) | جۆری بەرهەمەکە | داهاتەکان (ملیۆن دۆلار) | داهاتەکان وەک ڕێژەی % دەرامەتە سروشتییەکان | داهاتەکان وەک ڕێژەی % داهاتەکانی جیهان | ولاَتە هاوردەکەرە سەرەکییەکان (و بەرکەوتەیان) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2601 | خاوی ئاسن | 50.140 | 69.3 | 64.9 | ئوستراليا | بەڕازیل | هیندستان | 40.1 | 25.7 | 15.2 |
| 2603 | خاوی مس | 8.479 | 11.7 | 27.9 | چیلی | پیرۆ | ئوستراليا | 24.2 | 16.1 | 12.7 |
| 2608 | خاوی زینک | 1.883 | 2.6 | 36.8 | پیرۆ | ئوستراليا | یە. ئەوروپا 27– | 28.7 | 27.2 | 9.9 |
| 2602 | خاوی مەگنیسیۆم | 1.773 | 2.5 | 52.3 | ئوستراليا | ئەفریقیای باشوور | گابۆن | 36.6 | 22.4 | 12.2 |
| 2607 | خاوی قورقوشم | 1.737 | 2.4 | 44.1 | پیرۆ | و. ی. ئەمریکا | یە. ئەوروپا 27– | 30.4 | 16.8 | 12.1 |
| 2610 | خاوی کرۆم | 1.311 | 1.8 | 75.3 | ئوستراليا | بەڕازیل | هیندستان | 40.1 | 25.7 | 15.2 |
| 2604 | خاوی نیکڵ | 1.057 | 1.5 | 54.2 | ئەندۆنیسیا | فلیپین | ئوستراليا | 30.4 | 26.2 | 22.4 |
| 2515 | مەڕمەڕ و بەردی جیر و ئیکۆسین | 861 | 1.2 | 55.0 | تورکیا | یە. ئەوروپا – 27 | میسر | 39.2 | 29.1 | 15.0 |
| 2613 | خاوی مۆلیبدینیۆم | 766 | 1.1 | 24.4 | چیلی | و. ی. ئەمریکا | ی. ئەوروپا 27– | 45.8 | 20.4 | 7.1 |
| 2503 | گشت جۆرەکانی کبریت، جگە لە گوڵی کبریت | 705 | 1.0 | 37.8 | کەنەدا | سعودیە | و. ی. ئەمریکا | 18.0 | 17.9 | 10.7 |
| | دەرامەتە سروشتییەکان، جگە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان | 72.332 | 100.0 | 41.1 | | | | | | |
| 0–97 | گشت بەرهەمەکان | 1.005.555 | | 8.3 | | | | | | |

بازرگانیی بەرهەم UN COMTRADE.


سەرەڕای ئەوەش، وەک ئیلتیزاماتەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی

جیهانی هەستاوە بە کۆتوبەندکردنی بواری گەیشتنی تایبەتمەند بۆ بازاڕەکان، یەکێک لە بەندەکانی یاسای ڕێکخراوەکە (مادەی ژمارە 17 لە ڕێککەوتننامەی «گات»ی ساڵی 1994 سەبارەت بە پڕۆژە بازرگانییە حکومییەکان) ڕێگری لە وڵاتە بازرگانییەکان و وەبەرهێنەرەکان دەکات بۆ لادان لە پرەنسیپی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێریدا. بەوجۆرەش، لەڕووی مەبدەئییەوە -تەنانەت بۆ کۆمپانیایەک کە خاوەندارێتییەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو حکومەتەی لە دەرەوە هەیە- ناتوانێت بەشێوەیەکی جیاکارییانە بەرهەمی خۆی بگوازێتەوە بۆ نیشتیمانی دایک. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی ئەو بەندە گشت ئەم جۆرە پڕۆژانە لەخۆدەگرێت، لەهەر جێگەیەک بێت، هەربۆیە شتێکی ناروونە ئەگەر ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بیهەوێت دەوڵەتێک پەیوەست بکات بەوەی کۆمپانیاکانی ئەو دەوڵەتە سەرڕاست بن بەرامبەر ئیلتیزاماتەکانی، تەنانەت ئەگەر ئەو کۆمپانیایانە لە دەرەوەی خاکی دەوڵەتەکەش بن. چۆنیەتی ڕاڤەکردنی ئەم بەندە و جێبەجێکردنی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان دەبێت لەسەر مەودای ئەو بازنەیەی دەوڵەتانی وەکو چین بەهرەمەند بوون لێی بۆ دڵنییای وەرگرتن سەبارەت بە دەستپێگەیشتنێکی تایبەت بە دەرامەتەکان لە میانەی وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵات.

چارتی ژماره (5)

وەبەرهێنانە بیانییە ڕاستەوخۆکانی چین لە دەرامەتە سروشتییەکاندا

**پشکی کۆی وەبەرهێنانە بیانییە ڕاستەوخۆکانی چین (لای چەپی چارتەکە)، پشکی کۆی وەبەرهێنانە بیانییە ڕاستەوخۆکان لەسەرئاستی جیهان لە دەرامەتە سروشتییەکاند (لای ڕاستی چارتەکە)**




سەرچاوە: Kierkedaand - 2012

لە کۆتاییدا، دەکرێت لەمیانەی کۆتکردنی هەناردەی دەرامەتەکانەوە، مافی تایبەتیی (حصري) بهێندرێتەئاراوە لە دەستپێگەیشتن بە دەرامەتەکان، ئیدی خودی دەوڵەت دەبێتە خاوەنی پشکی سەرەکیی دەرامەتەکان. لە دۆخی چیندا وەک پێشتر گفتوگۆمان لەسەرکرد، بەڵێ کۆمەڵێک مەترسیی وروژێنراون، لەبەرئەوەی هەناردەی کانزا دەگمەنەکانی زەویی کۆتکردووە، کە لە هەندێکیاندا باڵادەستە (وەک ئیسکاندیۆم و ئیتریۆم) بەرێژەی زیاتر لە 70%ی هەناردەی جیهانیی، هەروەها کەرەستە خاوە سەرەکییەکانیش بەهەمانشێوە، وەک فۆرمە جیاجیاکانی بۆکسایت و مەگنیسیۆم و زینک، کە بەهەمانشێوە چین لە هەناردەی جیهانیدا پشکی شێری هەیە تیایاندا.

# 5

## هەژمووونی چاوەڕوانکراو: ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ڕامیارییەکان و هاریکاریی نێودەوڵەتی

ئەو سیناریۆیەی زۆرترین ئەگەری ڕوودانی هەیە ئەوەیە کە بەرژەوەندیی چین لە سیستەمێکی بازرگانیی کراوەدا بێت، پاشان کاربکات بۆ پارێزگارییکردن لەوجۆرە سیستەمە. بەڵام ناتوانین دڵنیابین لەوەدا؛ بەوپێیەی خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مەیلی ئەوەی هەیە یاری بە سیستەمی بازرگانیی جیهانی بکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی، وەک لە پێشووتردا باسمانکرد.

لەڕوانگەی چینەوە، بێگومان هەڵسەنگاندنی خۆی دەبێت بۆ سوودەکانی پەیوەستبوون بە پرەنسیپەکانی ڕێککەوتننامە فرەلایەنەکان -لەڕووی توانستی ئابوری و دابەزاندنی تێچوونی مامەڵەکان و ئاستی هەرەنزمی ناکۆکییە سیاسییەکان- هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستی پڕسوودی زیاتر، هەم دوولایەنە و هەم فرەلایەنە، لە میانەی بەکارهێنانی هێزە ئابوورییە گەشەکردووەکەیەوە.

هەروەها لەڕوانگەی لایەنەکانی دیکەی جیهانەوە، مەترسییەکی گەورە هەیە، کە لەوانەیە پێویستییان بە سیاسەتێکی دڵنیاکەرەوە هەبێت دژ بە هەنگاوەکانی چین بۆ دەمەزەردکردنەوەی هێزی خۆی بۆ زامنکردنی دەستکەوتە بازرگانییەکانی. یەکێک لە ڕێگەکان بۆ گوزارشتکردن لەوەی کە کۆمەڵگەی جیهانیی درک دەکات بە پێویستیی مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتی چینی باڵادەست لە داهاتوودا و پێویستیی جێبەجیکردنی ئەو کارە لەڕێگەی میکانیزمی فرەلایەنەوە، بریتییە لە ئەنجامدانی دەستپێشخەرییەکی نوێ سەبارەت بە دانوستانە بازرگانییەکان -کە ئەجێنداکەی گرنگیی بدات بە دۆخی چین- کە ئامانج لێی جێگیرکردنی هەنگاوەکانی چین بێت لە سیستەمی بازرگانیی فرەلایەندا تا دوائاست کە بتوانرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەمانەوێت سەرەتا ئاماژە بەوەبدەین کە بەشی گەورەی «ئەجێندای دەوحە»ی ئێستا، هاوشێوەی دانوستانەکانی

گەیشتن بە بازاڕەکان لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها هاوشێوەی پرسەکانی پاڵپشتیکردنی ناوخۆیی بۆ کشتوکاڵ، هێشتا گرنگیی خۆی هەیە، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی گەشەکردنی هێزی چین گرنگییەکەی زیاتریش بووە. دوو نموونە هەن لەسەر ئەمە. سەرەڕای ئەوەی چین پەیمانی داوە بە ئیلتیزاماتی بەرچاوتر بۆ کردنەوەی بازاڕی خزمەتگوزارییەکان وەک بەشێک لە دانوستانەکانی پەیوەندیکردنی بە رێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە، بەڵام هێشتا چەند کۆتوبەندێکی دیار بوونیان هەیە، لەوانە بۆ نموونە کۆتوبەند لەسەر خاوەندارێتیی بیانی لە بواری پەیوەندییەکان و دڵنیایی لە ژیاندا، هەروەها کۆتوبەندی نادیاریش (ضمنی) هەن، بۆ نموونە لەسە پڕاکتیزەکردنی دەسەڵاتی نرخپێدانی رێکخەرانە لە خزمەتگوزارییە داراییەکاندا و بەدەستهێنانی داشکاندان. لای هەناردەکەرانی خزمەتگوزارییەکان لە دەوڵەتانی دیکە، گرنگیپیدانێکی بەهێز هەیە بە بازاڕە زەبەلاح و گەشەکردووەکەی چین، بەتوندی داوای لابردنی ئەو ئاستەنگانە دەکەن کە هێشتا لانەبراون، هەروەها داوای شەفافیەتی ریکخستنی زیاتر دەکەن. بەوپێیەی چین خۆیشی گرنگیدەدات بە هەناردەکردنی خزمەتگوزارییەکان -دەبینین هەناردەکراوەکانی لە خزمەتگوزارییەکان گەشەیانکردووە بۆ زیاتر لە 18% لەساڵێکدا بە درێژایی دە ساڵی رابردوو- پێدەچێت بنەمایەک بۆ سازش هاتبێتە ئاراوە، بەتایبەت ئەگەر دەوڵەتە پیشەسازییەکان و دەوڵەتانی خاوەن بازاڕی هەڵکشاو ئامادەبن بۆ قوڵکردنەوەی کرانەوەی بازرگانیی سنوورەکان لە خزمەتگوزارییەکان و رێگەدان بە وەبەرهێنانی راستەوخۆی چینی بەبێ بوونی ئاستەنگی نادیار (ضمني).

لە کەرتی کشتوکاڵدا، باربووەکانی چین بۆ جوتیارەکانی لەنێوان ساڵانی 2008 و 2010دا شەش هێندە زیادیکردووە و گەیشتۆتە 147 ملیار دۆلار (OECD, 2011). راپۆرتی "رێکخراوی هاریکاریی و پەرەپێدان OECD" ئاماژە بەوە دەکات کە باربووەکانی چین

بۆ جوتیاران بەو ژمارە ڕەهایانە، زۆر زیاترن لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەش بە جوتیارەکانی خۆی دەکات، بەڵکو لەڕووی ئەو ڕێژەیەشەوە کە باربووەکان بەشدارن لە داهاتی جوتیاردا، ساڵی 2010 ئەو ڕێژەیە لە چین گەیشتە 17%، کە زیاترە لە دووهێندەی بەرامبەرەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە ڕێژەکەی گەیشتۆتە تەنها 7%. پرۆگرامی پاڵپشتیی کشتوکاڵ لە رووی ژمارە و پانتاییەوە بە رادەیەکی زۆر لە بودجەدا زیادیکردووە، تەنانەت فۆڕمی پارەپێدانی راستەوخۆی وەرگرتووە بۆ پاڵپشتیی داهات. لەم بارەیەوە، وەها دەردەکەوێت کە چین هاوکۆکە لەگەڵ ئاڕاستەیەکی بەرفراوانتردا، کە تێیدا دەوڵەت -کاتێک زیاتر دەوڵەمەند دەبێت- لە سەپاندنی باجەوە وەردەچەرخێت بۆ پێدانی باربوو و کۆمەکی کشتوکاڵی. ئەم بەرەوپێشچوونانە وادەکەن پێکهاتەکانی پاڵپشتیی ناوخۆیی بۆ دانوستانەکانی کشتوکاڵ گرنگیی زیاتریان هەبێت.

ئەوەی پەیوەستە بەم لیکۆڵینەوەیەوە هەوڵدەدات بۆ دیاریکردنی پێکهاتەگەلی نوێ بۆ گرێبەستێک کە پێدەچێت دەرکەوتنی چین بوونی ئەو گرێبەستە بێنێتەئاراوە. بەشێکی ئەم پێکهاتانە، وەک کۆمەکە پێدراوە بازرگانییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ئاووهەوا و نرخەکانی دراوگۆڕینەوە، هیچ گفتوگۆیەکیان لەسەرنەکراوە لە "ئەجێندای دەوحە"دا، لەکاتێکدا پێکهاتەکانی دیکەی وەک ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی سەرمایەگوزارییەکان، تەنها بەشێوەیەکی بەشەکیی (جزئي) گفتوگۆیان لەسەرکرا. هەروەها لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات بۆ دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە چین لە داهاتوودا تێدەکۆشێت بۆ کردنەوەی بازاڕەکان و سازشکردن لەلایەن هاوبەشە بازرگانییەکانی دیکەوە، هەروەها ئەو بوارانەی کە چین پێویستی بەوەیە تێیدا بازاڕەکانی بکاتەوە، یاخود قبوڵکردنی سیستەمی دیکە وەک بەدەنگەوەهاتن بۆ داواکاریی هاوبەشە بازرگانییەکانی[31].

**ئاسایشی خۆراک و وزە و دەرامەتەکانی دیکە**

لەماوەیەکی ناوەندییدا چین دەبێتە هاوردەکەرێکی گەورەی وزە و مادە خۆراکییەکان. هاوکات پاڵنەرێکی هەیە بۆئەوەی دەوڵەتە هاوبەشەکانی هەناردەکراوەکانیان لەم بەرهەمانە کەمنەکەنەوە.

فشار لەسەر پڕکردنەوەی سەرچاوە خۆراکییەکان هاوشان لەگەڵ بەرزیی نرخی خۆراک، لە مەودای ناوەند و دووردا کاریگەرییان دەبێت؛ لەبەرئەوەی هەندێک لە هۆکارە بزوێنەرەکان -وەک هەڵکشانی گەشەسەندنی جیهانی گەشەسەندوو کە خواستی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی، دابەزینی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، ئەو فشارەی بەهۆی گۆڕانی ئاووهەواوە لەسەر سەرچاوە کشتوکاڵییەکان دروستبووە- پێدەچێت خاوەن سروشتێکی بەردەوام و هەمیشەیی بن. لەم جێڕهوتە فراوانەدا، چاوەڕواندەکرێت چین لە هەوڵەکانیدا بۆ پشتبەخۆبەستن رووبەڕوی دوانەیەکی نەگۆڕ و سنووردار ببێتەوە کە خۆیان لە (خاک و ئاو)دا دەبیننەوە.

ئەوەی ئەم بنەڕەتانەی گرانتر کردووە بریتییە لە دوو جۆر دەستتێوەردان لە بواری سیاسەتی بازرگانیدا: کۆتەکانی هەناردەکردن لەسەر کەرەستە خۆراکییەکان، سیاسەتەکانی سوتەمەنیی زیندوو (biofuel) پەیوەست بە بازرگانی لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا. لە قەیرانی خۆراکی ساڵی 2008دا، 18 دەوڵەت هەستان بە سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر هەناردەکراوەکان (World Bank, 2008). ئەگەر چین لە کاتی قەیرانەکاندا ملکەچی ئەو کۆتوبەندانە بکرێت کە لەلایەن دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانەوە بەسەر هەناردەکراوەکاندا دەسەپێندرێت، وەک ئەوەی ئەرجەنتین سەبارەت بە بەرهەمی سۆیا کردی، ئیدی چین بەوجۆرە لە بازرگانی دەڕوانێت کە رێگەیەکە پشتی پێنابەسترێت لە پاراستنی ئاسایشی خۆراکدا، پاشان فشاری زیاتر دێتەئاراوە بۆ بزاوتن بە ئاڕاستەی پشتبەخۆبەستن وەک دڵنیاییەک بەرامبەر کاتە قەیراناوییەکان. بێگومان ئەم کارەش تێچوونی خۆی دەبێت.

باشترین چارەسەر بوونی سیستەمێکە کە لەژێرسایەیدا

هاوردەکراوەکان و هەناردەکراوەکان ئازادبن و لە کاتە باش وخراپەکاندا ڕۆڵی خۆیان بنوێنن. "خولی دەوحە" تەرخانکرابوو بۆ فۆڕمە ترادیشناڵەکانی پاراستنی کشتوکاڵ –وەک کۆسپەکانی بەردەم بازرگانی لە دەوڵەتە هاوردەکەرەکاندا، کۆمەک و باربووی بەرهەمهێنانی خۆراک لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەکاندا- کە لە ئێستادا و بە لەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و کەمبوونەوەی کۆسپەکانی بەردەم هاوردەکردن، گرنگییەکی کەمتریان هەیە[41]. هەروەها لە بەرژەوەندی چیندایە کە ئەجێندای بازرگانی فراوانتر بکرێت و سیاسەتەکانی سووتەمەنی زیندووی پەیوەست بە بازرگانییەوە لەخۆبگرێت، وەک ڕەسمی گومرگیی لەسەر هاوردەکردنی (ئیسانۆڵ)، و گشت کۆسپە بازرگانییەکانی تایبەت بە هاوردەکراوەکان و هەناردەکراوەکان[51].

زۆربەی پێشبینییە مەودا مامناوەندییەکان گریمانەی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی وزە دەکەن، کەرەستەی ئەم پێشبینییەشیان دوو شتە؛ یەکەم، زۆربوونی خواست لەسەر وزە لە ئابوریی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکاندا، وەک چین و هندستان، دووەم، نەبوونی دڵنیایی سەبارەت بە کەرەستە و سەرچاوە بەردەستەکان، کە ئەمەش لەو مەترسییە چەندبارەبووەوانەوە سەبارەت بە ئاسایشی وزە سەرچاوەیان گرتووە. لەلایەکی دیکەشەوە بەرگرییەک بوونی هەیە لە دەرامەتە نەوتییەکان لەودەمەی وڵاتانی وەک چین و هیندستان هەوڵی ئەوە دەدەن کە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ئەو بوارە بکەن لەمیانەی وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆ.

یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی لەپشت بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە خۆی مەڵاسداوە، بریتییە لە گەلەکۆمەکێی بازاڕەکانی نەوت لەلایەن هەناردەکەرانی نەوتەوە. یەکێک لە نشوستە جێ سەرنجەکان لە سیستەمی بازرگانیدا ئەوەیە کە هیچ ڕێسایەکی فرەلایەن بوونی نییە لەسەر ئەو کۆتوبەندە حکومییانەی کاریگەرییان هەیە لە بەرهەمە هەرە گرنگە بازرگانییەکان. لای جیهان و چین بەرژهوەندییەکی زیندوو هەیە لە گرەنتیکردنی ئاسایشی وزە، پاشانیش ئەو بەرژەوەندییە بەوە

ئامانجی خۆی دەچەسپێنێت کە ڕێساگەلێکی فرەلایەن دابنرێت دژ بەو ڕەفتارە ژێربەژێرانەی هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی وزە، کە هەمیشە ڕێگەدەدەن بە ئاوارتەی ڕێگەپێدراو لەسەر بنەمای جێگیربوونی نرخەکان و پاراستنی ژینگە. ئەم جۆرە کارە پێکەوەییانە چین و دەوڵەتانی دیکە ناچار بە پێدانی تێچوونی کاری یەکلایەنە دەکات بۆ دڵنیایی سەرچاوەکان.

لەگەڵئەوەشدا، بەهەمانشێوە چین دەکەوێتە لایەکی دیکەی هاوکێشەی سەرچاوەکانەوە. کۆتوبەندەکانی چین لەسەر هەناردەکراوەکانی پێکهاتە دەگمەنەکانی زەوی، دووودڵی خستۆتە نێو جیهانەوە؛ بەوپێیەی تاڕادەیەک تاکە هاوردەکەری ئەمجۆرە کانزا پێویستانەیە بۆ بەرهەمە ئەلکترۆنییە جیهانییەکان، و پیشەسازییەکانی تایبەت بە بەرگری و وزەی نوێبووەوە (الطاقة المتجددة). بەڵام ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، وەک لە پێشووتردا ئاماژەمان پێدا بەم دواییانە گەیشتە ئەو بڕیارەی -پاش ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوایان لێکرد ئەوە بکات- کە چین ئیلتیزاماتەکانی هاتنەنێو ڕێکخراوەکەی پێشێلکردووە، ئەمەش بە ڕێگرتن لە هەناردەکردنی هەشت لە کەرەستە خاوەکان. سەرەڕای ئەوەی چین تانەی لە بڕیارەکە دا، بەڵام ملکەچی فشارەکان بوو بۆ ڕێگەدان بە هەناردەکردنی ئەو کەرەستانە. پێدەچێت بڕیارەکە هەندێک بەهای ناوازەشی هەبێت لە ڕاگرتنی کۆتوبەندەکانی سەر هەناردەی پێکهاتە دەگمەنەکانی زەوی. لەژێر سایەی ئەم بارودۆخەدا، لەوانەیە چین زۆرترین پریشکی پرەنسیپە گشتییەکانی بەربکەوێت کە هەر بەتەنها کۆتوبەندی بڕیی سەپێندراوی سەر هەناردەکراوەکان لانابات، بەڵکو باجی سەر هەناردەکراوەکانیش لادەبات، کە دەکرێت ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی هەبێت. بەشێوەیەکی تایبەتی ئەمە بەسەر خودی چیندا پڕاکتیزە دەبێت کە پشتدەبەستێت بە هاوردەکردنی دەرامەتە سروشتییە هەرە چڕەکان، وەک پێشتر گفتوگۆمان لەسەرکرد.

**دڵنیایی گەیشتن بە وەبەرهێنانە بیانییەکان**

وەبەرهێنانە دەرەکییەکانی چین -لەهەندێک حاڵەتدا- بوونەتە وروژێنەری هەستی دوودڵی و توڕەیی. لەبەرئەوەی دیارترین ئەو کێشانەی بەم دواییانە هاتنەپێش، ئەو رووداوەی پەیوەست بە کۆمپانیای «هواوی» بوو، کە دەزگای تەکنەلۆژیای چینی لە چەندین بۆنەی جیاوازدا رەتیکردۆتەوە رێگەی پێبدات بە کڕینی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەهۆی پەیوەندییە سەرزارەکییەکانی بە سوپای چینییەوە. بەهەمانشێوە، کۆمیسیۆنی ئەوروپی لێکۆڵینەوەی لەوەکرد کە ئایا پێویستە هیچ ئیجرائاتێک بگیرێتەبەر بۆ رێگرتن لەو پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنانەی کە سندوقە حکومییەکانی وەبەرهێنانی بیانی پێیهەڵدەستن. بەڵام ئەم چەشنە ئیجرائاتە تاکلایەنانە، کە زۆرێک لە وڵاتان بیر لە ئەنجامدانی دەکەنەوە، دەکرێت زۆر بە ئاسانی وەک رێوشوێنی پاراستن و بەرگری راڤەبکرێن، بەتایبەت ئەگەر بە ناوی ئاسایشی نیشتیمانییەوە پاساوبدرێتەوە، هەروەک ئەوەی کۆنگرێسی ئەمریکی هەوڵەکانی «دەزگای نیشتیمانیی چینی بۆ نەوتی دەریایی China National Offshore Oil Corporation” رەتکردەوە بۆ چنگخستنی کۆمپانیای ”یونوکاڵ UNOCAL“ی ئەمەریکی لەساڵی 2005دا.

دۆخەکە سەبارەت بە رێبازی فرەلایەن روونە؛ چین، وەک زۆرێکی دیکە لە وڵاتانی هەناردەکەری سەرمایە -لەنێویاندا وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست- خواستی بەدەستهێنانی دڵنیایی هەیە بۆ گەیشتن بە هەلی سەرمایەگوزاریی لە بازاڕە بیانییەکاندا. لای دەوڵەتانی کێشکەری سەرمایە مەترسی دروستبووە دەربارەی پاڵنەرەکانی پشت وەبەرهێنەرانی سەر بە حکومەتەکان و ئاکامەکانی ئەم جۆرە مامەڵانە. رێکخراوی بازرگانیی جیهانیش بە مەجلیسێکی گونجاو دادەنرێت بۆ ئەمجۆرە گرێبەستانە؛ لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی کردارەکی هەڵدەستێت بە رێکخستنی وەبەرهێنانەکانی کەرتی تایبەت، و وەبەرهێنانە حکومییەکان لە کەرتەکانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان،

وەک پەیوەندییە تەلدار و بێتەلەکان و گواستنەوە و پارەدارکردن (تمویل). یەکێک لە ڕێگەکانی بەڕێوەبردنی ئەمجۆرە وەبەرهێنان و سەرمایەگوزارییانە ئەوەیە کە داوا لە وڵاتانی هاوردەکەری سەرمایە بکرێت، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا، کە هیچ کۆتوبەندێکی بێبنەما بەسەر سەرمایەگوزارییەکاندا نەسەپێنن. لەبەرامبەردا، وڵاتە وەبەرهێنەرەکان پەیمان دەدەن بە شوێنکەوتنی پێوەرە دەستنیشانکراوەکانی تایبەت بە شەفافیەت و پەیوەندییە کێبڕکێییەکان لەگەڵ حکومەتەکاندا، هەروەها پەیمان دەدەن بە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بازرگانییە پوختەکان، لەسەر ڕێچکەی خۆپەیوەستکردنێکی ئارەزومەندانە بە ڕێساکانی هەڵسوکەوتی تایبەت بە سندوقی ئەو سامانە سیادییانەی کە دانوستانیان دەربارە کراوە لەژێر چاودێریی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا، لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2008دا.

## سنوورەکانی ئەو ڕێوشوێنە بازرگانییانەی لە گۆڕانی ئاو و هەواوە پەیدادەبن

سەرەڕای ئەوەی گفتوگۆکانی تایبەت بە گۆڕانی ئاووهەوا قورسایی خۆی لەدەستداوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵە سیاسییەکان لە داهاتوودا بخرێنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانی ئاو و هەوا. لەبەر ڕۆشنایی نزمکردنەوەی قەبارەی دەردراوە گریمانەکراوەکان کە دەوڵەتە پیشەسازییە سەرەکییەکان لێکۆڵینەوە لەسەر جێبەجێکردنی دەکەن، چەندین داخوازی هەن بۆ هاوسەنگکردنەوەی فشارە کێبڕکێییەکان بۆ هاوردەکراوەکان لەو وڵاتانەی دەردراوەکان بەجۆرێک نزمدەکەنەوە کە جێگەی خواست نییە. نموونەی هەرە توند بۆ کاری بازرگانی، ئەوەیە کە پێکهاتەی کاربۆن لە هاوردەکراوەکانیدا هەیە، و بەسەر گشت هاوردەکراوە کاڵاییەکاندا جێبەجێدەکرێت. بێگومان ئەمەش ئەو مەترسییانە چارەسەردەکات کە پەیوەستن بە توانای کێبڕکێخوازانەوە، لەگەڵ ئەو مەترسییە ژینگەییانەی لە وڵاتانی داهات

بەرزدا هەن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەردەکێشێت بۆ زیان گەیاندن – بەشێوەیەکی مەترسیدار- بە ئاسۆی بازرگانیی هاوبەشە بازرگانییەکانی لە وڵاتە گەشەسەندووەکان. ئەوە جێگیربووە کە ئەمجۆرە ڕێوشوێنە بەو مانەیە دێت کە ناوەندی ڕەسمە گومرگییەکان لەسەر هاوردەکراوە کاڵاییەکان لە هیندستان و چین دەگاتە زیاتر لە 20%، هەروەها دەبێتەهۆی دابەزاندنی هەناردەکراوە پیشەسازییەکان بۆ نێوان 16% و 21% (Mattoo, Ng, and Subramanian).

ئەگەر بەهۆی ئەم ڕێوشوێنە توندانەوە چەند کێشەیەک هاتبێتە ئاراوە، بەهەمانشێوە چەندین کێشەی سیاسی لە چاوپۆشیی و نەگرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانەوە پەیدادەبن. بەمجۆرە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەی مامناوەندیی دەدات کە ببێتە مایەی چارەسەرکردنی مەترسییەکانی سەر توانای کێبڕکێکارانەی بەرهەمهێنەرەکان لەو وڵاتانەی خاوەن داهاتێکی بەرزن لە چوارچێوەیەکی فراواندا بەبێ بەدواداهاتنی زیانی ترسناک بۆسەر بازرگانیی وڵاتە گەشەسەندووەکان. لە روانگەی بازرگانیی وڵاتانی گەشەسەندووەوە ئەمە ئۆپشنێکی کەم زیانە. لەبەرئەوە -وەک بەشێک لە هەر ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دەربارەی گۆڕانی ئاووهەوا- دەکرێت چین هەوڵبدات بۆ دانوستانکردن دەربارەی ئەو ڕێسایانەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کە گشت فۆڕمەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ باجی کاربۆن لادەبەن، یاخود بەپێی مەرجە توندەکان ڕێگەدەدرێت بە ئۆپشنێکی کەم زیان.

### کرِیارە حکومییەکان

تارِادەیەکی زۆر کرِیارە حکومییەکان لە ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی رزگاریان بووە. بە لەبەرچاوگرتنی نارِوونییەکان و نەبوونی لێپرسینەوە و جیاکاریی لە سیستەمی کرِیارە نیشتیمانییەکاندا، بێگومان ئازادکردنی بازرگانی سوود و کەڵکی گەورەی ناوکۆیی لێدەکەوێتەوە. گروپێکی لاوەکی لە وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتنی

تایبەت بە کڕیارە حکومییەکان، کە زۆرینەیان وڵاتانی پیشەسازیین، بەڵێنیاندا لەناوخۆیاندا جیاکاریی نەکەن بەرامبەر یەکتر. بەڵام وڵاتانی نائەندامی وەک چین، زامنی مامەڵەیەکی دادپەروەرانە ناکەن لە وڵاتەکانی دیکەدا. کۆی گشتیی قەبارەی بازاڕی کڕیارە حکومییەکان بە 15% بۆ 20%ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئابورییەکانی سەر بە «رێکخراوی هاریکاریی ئابوری و گەشەپێدان» و پشکی هەرە گەورەی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکان دەخەملێندرێت. کارمەندانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی ئەو بەشەی لە ئێستادا دەچێتە چوارچێوەی «پڕۆگرامی کاری جیهانی GPA“هوە، بە کەمتر لە 3%ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی دەخەملێنن. سەبارەت بە چین، پاڵنەرە روون و ئاشکراکەی بریتییە لە گرەنتیی گەیشتن بە بازاڕی کڕیارەکان لە وڵاتە گەشەسەندووە پیشەسازییەکان، ئەمەش بەتەواوی دەگونجێت لەگەڵ بوونی چین وەک هاوردەکەرێکی کێبڕکێکەر لە جیهاندا.

لەهەمان کاتدا، کڕیارە حکومییە چینییەکان لە پاراستنێکی بەرز و گەورە بەهرەمەند دەبن، هاوکات هاوبەشە بازرگانییەکان بەرژەوەندییەکی گەورەیان لەوەدایە ئەم پاراستنە کەمبکرێتەوە. حکومەتی ناوەندیی چین ئاماژە بەوە دەکات کە بەتەنها کڕیارەکانی لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان گەیشتووە بە زیاتر لە 88 ملیار دۆلاری ساڵانە، هەروەها بە زیادکردنی کڕیاڕی کیانە حکومییە لاوەکییەکان، قەبارەی بازاڕی کڕیارەکانی چین بە زیاتر لە 700 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. هاوکات بەپێی خەمڵاندنەکانی سکرتاریەتی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی، دەکرێت لانیکەم سێیەکی [قەبارەی ئەو کڕیارانە] بچنە چوارچێوەی رێساکانی ”پڕۆگرامی کاری جیهانی“یەوە. ئەمەش بە گەورەترین خەڵات دادەنرێت بۆ وڵاتانی دیکە. هەروەها دەکرێت ئەوە ببێتە بناغەیەک بۆ گرێبەستی نێوان ئەو وڵاتانەی بازاڕەکانیان تازەپێگەیشتوو و گەورەیە و دەکەونە ناو ”پڕۆگرامی کاری جیهانی“یەوە دەربارەی گەیشتنێکی ناوکۆیی بە بازاڕی کڕیارەکانیان. بەبێ گومانیش وڵاتانی دیکە خواستی

ئەوەیان هەیە دانوستان بکەن سەبارەت بە ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ مسۆگەرکردنی شەفافیەت، و سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر ئازادیی هەڵسوکەوتی کڕیارە چینییەکان.

**نرخی دراوگۆڕینەوە**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، نرخ دانان بۆ دراوە سەرەکییەکان بە کەمتر لە بەهای ڕاستەقینەی خۆی، بەتایبەت رەنمینبیی چینی، هەر بەتەنها نەبۆتە سەرقاڵیی سەرەکیی وڵاتانی ناپیشەسازی، بەڵکو وڵاتە گەشەسەندووەکانیش. ئەو دراوانەی بە کەمتر لە بەهای خۆیان نرخدار کراون لە راستیدا لەجێگەی باجی هاوردەکردن و باربووی هەناردەکردنە، ئەو دەوڵەتانەی ئەم کارە دەکەن، لە کۆتاییدا دەبنەهۆی زیانگەیاندن بە قازانجەکانی پیشەسازیی ئەو دەوڵەتەی بازرگانیی تێدا دەکەن. پەیوەندیی نێوان بازرگانی و نرخەکانی دراوگۆڕینەوە بەجۆرێک پتەوە کە بواری فەرامۆشکردنی نییە[61]. سەرەڕای ئەوەی مادەی ژمارە (4:XV) لە ڕێککەوتننامەی "گات" دان بە بوونی هاوبەندی دەنێت لەنێوان ئەو دوو شتەدا، بەڵام بە روونی نرخەکانی دراوگۆڕینەوە بە کەمتر لە بەهای راستەقینەی خۆی قەدەغەناکات.

لەبەر چەند هۆکارێکی جیاجیای ناوخۆیی، چین هەوڵی گۆڕینی سیاسەتەکانی نرخی دراوگۆڕینەوەی تایبەت بەخۆی دەدات. ئەو هۆکارانەش ئەمانە دەگرێتەوە: پێویستیی بۆ دووبارە هاوسەنگکردنەوەی گەشەکردن، هەتاوەکو پشت بە خواستی ناوخۆیی ببەستێت لەبری خواستی دەرەکی، ئەمەش بۆ خۆدوورخستنەوە لەو مەترسیانەی ئەو وڵاتە رووبەڕوی بووەوە کاتێک لە ساڵی 2008دا گەشەی بازاڕی هەناردەکراوەکان تووشی داڕمان بوو، هەروەها لەپێناو نزمکردنەوەی تێکڕای بەرزی هەڵاوسان، و خۆدوورخستنەوە لە دراوە بیانییەکان، ئەمەش بە ئیزافەکردنی زیاتر بۆ پشکە یەدەگە بەرزەکان بە بەهای (3.2 ترلیۆن دۆلار)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زیانانەی کە

دواجار بەهۆی بەرزبوونەوەی بەهای رەنمینبییەوە لێیدەکەوێت و رەنمینبی دەبێتە دراوێکی نێودەوڵەتی، خواستی کردنەوەی هەژمارێکی سەرمایەی (capital account) تایبەت بەخۆی دێتەئاراوە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە بە خێرایی پێویست روونادەن. پێدەچێت بەگەڕخستنی هەوڵی فرەلایەن لەلایەن هاوبەشە بازرگانییەکانەوە بۆ تەمینکردنی رێسا نوێیەکانی نەهێشتنی نرخپێدانی دراوەکان بە کەمتر لە بەهای خۆیان، خستنەسەرێکی گرنگ بێت بۆ ئەو پێویستییە ناوخۆییانەی کە چین لە بەرزبوونەوەی نرخی دراوەکەیدا رووبەڕوی دەبێتەوە. بەهەمانشێوە پێویستیی گرتنەبەری ئاڕاستەیەکی فرەلایەن هەیە بە ئامانجی لەباربردنی ئیجرائاتە تاکلایەنەکان لە چەشنی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەرزایل بیریان لە گرتنەبەری دەکردەوە، پاشان دوورخستنەوەی مەترسییەکانی تۆڵەسەندنەوە و بەرزکردنەوە.

یەکێک لە ئەگەرەکانی بەرەوپێشچوون دەکرێت لە میانەی هاریکاریی هەریەکە لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە بێتەئاراوە. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی ئەزموونی تەکنیکی بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی نرخپێدانی بەهای دراوەکان. بەڵام بەوپێیەی ئەو دراوانەی بە کەمتر لە بەهای خۆیان نرخدار دەکرێن ئاستەنگی مەترسیداریان هەیە بۆسەر بازرگانی، ئەوا کارێکی لۆژیکییە کە سوود لە میکانیزمی جێبەجێکردنی رێساکان وەربگیرێت لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، کە بە کاریگەرێتیی و جێمتمانەییدا دەناسرێتەوە. بەمجۆرە رێکخراوی بازرگانیی جیهانی جێگەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ناگرێتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە، ئەم ریزبەندییە سوود لە تایبەتمەندییە رێژەییەکانی هەردوو دەزگاکە وەردەگرێت.

### tووندکردنەوەی ڕێکارەکان لەسەر جیاکاریی

بێگومان ئامادەکردنی ئەجێندایەکی کار سەبارەت بە ئازادکردنی بارگانی، بەجۆرێک کە چین و هاوبەشە بازرگانییەکانی

بگرێتەخۆ، کارێکی هەرە گرنگە. بەڵام ئایا ڕێککەوتننامە دوولایەنە و هەرێمییەکان، نەوەک بەستنی ڕێککەوتنامەی فرەلایەن، باشترین ڕێگەن بۆ هەنگاونان تێیدا؟ ئێمە لە ڕوانگەی خۆمانەوە وەهای دەبینین کە باشترین ڕێگە نین، لەبەر چەند هۆکارێک:

**1.هەرێمگەرایی تێکەڵاو**

بانگەشەکارانی ئەم ڕێبازە پشتیان بەو دینامیکییە کێبڕکێکارانەیە بەستووە کە لە ئەنجامی دانوستانکردنی دوو دەوڵەتەوە سەبارەت بە کەمکردنەوە تایبەتمەندەکانی کۆسپە بازرگانییەکانەوە ڕووەدەدات، کە ئەمەش دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە لایەنێک یان چەند لایەنێکی دەرەکی. پاشانیش لای ئەو لایەنە دەرەکییانە پاڵنەرێک دروستدەبێت بۆ دانوستانکردن سەبارەت بە خودی ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکان، هەتاوەکو لە دواییدا ئامانجی بازرگانییەکی ئازادی جیهانی بەدیدێت. بەم جۆرە [بانگەشەکارانی ئەم ڕێبازە] پێیان باشە گشت دەوڵەتان لە دانوستاندا بن سەبارەت بە ڕێککەوتننامە بازرگانییە ئازادەکان، لەنێویشیاندا چین.

سەرەڕای شێواندنی بازرگانی و ئاڵۆزکردنی، ئەم ڕێبازە دوو کێشەی تێدایە، کە جادیش باگواتی (Jagdish Bhagwati 2008) بە "کاریگەریی دەفری سپاگێتی[8]» ناوی بردووە.

بەسادەیی، سەرکەوتووبوونی ڕێککەوتننامە دوولایەنەکان لە رابردوودا لە سوککردنی بەربەستەکان و هێنانەئارای دینامیەتێک کە توانای کێبڕکێی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی زیاتر، ناتوانرێت بەسەر چیندا جێبەجیبکرێت. گرنگترین ئەو سەرکەوتنانەی ئەمجۆرە ڕێککەوتنامانە بەدییانهێناوە -ڕێککەوتننامەی بازرگانیی ئازادی ئەمریکای باکوور (NAFTA) و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی

---

**8- کاریگەریی دەفری سپاگێتی «spaghetti bowl effect" چەمکێکە لە سیاسەتی ئابوریدا ئاماژەیە بۆ ئەو ئاڵۆزکارییانەی بەهۆی جێبەجیکردنی ڕێساکانی پەیوەست بە (دیاریکردنی ئەو دەوڵەتەی بەرهەمەکەی لێوەدێت)ەوە ڕوودەدەن، کە پرۆسە بازرگانییەکان زیاتر ئاڵۆز دەکات و دەبێتەهۆی زیادبوونی تێچوونەکان. (و. عەرەبی).**

ئەوروپا- بریتییە لەوەی کە هێزە ئابوورییە گەورەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا بەشدارییان کردووە لە دانوستان لەگەڵ دەوڵەتە قەبارە بچوکەکان. بەمپێیە، ئەوە دەوڵەتە بچوکەکانن بەشداربوون لە بەشی زۆری ئازادکردنی پلەبەپلەی بازرگانیدا. لەم دانوستانانەدا، دەوڵەتە گەورەکان هەستاون بە باڵانسکردن لەنێوان هێزی دانوستان و کاریگەریی و بەکارهێنانی بە سەرکەوتوویی.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەژێرسایەی گەشەکردنی هێزی چیندا، تەراوزووی هێزی دانوستان لەبەرژەوەندیی چیندا دەبێت، نەوەک ئەو هاوبەشە بازرگانییانەی هەوڵ بۆ گرێدانی ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی دەدەن. لە دەیەی رابردووەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهەمانشێوە لە رێککەوتننامە دووقۆڵییەکانیدا سەبارەت بە مافی خاوەندارێتیی فکری هەوڵی سەپاندنی رێوشوێنی پاراستنی توندتر دەدات لەوەی لە رێککەوتننامە فرەلایەنەکاندا دانوستانی لەسەرکرابوو، هەروەها سەبارەت بە پێوەرەکانی دەڵاڵی و ژینگە، کە ناتوانرێت دانوستان لەسەر هیچکامیان بکرێت بە شێوەیەکی فرەلایەن. پاساوی سەرەکی بۆ رێککەوتننامە فرەلایەنەکان بریتییە لەوەی کە قورساییەکی یەکگرتوو هەبێت لەنێوان هاوبەشە بازرگانییەکانی چیندا، هەتاوەکو دانوستان لەگەڵ چیندا هاوسەنگییەکی زیاتری تێدابێت. بۆ نموونە، پێدەچێت چین ئامادەبێت بۆ کردنەوەی بازاڕی کڕیارە حکومییەکانی، لەبەرامبەر ئەوەی هاوبەشە بازرگانییە سەرەکییەکانیشی بازاڕەکانیان بکەنەوە. بەڵام ئامادەیی چین بۆ کرانەوە لە دانوستانەکاندا بەڕێگەیەکی هاوشێوە تەنها لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان یەکێتیی ئەوروپا، یاخود کۆمەڵێکی دیکەی کەمهێز لە ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکاندا ڕوون نییە. ئەگەر کێشەی بنەڕەتیی بریتیبێت لەو تێکچوونی هاوسەنگیی هێزەی بەهۆی دەرکەوتنی چینەوە هاتۆتەئاراوە، ئەوا ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکان بەهۆی جۆری ناساندنەکەیانەوە کاریگەرییەکی کەمتریان دەبێت لە رێککەوتننامە فرەلایەنەکان.

ئەگەر ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکان کاریگەرییەکی کەمتریان هەبێت سەبارەت بە دڵنیاییدان لە کرانەوەی بازاڕ، کێشەیەکی دیکەی هاوشێوە هەیە دەربارەی جێبەجێکردنی ڕێساکان و پاڵنەرەکانی پەیوەستبوون بەو ڕێسایانەی پێشتر ڕەزامەندییان لەسەرکراوە. پاڵنەری چین بۆ پابەندبوون بە ڕێسا فرەلایەنەکانەوە، زۆر بەهێزترە لە پابەندبوونی بە زنجیرەیەک لە ڕێککەوتننامە دوولایەنەکانەوە. هەروەها تێچوونەکانی پەیوەست بە ناوبانگ و کاریگەرێتیی و شەرعیەتی جێبەجێکردنی ڕێساکان، دەبێتە تەگەرەیەکی هەرە کاریگەر لە جێڕەوتی ڕێککەوتننامە فرلایەنەکان، زیاتر لە جێڕەوتی ڕێککەوتننامە هەرێمیی و دووقۆڵییەکاندا[71]. سوکایەتیکردنی پەیوەست بە لادانەکان لە عورفی جیهانی –لەبری ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکان- چەکی هەرە بەهێزی جیهانە کە دەتوانن دژ بە چین بەکاریبهێنن سەبارەت بە کۆتکردنی ئەو وڵاتە لەئێستادا بە ڕێگەیەکەوە کە ئەگەرەکانی بوونی ئەو وڵاتە بە هێزی باڵادەست لە داهاتوودا بۆ نزمترین ئاست کەمبکاتەوە.

**2.هەرێمگەرایی دووژمنکارانە**

ئەگەر لەبری ئەوەی گریمانە بکەین کە هاوبەشە بازرگانییە سەرەکییەکانی چین چوونەتە نێو ڕێککەوتننامەی دووقۆڵییەوە لەنێوان خۆیاندا بەدەر لە چین. دەتوانین بڵێین ئەمە بە ئاستێک لە ئاستەکان لەوانەیە ڕوودات: لەمڕۆدا زیاتر لە 300 ڕێککەوتننامەی تایبەتمەند هەن، بەڵام چین ژمارەیەکی کەم ڕێککەوتننامەی هاوشێوەی گرێداوە لەگەڵ دەوڵەتانی هاوبەندیی ئاسیان و پیرۆ و چیلی و نیوزلاند. دەکرێت بە هەمانشێوە «ڕێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک Trans-Pacific partnership agreement“، کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ 8 وڵاتی ئاسیا و زەریای هێمن لە دانوستاندا بوو بەبێ چین و ژاپۆن، لەم جێڕەوتەدا ببینین. هەروەها دەکرێت ڕێککەوتننامەکانی

هیندستان لەگەڵ ژاپۆن و کۆریا و هاوبەندیی ئاسیان، و بەم نزیکانەش لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا لەبەرچاو بگرین. ئەگەر ئامانج لە گشت ئەم کۆششە هاوبەشانە لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە گەمارۆدانی چین و تەگەرەدانان نەبێت لەبەردەم تواناکانیدا بۆ گەیشتن بە بازاڕی هاوبەشە بازرگانییەکانی، ئەوا ئامانجەکەی بریتییە لە ناچارکردنی بە دانوستانکردن دەربارەی کردنەوەی زیاتری بازاڕە ئاڵوگۆڕکارییەکان.

کێشەی ئەم ستراتیژییە ئەوەیە کە پێناچێت لە کورت مەودادا کاریگەریی خۆی بنوێنێت، بێگومان ئاسۆکانی هاریکاریی مەودا مامناوەند و دووریش لەناودەبات. لەڕاستیدا چین باڵادەستە و تارادەیەکی زۆر خۆی لە هەڕەشەکان بۆ سەپاندنی سزا بەسەریدا قوتارکردووە. چین هێزێکی بازاڕیی تەواوی هەیە کە بۆ دراوسێ ئاسیاییەکانی خۆی بخاتەڕوو یان بەڕوویاندا دایبخات. هاوکات پارەی تەواوی پێیە بۆ راکێشانی (إغراء) چاولەدەستەکانی، هەر لە ئەفریقیاوە بۆ نێو دڵی (نەک تەنها پەراوێز) ئەوروپا، بەمەش بەرپەرچی ئەو ئاڕاستەیەی دەوڵەتان بداتەوە لەو جۆرە هەرێمگەراییە دووژمنکارانەیەی بەرامبەری هەیانە. ماوەیەکی درێژ پێش ئەوەی هاوبەشە بازرگانییەکانی چین بتوانن گەمارۆی بدەن، چین گەیشتۆتە دانوستان سەبارەت لەسەر رێککەوتننامەکانی بازرگانیی ئازاد و وەبەرهێنانی لە ژێرخانی خۆیدا کردووە و هاوکاری هەندێک یان زۆرێک لەو دەوڵەتانەی کردووە لە رزگارکردنیان کاتێک کەوتوونەتە قەیرانی داراییەوە.

هەربۆیە هەر هەوڵێک بۆ بەکارهێنانی هەرێمگەرایی دوژمنکارانە دژ بە چین سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو یادگاریی ناخۆش و خراپ لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت. گومان لەوەدا نییە کە سیستەمی بازرگانی پێویستی بە دەوڵەتی چینی باڵادەست هەیە هەتاوەکو ڕق و قینەکانی دژ بە جیهانی دەرەکی بشارێتەوە.

**3.هەرێمگەرایی چینی**

گریمان وڵاتی چینی باڵادەست -لەپێناو دابڕینی ژمارەیەکی کەم لە دەوڵەتە بەئامانجگیراوەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هندستان- دەخوازێت بە شێوەیەکی شیاو وەڵامبداتەوە و دەستبکات بە دانوستان سەبارەت بە رێککەوتننامەکان بۆ بازرگانیی ئازاد بە رێگەیەک کە گەیشتنی تایبەتمەندی بە بازاڕەکانی دیکە مسۆگەربکات، و دەستپێگەیشتنی تایبەت بۆ بازاڕە تایبەتییەکانی بۆ هەندێک لە وڵاتانی دیکە فەراهەمبکات. هەروەها چین سەبارەت بە وەدەستهێنانی دەستپێگەیشتنی تایبەتمەند بۆ وزە و دەرامەتە سروشتییەکان لە وڵاتانی دیکە، دەتوانێت هەمان شت بکات.

دوودڵیی لەوەی چین بتوانێت دڵنیایی بەدەستبهێنێت لە گەیشتنی تایبەتمەند بۆ بازاڕە ئاسیایی و ئەفریقییەکان بۆ نمونە، هەروەها جیاکاریی بکات دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هندستان، پێدەچێت کەمترین دەرکەوتنی هەبێت، بەوپێیەی ئاستەکانی پاراستن لەمرۆدا بەشێوەیەکی گشتی نزمە، هاوکات لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا بەپێی یاسا چەسپێندراوە. بەوجۆرەش کاتێک ئاستی پاراستن بەرز دەبێت، دەستپێگەیشتنی تایبەتمەند بە بازاڕەکان کەمترین گرنگیی دەبێت، یاخو هەر لە بنەڕەتەوە لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە کە نوینەرایەتیی لایەنی سێیەم دەکات، لادەبرێت. بەڵام ناکرێت دەستەوەستان بین بەرامبەر پەراوێزە تایبەتمەندە بچوکەکان، لەبەرئەوەی لە بوارەکانی وەک خزمەتگوزارییە بازرگانییەکان و کڕیارە حکومییەکاندا، سیستەمی فرەلایەن ناتەواوە و بوارێکی فراوان هەیە بۆ مومارەسەی دەسەڵاتی نرخپێدان لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکاندا، هەروەها تائێستاش لە هەندێک کەرتی وەک دروستکردنی جلوبەرگ، ئاستی پاراستن بەرزە. سەرەڕای ئەوە، هەتاوەکو ئێستاش بوار لەبەردەم چیندا هەیە بۆ پێشکەشکردنی گەیشتنی تایبەتمەند بە بازاڕەکان بۆ دەوڵەتە دەستنیشانکراوەکان، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئاستەکانی پاراستنی چین کە هەتاوەکو ئێستاش لە کەرتی خزمەتگوزارییەکان و

کرپارە حکومییەکان و کەرتەکانی دیکەشدا بەرزە. بەشێوەیەکی گشتی ناتوانین ئەگەری بەستنی گرێبەستگەلی تایبەت دووربخەینەوە کە چین لەخۆدەگرێت، بەڵام سیستەمی بازرگانی تێکدەدات.

**4.سنوری هەرێمگەرایی: نموونەی «رێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک»**

ئایدیاکە لە ئێستادا زەمینەی خۆی بەدەستهێناوە بە ئاستێک کە «رێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک»ی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا خستۆتە لوتکەوە، هەروەها خۆی لەسەر ئەو بنەمایە هەڵچنیوە کە «ئاراستەیەکی هەرێمیی کراوە« دەکرێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی «ئاراستەیەکی فرەلایەنی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی»، بەوپێیەی بەرەیەکی دیکەیە بۆ ئازادکردنی بازرگانی، و باشترین رێگەیە بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ چین پەیوەست بە پرسە بازرگانییەکان. بێگومان گرنگیدان بە رێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک بۆتە شتێکی بەشەکیی (جزئي)، بۆ بەدەستنەهێنانی پێشکەوتن لە «خولی دەوحە«دا. بەڵام پێدەچێت ئەم گرنگیپێدانە وەهمیی بێت.

با لەم دوو سیناریۆیە بڕوانین: لە سیناریۆی یەکەمدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستپێشخەریی کرد لە پڕۆسەی تەواوکاریی قوڵ لەگەڵ ژمارەیەک لە وڵاتانی ئاسیا و زەریای هێمن بەبێ چین. بۆ خۆڕزگارکردن لە مەترسییەکانی هەرێمگەرایی دوژمنکارانە، دەکرێت دەوڵەتانی ئەندام لە «رێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک» دەستبدەنە ئاراستەی هەرێمێتیی کراوە (جۆرێکە لە پرەنسیپی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێریی مەرجدار، کە بەپێی ئەم ئاراستەیە ئەو دەوڵەتانەی کە مەرجەکانی رێککەوتننامەکە قبوڵدەکەن لە گشت سوودەکان بەهرەمەند دەبن، تەنها مەگەر دەوڵەتێک بکەوێتە دەرەوەی ریککەوتننامەکە).

ئەو کێشانەی لەگەڵ ئەم رێبازەدا دێنەئاراوە خۆی لەمانەدا

دەبینێتەوە: هەرگیز چین ڕەزامەندیی لەسەر ڕێسایەک دەرنابڕێت کە لە دانوستانەکانیدا بەشدارنەبووبێت. بۆ نموونە، ئەگەر دەوڵەتانی ئەندام لە «ڕێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک» دانوستانیان لەسەر ڕێساکانی نەهێشتنی نرخپێدانی دراو بە کەمتر لە بەهای خۆی کردبێت، چاوەڕواندەکرێت چین لە دەرەوەی وەها ڕێککەوتننامەیەک بمێنێتەوە. ئەگەر کارەکەش بەوجۆرە بێت، ئەوا زەحمەتە ئامانجی پێکەوەلکاندنی چین و ڕێکخستنەوەی ئەو سیاسەتانەی چین بەدیبهێندرێت کە بوونەتەهۆی وروژاندنی ئەو کێشانەی بە هۆکارێکی سەرەکیی دادەنرێن بۆ پارێزگارییکردن لە سیستەمی بازرگانیی کراوە. لەوانەیە کارەکە بەرەو خراپتر بڕوات؛ ئەگەر چین وەک هەرێمگەراییەکی دووژمنکارانە لە «ڕێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک» بڕوانێت کە چینی دوورخستۆتەوە، هەروەها لە بەرامبەردا دانوستان لەسەر ڕێککەوتننامەی تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی بکات -بۆ نموونە لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا بەتەنیا-، کە کارێکی لەم شێوەیە دەبێتە وەرچەرخانێکی بازرگانیی گەورە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتە هەناردەکەرەکانی دیکە، بەوپێیە ئاستەکانی پاراستنی چین لە هەندێک لە کەرتەکاندا بەرزە. پاشان لەوانەیە «ڕێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک» ببێتەهۆی ئیستفزازکردنی چین و پاڵپێوەبنێت بۆ چوونە ناو گەمەیەکی هەرێمگەرایی بەجۆرێک ببێتە گورزوەشاندن لە سیستەمی بازرگانی.

لە سیناریۆی دووەمدا، گریمان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چین بانگهێشتدەکات بۆسەر مێزی دانوستانی تایبەت بە «ڕێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک»، هەتاوەکو ببێتە بەشێک لە پرۆسەی داڕشتنی ڕێساکان. ئایا بەڕاستیی ئەمە سەرکەوتووتردەبێت لەو دانوستانانەی کە دەربارەی ڕێککەوتنی فرەلایەن لەگەڵ چیندا کراوە، کە هاوکات یەکێتیی ئەوروپا و بەرازیل و هندستان لەسەر مێزەکە دادەنیشن؟ ئەگەر کێشە لەگەڵ چینی دەرکەوتوودا پەیوەستبێت بەوەوە کە خاوەن هێزێکی گەورەترە لە سازش، بە

حکومی قەبارە ئابووریی و هەژموونەکەی، ئەوا پرۆسەی دانوستانی فرەلایەن قورسایی دانوستانیی زیاتر ئیزافەدەکات بۆ لایەنەکەی دیکە بە مەبەستی دانوستانکردن. چۆن دەتوانرێت بەکارهێنانی بەرازیل و هیندستان لەپێناو فشار خستنەسەر چین بە مەبەستی پەیوەستکردنی بە رێسای باشترەوە، رەتبکرێتەوە؟

کورتەی قسە ئەمەیە، «رێککەوتننامەی هاوبەشیی پاسیفیک» یان دەبێتە دوورخەرەوەی چین (کە کاریگەرییەکی کەمی دەبێت لەسەر سیاسەتی بازرگانیی هەرێمیی کراوە لە باوەڕهێنان بە چین بۆ هاتنەنێو رێککەوتننامەکە)، یان دەبێتە رێککەوتننامەیەکی کەم کاریگەر بە بەشداریکردنی چین، چونکە دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی دەوڵەتی بازرگانیی گەورەی دیکە -یەکێتیی ئەورووپا و بەرازیل و هندستان- کە پێدەچێت قورسایی بەکۆمەڵیان یەکلاکەرەوەبێت لە بەدیهێنانی هاوسەنگیی لە بەرامبەر هێزی دانوستانیی چین.

**5.رێبازی فرەلایەنی ئەمڕۆ، لەپێناو سیستەمی فرەلایەنی سبەی**

یەکێک لە رێگەکان بۆ هێشتنەوەی پەیوەندیی چین بە سیستەمی بازرگانیی فرەلایەنەوە، ئەوەیە کە هاوبەشە بازرگانییەکانی بە چین رابگەیەنن کە ئەوان لە مامەڵەکانی نێوان خۆشیاندا رێبازێکی فرەیی پەیڕەودەکەن، نەوەک هەر بەتەنها لە مامەڵەکانیان لەگەڵ چیندا. ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەک بۆ بەهای جەوهەریی رێبازی فرەیی، نەوەک هەر لەبەرئەوەی ئامرازێکە بۆ بەرگرتن بە چین. هەروەها یەکێک لە ئامانجەکانی ئەمجۆرە کۆسپانە بریتییە لە رێگرتن لە وڵاتی چینی باڵادەست لەمڕۆدا بۆ هەوڵدان بۆ رێککەوتننامەی تایبەتمەند لە سبەینێدا کە دەشێت ببێتە مایەی زیان بۆ دەوڵەتانی دوورخراوە. ئامانجێکی دیکەش هەیە کە خۆی لە پەیماندان بە چیندا دەبینێتەوە بۆ پێدانی دەستپێگەیشتنی تاڕادەیەک باشتر بۆ بازاڕەکان، لەبەرامبەر ئازادکردنی سیاسەتە بازرگانییەکانی.

چی شتێک پەیوەستبوون بە فرەیی خاوەن میسداقیەتەوە پێکدەهێنێت؟ بوارێکی گەورە هەیە لەبەردەم دەوڵەتاندا بۆ ڕاگرتنی ئاستی پەیوەستبوون بە فرەییەوە. کە وەهادەکات بە ئاسانی بتوانێت ڕێگریی لە بەستنی ڕێککەوتننامەی تایبەتمەندی نوێ بکات، و هەلی هاتنەنێو ڕێککەوتننامەکانی ئێستا پێشکەش بە چین (و دەوڵەتانی دیکە) بکات، لەڕووی کردارەکییەوە، لەچوارچێوەی «سیستەمی هەرێمیی کراوەدا»، یاخود هەنگاونان بەرەو ئاڕاستەی جێبەجێکردنی ریککەوتننامە تایبەتمەندەکانی ئێستا، یان فراوانکردنی بازنەی تەواوی سوودەکانی ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکانی ئێستای وڵاتانی دوورخراوە، لەنێویشیاندا چین. وەک لە سەرەوەدا بینیمان، جیهان بەشێوەیەکی کردارەکیی شێوازی ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکانی ئەزموونکرد، کاریگەرییە جیاکارییەکانی ڕێککەوتننامە تایبەتمەندەکان هەتاوەکو ئێستا سنووردارن. بەڵام کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لەسەر دەوڵەتانی دوورخراوە زیاتر دەبن ئەگەر ئەم ڕێککەوتنامانە قوڵتربکرێنەوە.

یەکێک لە بژاردەکان بە سادەیی بریتییە لە سڕکردنی دۆخی هەنووکەیی. ئەمەش لەڕێگەی پەیوەستبوونی سیاسییەوە، یاخود بەشیوەیەکی زیاتر درێژخایەن، ئەمەش لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی ڕێسا فرەلایەنەکانەوە. بژاردەی کۆتایی جێبەجێکردن و جەختکردنەوە لەسەر دوو مادە لەخۆدەگرێت: «پێنجەم» و «بیستوچوارەم» لە ڕێککەوتننامە هەرێمییەکانی ڕێککەوتننامەی «گات»ی ساڵی 1994، ئەمەش بە ئامانجی ڕێگرتن لە هەر ریزبەندییەکی تایبەتمەندی نوێ.

پەیوەستبوونی بەهێز لە وێنەی ڕێبازی هەرێمیی کراوەدا، وەک پێشتر لە چوارچێوەی «ڕێککەوتننامەی هاوبەشیی باسیفیک»دا گفتوگۆمان لەسەرکرد، ڕێگە بە هەر دەوڵەتێکی دوورخراوە دەدات -وەک چین- بۆ چوونەنێو ڕێککەوتننامە هەرێمییە بەستراوەکانەوە ئەگەر مەرجەکانی ئەندامێتیی تێدابێت. ئەم مەرجانەش سوککردنی ڕەسمە گومرگییەکان بۆ ئاستی هاوشێوەی دەوڵەتانی ئەندامی ئێستا، لەخۆدەگرێت. پێدەچێت ئەم ڕێبازە گونجاوبێت بەشێوەیەکی

تایبەتیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کۆسپانەی ناچنە چوارچێوەی رەسمی گومرگییەوە، وەک پێوەری بەرهەمەکان. بەهەمانشێوە لە بوارەکانی وەک کڕیارە حکومییەکان، کە دەکرێت پێشکەوتنی گەورەتر بەدەستبهێنێت لە کرانەوە لەنێوان دەوڵەتە بچوکەکاندا. لەم بوارانەدا، رێبازی هەرێمێتیی کراوە بە ناڕاستەوخۆ واتە ئامادەکاریی بۆ مامەڵەی دەوڵەتانی دەرەوەی رێککەوتننامەکە بەهەمان مامەڵەی بەشداربووانی رێککەوتننامەکە، بەو مەرجەی -بۆ نموونە- جێبەجێکردنی پێوەرە هاوشێوەکان بسەلمێنن، هەروەها هەرخۆیان رێگە بە گەیشتنێکی کێبڕکێکارانە بدەن بۆ بوارەکانی وەک کڕیارە حکومییەکان. لەڕاستیدا بنەمای ئەمجۆرە کرانەوەیە لە بەندەکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانیی ئێستادا هەیە، وەک رێککەوتن دەربارەی بەربەستە تەکنیکییەکانی بەردەم بازرگانی، هەروەها ئەو بەندەی لە رێککەوتننامەی «گات»دا هاتووە سەبارەت بە دانپێدانانی دوولایەنی رێککەوتنێک بە داشکاندن و تواناکان و پێوەرە هونەرییەکان، هەروەها لە رێککەوتننامەی کڕیارە حکومییەکاندا.

بەڵام پەیوەستبوونی هەرە بەهێز و هەرە گران لەڕووی سیاسییەوە، بریتییە لە گۆڕینی رێککەوتننامە تایبەتمەندە بەستراوەکان بۆ رێککەوتننامەی فرەلایەن. بەپێی ئەم گۆڕینە، رێگە بە دەوڵەتان دەدرێت بە پێشکەشکردنی دەستپێگەیشتن بۆ بازاڕەکان لەسەر بنەمای پڕەنسیپی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا بۆ گشت هاوبەشە بازرگانییەکان، بێگومان بەشێوەیەکی نموونەیی و بەپێی باشترین مەرجەکان -بۆ نموونە، کەمترین رەسمی گومرگی لە کاڵاکاندا، زۆرترین دەستکراوەیی سەبارەت بە خاوەندارێتیی بیانی لە کەرتی خزمەتگوزارییەکاندا- کە لەئێستادا پێشکەش بە هەر هاوبەشێک دەکرێت. لەکاتێکدا ئەمجۆرە فرەییە بە رووکەش گەلێک ناواقیعییە لەڕووی سیاسییەوە، بەڵام لەڕاستیدا کەلێنی نێوان مەرجەکانی دەوڵەتی یەکەم لە چاودێرییدا، لەگەڵ مەرجە تایبەتمەندەکاندا، سەبارەت بە کاڵا کەلێنێکی بچوکە، بەڵام بۆ خزمەتگوزارییەکان ئەو

کەلێنە بوونی نییە، بەو مانایەی کە نابێت تێچوونێکی زۆر بوونی هەبێت. ئامادەکاریی دەوڵەتان بۆ هەنگاونان بەرەو ئەم ئاستە یەکەم شت رادەوەستێتە سەر مەودای پێویستیی بۆ پێشکەشکردنی سپاردەی پێشەکی (عربون) بە چین، بەمەبەستی باشکردنی دەستپێگەیشتنی ئەو وڵاتە بە بازاڕەکان (ئەمەش لە میانەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەراوێزە تایبەتمەندە نێگەتیڤانەی لە ئێستا رووبەڕوی دەبێتەوە) لەپێناو هاندانی بۆ کرانەوەی زیاتری بازاڕەکانی. دووەم، رادەوەستێتە سەر مەودای پێویستیی بۆ دامەزراندنی پێشینەیەکی بەهێز بۆ مامەڵەی ناتایبەتمەند بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی هەژموونی چێن.

هەروەها یەکێک لە پرسە گرنگەکان بریتییە لە مەودای کاریگەریی ئەو بژاردە سیاسییانەی باقی دەوڵەتانی جیهان دەیگرنەبەر سەبارەت بە رەفتاری چین و سیاسەتەکانی لە سبەینێدا. ئەگەر دەوڵەتە گەورەکان لەمڕۆدا خۆیان لادەن لە لەخۆگرتنی هەرێمگەرایی، ئایا دەتوانن لە سبەینێدا چین هانبدەن بۆ پەیوەستبوونی زیاتر بە رێککەوتننامە فرەلایەنەکانەوە؟ ئایا کۆتاییهێنان بە گشت فۆڕمەکانی جیاکاریی لەئەمڕۆدا، ڕێگە لە جیاکاریی دەگرێت لە سبەینێدا؟ گرنگترین بەستەرەکانی نێوان ئێستا و داهاتوو چین؟

زەحمەتە لە ئێستادا وەڵامێکی ڕوون بۆ ئەو پرسیارانە چنگبخەین. بەڵام پێدەچێت پەیوەندییە پێکەوەییەکان بچنە نێو کۆمەڵێک لە گرنگیپێدانەکانی پەیوەست بە ناو و ناوبانگەوە، هەروەها بچنە چوارچێوە یاساییە نێودەوڵەتییکان و ڕێڕەوی پشتبەستنی مێژوویی بە کامڵبوونی ئابووری. رێککەوتننامە تایبەتمەندەکانی ئەمڕۆ (جا ئەگەر چین لەخۆبگرێت یان دووریبخاتەوە) شکۆ و ناوبانگی سیستەمی فرەلایەن و پڕەنسیپی یاسایی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاریی لاوازدەکات، پێشینەیەک دروستدەکات بۆ دەرچوون لێی. هەروەک چۆن هانی دابەشکردنی ئابورییانەی ئابوریی جیهان دەدات، بەوجۆرەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی تێچوونە ئابورییەکانی ئەوانەی لە دەرەوەی پڕەنسیپی نەهێشتنی جیاکاریین. لەبەرامبەردا، گۆڕینی

ریککەوتننامە هەرێمییە بەستراوەکان بۆ رێککەوتننامەی فرەلایەن، دەبێت پاڵپشتیی ناوبانگ و شکۆی پڕەنسیپی یاسایی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاریی و خەرجییە سیاسییەکان بۆ دەرچوون لێی. هەروەک چۆن هانی کامڵبوونی ئابورییانەی ئابوریی جیهانی دەدات لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی رێژەیی و دەبێتە پاڵپشتیکەری خەرجییە ئابورییەکان بۆ دەرچوون لە پڕەنسیپی نەهێشتنی جیاکاریی.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەجێندای ئازادکردنی بازرگانیی ئاڵوگۆڕکاریی -گرێبەستێکی نوێی فەرەلایەن کە پاراستنی چینی بگۆڕێت بە پاراستنی دەرەکیی- پێویستیی بەوەیە خۆی رێگەیەکی درێژ ببڕێت هەتاوەکو بتوانێت چارەسەری کێشەی جیاکاریی بکات، لۆژیکێکی سادە و روونە: هەرچەندێک بازاڕ زیاتر کێبڕکێکارانە بێت و کەمتر پاراستنی هەبێت لەسەر دەرامەت و کاڵا کۆتادارەکان، هێندەش کەڵکی وەدەستهێنانی دەستپێگەیشتنی تایبەت بۆ ئەو بازاڕانە کەمدەبێتەوە، هەروەها هێندەش ئەو خەرجییانە کەمدەبێتەوە کە ئەوانی دیکە دەیکێشن لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا. بەڵام هەتاوەکو سنوورگەلێک هەبن بۆ ئازادکردنی ئاڵوگۆڕکاریی بازرگانی، ئەوا سەپاندنی نەزمی زیاتر بەسەر جیاکارییدا دەبێتە کارێکی زەرووری و بەسوود.

## چەند سەرنجێکی کۆتایی

لەم دواییانەدا لێکۆڵینەوەکەی شواب (Schwab 2011) شکستی دانوستانەکانی دەوحە دەخاتەڕوو سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی هێزە نوێیەکان (بەتایبەتی چین و هیندستان) و هێزە کلاسیکییەکان (وەک یەکێتیی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). بە خوێندنەوەیەکی داهاتوو، دەبینین ئەم ناکۆکییە ڕێگەخۆشدەکات بۆ پێشبینیی ڕەشبینانە سەبارەت بە هاریکاریی لە داهاتوودا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرژەوەندیی هاوبەشی گەورە بوونیان هەیە، هەبوونی بواری دان و ستاندن لەنێوان هێزە کۆن و نوێیەکان لە خشتەی کارەکاندا چارەسەرکەری مەترسییە نوێیەکانە.

هۆکاری شکستی "خولی دەوحە" ناگەڕێتەوە بۆ لەناوچوونی میکانیزمی مامەڵەی هاوڕەفتاریی (reciprocity) تایبەت بە ریکخراوی بازرگانیی جیهانی، بەڵکو بەهۆی چەند کاروبارێکی دیکەوە، بۆ نموونە لەبەرئەوەی پرسە گرنگەکان سەبارەت بە کەرتی تایبەت لەنێو ئەجێندای میکانیزمی مامەڵەی هاوڕەفتارییدا نەبوون، هەروەها بەهۆی ئەوەی هیچ گرنگییەکی دەرکەوتن و هەڵکشانی چینی لەبەرچاونەگرتبوو. ئەو پرسە نوێیانەی دەیانخەینەڕوو بەهیچ جۆرێک گشتگیر و زۆرتایبەت نین، بەڵکو پێشکەشکردنی گەورەترین هەلە بۆ سەرخستنی میکانیزمی مامەڵەی هاوڕەفتاریی. ئامانجی ناواخنی پێشنیارەکەمان بریتییە لە درککردنی بەوەی لەوانەیە "خولی دەوحە" نەتوانێت بگاتە ئەنجامێکی قایلکەر لە هیچ چوارچێوەیەکی زەمەنی گونجاودا. هەروەها پێویستە لە کۆبوونەوەی وەزاریی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کە وابڕیارە لە دیسەمبەری 2011دا ببەسترێت، پڕۆسەیەکی بەرایی بخرێتەگەڕ بۆ ئەجێنداکە کە گرنگیبدات بە دەرکەوتن و هەڵکشانی چین.

بەڵام چەند پرسیارێکی گرنگ خۆیان دەخەنەڕوو: یەکەمیان پەیوەستە بە پڕۆسەی دانوستان لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، بەتایبەت بوونی پێویستیی بۆ چاکسازیکردن لە کێشەی دیموکراتیی

لەڕادەبەدەر (over-democratization). ”خولی ئۆرۆگوای“ هاوتاییەکی دروستکرد لەنێوان ”دەسەڵاتی دیفاکتۆ“ و ”دەسەڵاتی حکومی یاسا“دا –دەسەڵاتی حکومی یاسا پێشکەش بەو دەوڵەتە بچوک و هەژارانە کرا کە بەشێکی گرنگ نین لە میکانیزمی مامەڵەی هاوڕەفتاریی، ناشتوان بەوجۆرە بن. بە دەربڕینێکی دیکە، بەپێچەوانەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە کە گیرۆدەی نەبوونی دیموکراتیی و کێشەی شەرعییەتە، ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی گیرۆدەی زیادەڕەوییە لە دیموکراتیدا، لەگەڵ ئیمکانیەتی سنوردارکردنی دەسەلات تەنانەت سەبارەت بەوانەش کە لە پشتیوانە سەرەکییەکانی سیستەمەکە نین. لەپێناو بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون لەهەر ئەجێندایەکی ئامانجداردا، پێویستە پڕۆسەی دانوستان دیاریکراو و ڕێکخراوبێت بۆئەوەی دەوڵەتە بچوکەکان کاریگەرییەکیان نەبێت کە لەگەڵ قەبارەی خۆیاندا نەگونجێت. هەروەها لەپێناو ئەوەی هیچ ئەجێندایەکی نوێ تەگەرەی بۆ دروستنەبێت، پێویستە دوو گرەنتی بدرێت بە دەوڵەتە بچوکەکان: بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی بەرکەوتەیان هەبێت لە سوودی هەر ئازادکردنێکی بازرگانیدا، هەروەها بتوانن ئازادبن لە دوورکەوتنەوە لە هەر ئیلتیزاماتێک کە لە بەرژەوەندییان نەبێت.

ئەم ئەجێندا نوێیە دەبێتە بەگەڕخستن و چالاککردنی هێزە بازرگانییە گەورەکان؛ هێزە هەنووکەییەکان –ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوروپا و ژاپۆن- لە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی قەرزەکان و لاوازیی ئاسۆکانی گەشەکردنەوە بەدەست ئیفلیجبوونەوە دەناڵێنن، پێویستییەکی بەپەلەیان بە زیادکردنی بەرهەمهێنان هەیە. بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستیی بەوەیە وەربچەرخێت بەرەو گەشەیەک کەمتر پشت بە بەکاربردن (الاستهلاک) ببەستێت، زیاتر پشت بە وەبەرهێنان و هەناردەکراوەکان ببەستێت، هاوڕەوت لەگەڵ ئەو ئامانجانەی هەناردەکردن کە سەرۆک ئۆبا ڕایگەیاندوون. سەرەڕای گرنگییەکی زیندوو بۆ چاکسازییە ناوخۆییەکان، پێویستە چاکسازییکردن لە بازرگانیی جیهانیدا پێکهاتەیەکی تەواوکار و بەکەڵک

بێت، وەک ئەوەی لە راپۆرتێکی تازەی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکاندا هاتووە (CFR, 2011). کاری ئەجێندای نوێ ئەوەیە بە رێگەیەک لە رێگەکان زەمینەیەک بۆ گەشەکردن بێنێتەئاراوە کە "ئەجێندای دەوحە"ی ئێستا، کە ئەجێندایەکی جێ رەزامەندیی نییە، نەتوانێت فەراهەمی بکات. هەروەها دەکرێت دەوڵەتانی وەک بەرازیل، هندستان، مەکسیک، ئەفریقیای باشوور و کۆریای باشوور، لەڕێگەی ئەجێندایەکەوە هانبدرێن بۆئەوەی بەشێوەیەکی جدی کاربکەن لەگەڵ کێبڕکێیەک، کە لەلایەن چینەوە وەک کێبڕکێیەکی نادادپەروەرانە لێیدەڕوانرێت؛ ئەوەش لەمیانەی چارەسەرکردنی نرخەکانی دراوگۆڕینەوەی دراوەکانەوە کە بە کەمتر لە بەهای خۆی ئەنجامدەدریت، ئەمەش ئەو کێبڕکێیە ئازادیدەکات کە ببێتەهۆی بەفیڕۆدانی دەرامەتە سروشتییەکان بەهۆی ڕێکخستی کۆتەکانی هەناردەکردن و تەکەتولاتە بازرگانییەکانەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئێمە کێشە داهاتوویەکانی سیستەمی بازرگانییمان لە دەوری چین چڕکردۆتەوە، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رۆڵە باڵادەستەی چاوەڕواندەکرێت ئەو وڵاتە بیگێڕێت، بەڵام هاوکات درک بەوەش دەکەین کە دانوستانەکانی داهاتوو هەر بەتەنها دەربارەی چین نابن. بەڵکو لە بوارە دیاریکراوەکاندا بەرژەوەندیی زۆری دەوڵەتانی دیکەش دێتەئاراوە. بۆ نموونە، دەوڵەتانی هەناردەکەر لە ئەمریکای لاتینییەوە دەبنە لایەنی سەرەکی لە بواری کشتوکاڵدا، بەهەمانشێوەش هەناردەکەرانی نەوت لە بوارەکانی پەیوەست بە وزە و وەبەرهێنانی بیانییدا، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا لە گشت کێشەکاندا. بەوجۆرەش، دانوستانەکانی داهاتوو شکڵێکی فرەلایەنییان پێوەدەبێت. پێویستە لەسەر ئاڵوگۆڕکارییکانی کەرتەکان خواستەکانی هەندێک یان گشت ئەم دەوڵەتانە پربکەنەوە. بەڵام وەهای دەبینین کە شکڵی گشتیی کێشەکانی تایبەت بە چین ئەگەری دڵنیاییدان لە گرێبەستی ئاڵوگۆڕکێی قایلکەر بەدیدەهێنێت.

هەروەها بابەتێکی دیکەش هەیە کە بریتییە لە ئامادەیی چین بۆ بەشداریکردن لەم ئەجێندا نوێیەدا. لەگەڵ ئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی سروشتی دڵنیا نین، بەڵام سێ هۆکار هەن کە چاوەڕواندەکرێت کاریگەر بن:

یەکەم، ئەجێنداکە ئەو پرسانە لەخۆدەگرێت کە جێبایەخی گەورەی چینن، وەک: ڕێسای وەبەرهێنانی روون و ئاشکرا، کۆتکردنی ئەو ڕێوشوێنە بازرگانییانەی پەیوەندییان بە گۆڕانی ئاو و هەوا هەیە، ئەمە جگە لە مسۆگەرکردنی گەیشتن بە دەرامەتەکان (نەوت و گاز) و بازاڕەکانی دەرەوە.

دووەم، پێویستە لە ئەنجامی پاشەکشەی خۆرئاواوە، لە کێشمەکێشەکانی سیستەمی بازرگانیی کراوە کەمنەکرێتەوە. ئەگەر گەشەی دەوڵەتە پیشەسازییەکان نەهاتەئاراوە، دابەشکردنی داهات بەرەو خراپتر رۆیشت، هەلە ئابورییەکان روویان لە کزیی کرد، ئەوا سازانی فکریی و سیاسیی بۆ بەرژەوەندیی بازاڕەکراوەکان -کە پرسگەلێکن بەرژەوەندیی بەهێزی چینیان تێدایە- رووبەروی هەڕەشە دەبنەوە. کە بێگومان ئەمەش مژدەیەکی دڵخۆشکەر نییە.

لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکادا -بۆ نموونە- پێنج بیرمەندی پێشەنگ (سیانیان هەڵگری خەڵاتی نۆبڵن) کە خاوەن ناوبانگێکی جیهانیین -کۆچکردوو پۆڵ ساموێڵسن (Paul Samuelson)، ئالان بلیندەر (Alan Blinder)، پۆڵ کرۆگمان (Paul Krugman)، لاری سامەرز (Larry Summers)، مایکڵ سپێنس (Michael Spence)- مەترسیی خۆیان دەربڕیوە دەربارەی کاریگەریی جیهانگیری لە ئابووریی ئەمریکیدا. سەرەڕای ئەوەی گشتیان هۆشدارییانداوە سەبارەت بە داوانەکردنی گرتنەبەری رێوشوێنی پاراستن، بەڵام دەشێت مەترسییەکانیان شەرعییەت ببەخشێت بەم جۆرە سیاسەتانە. ناڵێن کە پاڵپشتیی سیاسیی ڕێککەوتننامە بازرگانییە ئازادەکان تاڕادەیەکیی زۆر لەناو جەماوەردا دابەزیوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، راپرسییەکی

ناوەندی پیو "Pew" کە لە نۆڤەمبەری 2010دا ئەنجامیداوە، ئەوەی دەرەخستووە کە تەنها 28%ی ئەو جەماوەرەی بەشێوەیەکی کلاسیکیی پشتگیریی لە بازرگانیی ئازاد دەکەن پاڵپشتیی خۆیان دەربڕیوە، کە ڕێژەی پاشەکشەی ئەو ژمارەیە دەگاتە 15% لەچاو ساڵی ڕابردوودا. لای خۆیەوە ئەنجامدانی دەستپێشخەریی بازرگانیی نوێ، وەک پێشکەشکردنی هەلی هەناردەکردنی نوێ بۆ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان لێیدەڕوانرێت، ئەگەر یارمەتیدەربێت بۆ لابردنی سەپاندنی ڕێوشوێنی پاراستن.

سێیەم، تەنانەت لەو کێشانەشدا، کە چین هەڵوێستێکی بەرگریی گرتووە، نیشانە سەرەتاییەکان ئاماژەن بۆ بوونی وەرچەرخانی سیاسەتی ناوخۆیی هاوشان لەگەڵ ئەولەویاتە یەکلاکەرەوەکان. بۆ نموونە، وردە وردە چین دەستیکردووە بە گۆڕینی سیاسەتی نرخی دراوگۆڕینەوە، ئەمەش بەهۆی پێویستیی بۆ دامرکاندنەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسان، هەروەها دانانی سنورێک سەبارەت بە پشتبەستن بە هەناردەکراوەکان، لەگەڵ بەنێودەوڵەتیکردنی ڕەنمینبی. بەهەمانشێوە، وڵاتی چین ریوشوێنی خۆی گرتۆتەبەر سەبارەت بە گۆڕانی ئاو و هەوا، بەوپێیە تایبەتمەندییەکی کێبڕکێکارانە لەوەدا دەبینێت کە ببێتە پێشەنگ لە بواری تەکنەلۆژیای سەوزدا، هەورەها بەوپێیەی رووڵەکەمبوونی رووبارە سەهۆڵینەکانی شاخەکانی هیمالایا هەڕەشەیە بۆسەر سەرچاوە ئاوییەکانی. پێدەچێت بەهەمانشێوە چین لەکۆتاییدا بە ئاڕاستەی پێچەوانەی سیاسەتی ئێستای تەکنەلۆژیاوە بجوڵێتەوە، یاخود پێشێلیبکات، لەبەرئەوەی خۆی دەبێتە هەناردەکەری تەکنەلۆژیا. ئەگەر ریفۆرمیستەکانی چین بتوانن پرۆسەی پەیوەندیکردنی چین بە رێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک یەکلایەنە بەکاربهێنن بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکاریی سەرەکی لە سیاسەتەکاندا، بێگومان ئەنجامدانی دانوستانی هاوتاییتر لەگەڵ رێکخراوی بازرگانیی

جیهانیدا، پێدەچێت وا لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێستای چین بکات بۆ هەنگاونان بەرەو ئەو چاکسازییانەی کە بەهەموو جۆرێک لە بەرژەوەندییەکی نیشتیمانیی بازنەفراوانترەوە هەڵقوڵاون. لەم بارەشدا، گەلێک سوودبەخش دەبێت بۆ خودی چین کە روئیا و رۆڵی خۆی ئاشکرابکات لە دروستکردنی سیستەمێکی نوێدا.

بوونی ئاستی هەرە کەمی متمانەی نێوان هاوبەشە بازرگانییەکان لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی دامودەزگایی ناوخۆیی هاوتا، کارێکی زەروورییە بۆ هاریکاریی نێودەوڵەتی. لە دۆخی چیندا، رۆڵی ئاشکرا و ناشەفافی دەوڵەت لە چالاکیی ئابوری لە هەندێک کاتدا، بە دژبەری رێسا و ئیلتیزاماتە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. رێبازی پەیڕەوکراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی بەشداریکردنی دەوڵەت لە توخمە پێکهێنەرەکانیدا -کڕیارەکانی دەوڵەت لە فۆڕمی کڕیارە حکومییەکاندا، سەرمایەگوزارییەکانی دەوڵەت لەمیانەی سندوقەکانی سامانی سیادییەوە- و روونکردنەوەی ئەوەی چۆن دەتوانرێت ئەم توخمانە ببنە جێگەی سەرنجی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان. ئاڕاستەکەی ئێمە چارەسەرێکی نموونەیی پێشکەش ناکات، بەڵام پێدەچێت تێکەڵەیەک لەم ئاڕاستەیە هاوشان لەگەڵ گۆڕانێکی پلەبەپلەیی لە بنەڕەتی ئابووریی چینیدا، ببێتە باشترین رێگە بۆ بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونی مەبەست. بۆ نموونە یەکێک لە گرنگترین ئەو رێگەیانەی کە دەستتێوەردانی دەوڵەتی تێدا دەردەکەوێت، بریتییە لە تەمویلکردنی کەرتی پیشەسازیی چینی لەلایەن بانکە چینییە حکومییەکانەوە بە سوویەکی کەم. لەگەڵ ئەوەشدا، بە تێپەڕبوونی کات، فشارەکان کەڵەکە دەبن –ئەمەش لە ئەنجامی بەردەوامنەبوونی تێکڕاکانی وەبەرهێنان کە خۆی دەدا لە نزیکەی %50ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، هەروەها کەمبوونەوەی پشکی دەستی کار لە کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا- بۆ دوورکەوتنەوە لەم سیمایانەی سەرمایەداریی دەوڵەتیی.

کێشەیەکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە کاتی هەر دەستپێشخەرییەکی نوێی فرەلایەنەوە. تەنانەت ئەگەر هێشتا دە ساڵمان لەبەردەمدا مابێت بۆئەوەی کە چین ببێتە دەوڵەتێکی باڵادەست، بەڵام کاتی گریمانەکراوی پێویست بۆ دانوستان دەربارەی هەر ئەجێندای کارێکی نوێ کە داوابکرێت زوو دەستپێبکرێت، پێنج بۆ دە ساڵ دەخایەنێت. بۆ نموونە، هەر دەستپێشخەرییەکی نوێ ئەگەر لە ساڵی 2012دا بخرێتەڕوو، بەشێوەیەکی واقیعی لە کۆتایی ئەم دەیەیەدا تەواودەبێت، پاشان خستنە بواری جێبەجێکردنی بەندەکانیشی لە کاتێکی داهاتوودا، ئیدی ئەوکاتە پێدەچێت هەژموون و باڵادەستیی چین بووبێتە راستییەکی روون و بەرچاو.

رێکخراوی بازرگانیی جیهانی -کە لەوانەیە هەر بەوجۆرەش بمێنێتەوە- لەنێو گشت دامودەزگا نێودەوڵەتییەکاندا ناوازەیە، بەوپێیەی سەکۆیەکی زیندو و چالاکە بۆ هاریکاریی نێوان دەوڵەتە گەورەکان، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە رەنگە وەک چین ببنە دەوڵەتێکی باڵادەست. سەرەڕای ئەوەی "ئەجێندای دەوحە"ی ئێستا بەرەو پوکانەوە دەچێت، بەڵام هێشتا رێکخراوی بازرگانیی جیهانی زیندووە، بەڵکو ئەگەری گەشانەوە و باڵابوونی هەیە ئەگەر ئەجێندایەکی راست و دروست پیادەبکرێت. ئەو رێکخراوە دەتوانێت پاڵنەرێکی پێویست پێشکەشبکات بۆ گەشەکردنی هێزە ئابورییەکانی ئێستا، هەروەها دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ تۆخکردنەوەی کێبڕکێخوازیی هێزە نوێیەکان. سەبارەت بە چین، دەکرێت هەلێک پێشکەشبکات بۆ جەختکردنەوە لە پەیوەستبوونی بە فرەییەوە، پاشان ببێتە هێزێکی باڵادەستی بێ مەترسی، بەو مانایەی ببێتە ورچی پاندا، نەوەک ئەژدیها.

## سەرچاوەکان:

*Anderson, James E., and Eric van Win coop, (2003). “Gravity with Gravitas: A Solution to the Border Puzzle,” American Economic Review, vol.93 (1), pages 170_192.

*Anderson, Robert D., (2008) “China’s Accession to the WTO Agreement on Government Procurement: Procedural Consideration, Potential Benefits and Challenges, and Implications of the Ongoing Re_negotiation of the Agreement ,” Public Procurement Law Review, Vol.17 (4), pages 161_174.

*Anderson, Robert D., Philippe Pelletier, Kodjo Osei_lah and Anna Caroline Muller, (2011). ”Assessing The Value of Future accessions to the WTO Agreement on Government procurement,“ WTO Staff working Paper No. ERSD_2011_15.

*Bagwell, Kyle W. and Robert W. Staiger (2004). The Economies of the World Trading System, MIT Press, Cambridge.

*Bown, Chad P.(2010) , “ China’s WTO Entry: Antidumping , Safeguards, and Dispute Settlement, “ in Robert C. Feenstra and Shang _Jin Wei (eds) , China’s Growing Role in World Trade , University of Chicago Press, pp. 281_337.

*Bown , Chad P . and Rachel McCulloch (2009). “U.S._ Japan and U.S_ China Trade Conflict: Export Growth, Reciprocity , and The International Trading System , “Journal of Asian Economies vol. 20(6), pp. 669_687.

*Borchert, I., B Gootiiz and A. Mattoo(2010). “ Restrictions on Services Trade and FDI in Developing Countries ,” World Bank, Mimeo.

*Council For Foreign Relations,(2011). U.S Trade and Investment Policy , Independent Task Force Robert No. 67, Andrew H. Card and Thomas A. Daschle (eds.) , Chairs, Edward Alden and Matthew J. Slaughter, Project Directors.

*Celine, William R., and John Williamson. (2008). “Estimates of the Equilibrium Exchange Rate Of the Renminbi : is There a Consensus and If Not, Why Not?” in Morris Goldstein and Nicholas Lardy(eds.), Debating China’s Exchange Rate Policy, Peterson Institute for International

Economics, Washington D.C., pp. 131_168.
*Dunaway , Steven , Lamin leigh , and Xiangming Li. (2006). How Robust are Estimates of Equilibrium Real Exchange Rates : The Case of China. IMF Working Paper no 06/220.
*Eaton, Jonathan, and Samuel Kortum. (2002). «Technology, Geography, and Trade,» Econometrica, 2002, 70(5). Pp. 1741-79.
Fink, Carsten, and Martin Molinuveo (2008), East Asian Free Trade Agreement in Services: Key Architectural Elements, Journal of International Economic Law, Vol.11, Issue 2.Pp. 263-311, 2008.
*Helpman, Elhanan, Marc Meltiz and Yona Rubinstein, (2008) «estimating Trade Flows: Trading Partners And Trading Volumes. « The Quarterly Journal Of Economics, Vol. 123(2), Pages 441-487.
*Johnson and Noguera (2011) , « Accounting for Intermediates: Production Sharing and Trade In Value Added ,» Journal Of International Economies, Forthcoming.
*Kirkegaard, Jacob F. (Forthcoming 2012). Transactional FDI : A New Micro-Level Way Of Estimating Investment Flows With An Application For ASEAN. Peterson Institute For International Economies, Washington, D.C.
*Laborde, David, Martin, William J., and Dominique van der Mennsbrugghe. (2011). « Potential Real Income Effects Of Doha Reforms ,» in William J. Martin and Aadytia Mattoo. (eds), Unfinished Business? The WTO›s Doha Agenda , CEPR, London.
*Marchetti, Juan A., and Martin Roy ,(2009). Opening Markets For Trade in Services: Countries and Sectors in Bilateral And WTO Negotiations, Cambridge m University Press, Cambridge.
*Mattoo, Aaditya, Francis Ng and Arvind Subramanian,(2011). The Elephant in The _ Green Room: China and the Doha Round, Policy Brief, PB11-3, Peterson Institute For International Economics. Washington, D.C, May 2011.
*Mattoo, Aaditya, and Arvind Subramanian (2009) . From Doha to the Next Bretton Woods: A New Multilateral Trade Agenda, Foreign Affairs 88(1): 15-26.
*McDougall, D. And R. Hutt, 1954, Imperial preference: A quantitative

analysis, Economic Journal, Vol.64,233_257.
*OECD (2011), Architectural Policy Monitoring and Evaluation 2011: OECD Countries and Emerging Economies, OECD, Paris, available at http://www.oecd.org/document/32/0,3746, en_2649_37401_48625184_1_1_1_37401,00.html#country.
*Rodrik, Dani, (2009). « Making Room For China in The World Economy,» Paper Prepared For The AEA Session on « Growth in A Partially De-Globalized World".
*Rosen, Dan, And Thilo Hanemann (2009), China›s Changing Outbound Foreign Direct Investment Proflie : Drivers and Policy Implications, Peterson Institute for International Economics, Policy Brief 09_14.
*Schwab, Susan C., (2011). « After Doha: Why the Negotiations Are Doomed and what We Should Do About It, « Foreign Affairs, 90(3).
*Staiger and Skyes (2010), «,Currency Manipulation› and World Trade,» World Trade Review,Vol.9(4), Pp. 583_627
*Stewart, Terence P.(2010). « Evaluating China›s Past and Future Role in The World Trade Organization,» Testimony before the U.S.- China Economic and Security Review Commission. June 9.
*Subramanian, Arvind , and Shang-jin Wei, (2007). « The WTO promotes trade, Strongly but unevenly,» Journal Of International Economics, vol.72(1) , Pages 151-175.
*Subramanian, Arvind , (2011). Eclipse: Living in The Shadow of China›s Economic Dominance, Peterson Institute of International Economics, Washington, DC.
*United States International Trade Commission (ITC), «China: Effects Of Intellectual Property Infringement and Indigenous Innovation Policies on The U.S. Economy,» Investigation 332-519, May 2011.
*World Bank (2008) , _ Rising food prices: Policy Options And World Bank response, http://siteresources.worldbank.Org/NEWS/Resources/Risingfoodprices_backgroundnote_apr08.pdf.
*Wolrd Trade Organization,(2010). Trade Policy Review of China, Report of the Secretariat, WT/TPR/S/230 (26 April 2010.(
*Wolrd Trade Organization,(2011). World Trade Report 2011, The WTO and preferential trade Agreement: From co-existence to coherence, Geneva.

## پەراوێزەکان

**(setondnE)**

1- ئەم بەشە پشتبەستە بە توێژینەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ فرانسیس نیگ (Francis Ng). لەمیانەی شیکارییەکەماندا دوو لە یەکە پیشەسازییەکان دووردەخەینەوە کە بەکاربەرێکی چڕی سامانەکانن: (کانزاکان و سوتەمەنی و ڕۆنەکان و مرواریی و خشڵ) لەگەڵ (بەرد و کانزا بەنرخەکان و ئەڵماس).

2- پێدەچێت لەم ژمارانەدا زیادەڕۆییەک هەبێت سەبارەت بە هەژموونی چین، لەبەرئەوەی بازرگانیی بە پێی تێکڕا دەپێورێت، نەوەک بە بەهای زیادکراو. بڕوانە: (Johnson and Noguera, forchcoming).

3- لەنێو گشت وڵاتان و کەرتەکاندا، بەبەردەوامی چین وەک گرنگترین هاوردەکەر دەردەکەوێت، زۆربەی کاتەکانیش بە بڕی گەورە. بۆنموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کۆی 10 کەرتی هەرە پارێزگاریی لێکراو، چین بەرزترین پشکی هاوردەکراوەکانی 8 لەو کەرتانەی هەیە، کە ڕێژەکانیان لەنێوان 22% بۆ ئەو مادە ڕیشاڵییانەی دەستکردی مرۆڤن لەگەڵ 76% کە بریتییە لە پێڵاو.

4- سەرەڕای تیشک خستنەسەر ئەو ئاستەنگانەی "خولی دەوحە" ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەهۆی هەژموونی چینەوە، بەڵام ئەگەری بوونی هۆکاری دیکە دوورناخەینەوە بۆ ئەو سستییەی توشی خولەکە هاتووە. بۆ نموونە بڕوانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بە شێوەیەکی تەدریجی کارەکانی گران کردووە -لەوانەیە بە ئاستێکی ئەستەم لەڕووی سیاسییەوە- لەڕووی ئەو هەوڵانەی دەیدات بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتی بازرگانیی لە وڵاتانی دیکە.

5- ڕوون نییە کە ئایا هاوسەنگیی وەزیرەکەی بەرازیل لەنێوان سیاسەتی "ئاسانکاریی بڕیی" لەلایەن بانکی یەدەگی فیدڕالیی ئەمریکییەوە، و سیاسەتی "دراوگۆڕینەوەی چینی" پەنادەباتە بەر

جۆرێک لە هاوبەندیی لەگەڵ گروپی "برێکس" یاخود پەنادەباتە بەر باوەڕێکی ڕاستەقینە لە کاریگەرییە هاوشێوەکاندا.

6- پێدەچێت ئەم پێشبینییانە داهات گۆڕاو بن لە بازرگانیدا. ئەگەر هەر گۆڕانکارییەکی لە چەشنی بەشبەشکردنی بەرهەمهێنان ڕوویدات، لەوانەیە پەیوەندییەکانی نێوان بازرگانی و داهاتیش بگۆڕێت.

7- سوودی ئابووریی سەرەکیی دراوی یەدەگ بریتییە توانای قەرزکردنی زۆرترین پارە بە نرخێکی کەمتر لەوەی ئەگەر دراوێکی یەدەگ نەبێت، بەڵام ئەگەر چین ببێتە قەرزدەرێکی پوخت ئەوا ئەم سوودە نرخێکی وەها گەورەی نابێت.

8- ئەوەی سەرنجڕاکێشە ڕاپۆرتەکەی "ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان (CFR 2011)" ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان دوودڵن لەوەی بەوجۆرە لێی بڕوانن کە هاندەر و پشتیوانیکەری پرسەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانین بەتایبەت دژ بە چین، لە ترسی ئەوەی ببێتەهۆی ڕێوشوێنی تۆڵەسێنیی کە ببێتە پوچەڵکردنەوەی هەلەکانی ئێستا بۆ گەیشتن بە بازاڕ، یاخود سوود بە ڕکابەرەکان بگەیەنێت.

9- هەروەها بڕوانە لە: WTO (2010) and Stewart (2010)

10- لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکە بڕیاریدا کە وادیارە چین بە ئاڕاستەیەکی دروستدا دەڕوات لە لەخۆگرتنی چوارچێوەیەکی کارکردن کە پاساو بێت بۆ پشکەکانی بەپێی ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، بەڵام ئەم چوارچێوەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا نەدەگونجا، لەبەرئەوەی هێشتا نەچوبووە مەودای جێبەجێکردنی بەکاربەرانی ناخۆیی.

11- WTO Trade Policy Review, China. Capter 3, page 41, paragraph 70. WTO Document WT/TPR/S/230, World Trade Organization, 4 June 2010.

12- 54%ی هاوردەکردنی سۆیای جیهان بەر وڵاتی چین

دەکەوێت، 98%ی هاوردەکردنی جیهانیی ئەو بەرهەمەش تەنها لە 3 وڵاتەوەیە، کە بریتین لە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەڕازیل و ئەرجەنتین.

13- هەندێک لە بابەتەکانی ئەم بەشە پشتدەبەستێت بەو ئایدیایانەی پێشتر خراونەتەڕوو لەلایەن Mattoo and Subramanian (2009).

14- جێگەی سەرسوڕمان نییە کە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کە بەشێوەیەکی چڕ پشت بە خۆراکی بازاڕە جیهانییەکان دەبەستن، پاڵنەرێکیان بۆ دروستبووبێت بۆ سەپاندنی ڕێساگەلێک بە مەبەستی ڕێکخستنی کۆتوبەندەکانی هەناردەکردن و باجەکان (بۆ نموونە، ژاپۆن و سویسرا لە ساڵی 2000، کۆنگۆ و ئەردەن و کۆریا لە ساڵی 2001دا). بەوپێەی درکیان بەوەکردووە کە مەترسییەکانی هاوردەکەرەکان سەبارەت بە ڕادەی جێمتمانەیی سەرچاوە و هەڵگیراوە خۆراکییەکان ڕەنگە ببێتە کۆسپێک لەبەردەم ئازادکردنی بازرگانییدا، هەروەها هەندێک لە دەوڵەتە هەناردەکەرەکان بەهەمانشێوە داوای سەپاندنی کۆتوبەندی فرەلایەنیان کرد لەسەر مافی بەکارهێنانی کۆتوبەندەکانی هەناردەکردن (بۆ نموونە، گروپی کیرنز و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2000، بەم دواییانەش ژاپۆن و یابان و سویسرا لە ساڵی 2008دا). بڕوانە: Blog (2008). International Economic Law and Policy.

15- ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بە پاراستن کە ئامانجەکەی هاندانی بەکارهێنانی سوتەمەنیی زیندووی بەرهەمی ناوخۆیە، ملکەچی ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی دەبێت سەبارەت بە پەیوەستبوون بە ڕەسمی گومرگیی و ڕەسمەکانی دیکەوە، بەشێوەیەکی ئاسایی چاوەڕواندەکرێت کە پابەندبێت بە کەمکردنەوەی پاراستن، ئەویش بەگوێرەی دانوستانەکانی "ئەجێندای دەوحە" کە تایبەت بوون بە کەمکردنەوەی ڕەسمی گومرگیی تایبەت بە (ئیسانۆڵ)ی کشتوکاڵیی و دیزڵی زیندووی ناکشتوکاڵی. یەکێک

له‌ سیما سه‌رنجڕاكێشه‌كانی ئه‌و دانوستانانه‌ی كه‌ ده‌كرێن ئه‌وه‌یه‌ كه‌ پاراستنی گرنگی ئیسانۆڵ -كه‌ سه‌رچاوه‌كانی ئیسانۆڵ له‌ سه‌رچاوه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی كه‌م خه‌رجییه‌وه‌ گۆڕاون بۆ پشتبه‌ستن به‌ به‌رهه‌مه‌كه‌ له‌ تۆوی ناوخۆییه‌وه‌- له‌ئێستادا ملكه‌چی كه‌مكردنه‌وه‌ی گه‌وره‌ نابیت له‌ ڕه‌سمه‌ گومرگییه‌كاندا، له‌به‌رئه‌وه‌ی زۆربه‌ی ئه‌م پاراستنه‌ بڕیاری له‌سه‌ر دراوه‌ به‌ پۆلێنكردنی له‌ژێر به‌ندی "ڕه‌سم و خه‌رجییه‌كانی دیكه‌"دا.

16- ستیگه‌ر و سكایز (Staiger and Sykes, 2010) ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌ده‌ن كه‌ ئه‌گه‌ر گریمان ته‌رازووی بازرگانی جێگیره‌، یاخود یه‌كسانه‌ به‌ "سفر"، ئیدی نرخپێدانی دراو به‌ كه‌متر له‌ به‌های خۆی، به‌پێی تیۆرییه‌كه‌ی "ئابا لیرنه‌ر Abba Lerner" هیچ كاریگه‌رییه‌كی له‌سه‌ر بازرگانی نابێت، به‌وجۆره‌ ڕۆڵی ڕێكخراوی بازرگانیی جیهانی په‌یوه‌ست به‌ نرخی دراوگۆڕینه‌وه‌وه‌ دوورده‌خرێته‌وه‌. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، ئه‌و ئه‌نجامه‌ی پێیگه‌یشتوون له‌سه‌ر گریمانه‌یه‌كی سه‌ره‌كی و هاوكات ناواقیعی ڕاوه‌ستاوه‌، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ته‌رازووی بازرگانی بریتیبێت له‌ سفر، یان جێگیر بێت. به‌ كاڵبوونه‌وه‌ی ئه‌م گریمانه‌یه‌، ده‌كرێت نرخپێدانی دراو به‌ كه‌متر له‌ به‌های خۆی كاریگه‌رییه‌كی به‌رچاوی هه‌بێت له‌ بازرگانییدا؛ پاشان پرسه‌ گرنگه‌كه‌ بریتییه‌ له‌ چوارچێوه‌یه‌كی نێوده‌وڵه‌تیی دامه‌زراوه‌یی بێگه‌رد بۆ هاریكاریی كاریگه‌ر سه‌باره‌ت به‌ نرخه‌كانی دراوگۆڕینه‌وه‌.

17- له‌ڕاستیدا، ژماره‌یه‌كی كه‌می میكانیزمی جێبه‌جێكردنی هه‌رێمیی بوونیان هه‌یه‌ - "نافتا NAFTA"ی تێدا نییه‌، كه‌ پێشكه‌وتووترینیه‌- كه‌ خاوه‌ن متمانه‌یه‌كی جێباوه‌ڕی ڕێكخراوی بازرگانیی جیهانی بن بۆ نه‌هێشتنی ناكۆكییه‌كان. بۆ نموونه‌، ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا له‌بری "نافتا" ڕێكخراوی بازرگانیی جیهانی هه‌ڵبژاردووه‌ وه‌ك سه‌كۆیه‌ك بۆ سكاڵا سه‌ركه‌وتووه‌كانی دژ به‌ سیاسه‌تی په‌یوه‌ندییه‌ ته‌لدار و بێته‌له‌كان له‌ مه‌كسیك.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاڵتۆسێر | 84 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | سپینۆزا | 85 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | پۆپەر | 86 |
| 2016 | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | دۆرکهایم | 87 |
| 2016 | ئارام مەحمود | دریدا | 88 |
| 2016 | ماجد خەلیل | لیوتار | 89 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | لینین1 | 90 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | لینین2 | 91 |
| 2016 | پێشڕەو محەمەد | ترۆتسکی | 92 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | بێرتراند راسڵ | 93 |
| 2016 | ب- لیڤا | پۆپۆلیزم1 | 94 |
| 2016 | ب- لیڤا | پۆپۆلیزم2 | 95 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئەفلاتوون | 96 |
| 2016 | ئاکام بەسیم | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 97 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 98 |
| 2016 | شاسوار کەمال | کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | تۆتالیتاریزم1 | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | تۆتالیتاریزم2 | |
| 2016 | موصلّح شێخ ئیسلامی | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵلا کەریم | سێگۆشەی گڕگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | 104 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | سۆران عەلی | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | 105 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | 106 |
| 2016 | سۆران عەلی | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | 107 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵلا کەریم | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | 108 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | 109 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵلا کەریم | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | 110 |